# کورتە باسێکی
# مەتریالیزمی دیالەکتیک

نووسینی

بودستنیک و یاخود

هەواڵنامەی کتێب

وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە

دکتۆر مەجید

چاپی یەکەم
سالی ١٩٨٨

هەواڵنامەی کتێب

کورته باسێکی مەتریالیزمی دیالەکتیك
نووسینی : بودستنیك و یاخود
وەرگێڕانی له عەرەبیەوه : دکتۆر مەجید
بنکەی هەنگاو بۆ بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری کوردی لەچاپی داوه
چاپی یەکەم ساڵی ١٩٨٨ ستۆکهۆڵم

پێشکەشە:-

به نەوەی نوێی گەلەکەم

هەواڵنامەی کتێب

## پیشەکی وەرگیر

تەمەنم لە پانزە سالان تێپەڕی نەکردبوو کە زۆر بە پەرۆشی و تامەزرۆیی یەوە خولیای خوێندنەوەی شیعرو ئەدەبی کوردی بووبووم بەگەرمی هات و چۆی کتێبخانەی گشتیم دەکرد لە هەولێر هەر ئەو خوێندنەوەیە وای لێکردبووم کە ببم بە هاوڕێی گەنجانی بە تەمەن لە خۆم گەورەتر وە باوەخۆش تر •

لە نزیک مالی ئێمە باخچەیەك هەبوو کە قوتابی یان دەرسیان لێ دەخوێند وەئەم باخچەیە هەر خۆی کت و مت قوتابخانەیەك بوو ، جورەها جم و جوڵی تیا دەکرا • هاوڕێکانم زۆر باسی مێژووی کوردیان دەکرد و گفت و گۆیان دەربارەی شۆڕشەکانی کورد دەکرد منیش تەنها گوێم لێ دەگرتن ، لەبەر ئەوەی تائەو کاتە هیچم دەربارەی ئەو باسانە نەدەزانی •بەلام ڕۆژ بە ڕۆژ زیدەتر هەستم بە کەم و کوڕی و نەزانی خۆم دەکرد لەم بوارەدا •

بۆ زیاتر نزیك بوونەوە لەم گەنجانە منیش دەستم کرد بە خوێندنەوەی هەندێ پەرتووك لەم بارەیەوە• دیارە هەموو شت لە گەشە کردن دایە،هەرچەند زیاترم دەخوێندەوە ، هەستم دەکرد ئەوە زۆر کەمترە لەوەی کە پێویستە بیزانم،ە دەوروبەری سالی (١٩٧٢) بووگوێم لێ دەبوو هاوڕێیەکانم باسی هەندێ شتیان دەکرد کەمن بەر گوێم نەکەوتبوون ، وەك مارکسیزم ، مەتریالیزمی دیالیکتیك • چاکم لەبیرە ، سالی ١٩٧٣ کە بۆیەکەم جار کورتەباسیکم دەربارەی مەتریالیزمی دیالەکتیك خوێندەوە بەزمانی عەرەبی • زور پێی لە خۆبایی بووم ، بگرە لافیشم پێ لێدەدا کە لای هاوڕێکانم دەمووت دیالەکتیکم خوێندوتەوە •

سالی ١٩٧٤ له كوليجی پزیشكی وەرگیرام ، ئەوەش دەرفەتێكی باش بوو بۆ ئەوەی زیاتر پەكردار لە دیالەكتیك نزیك ببمەوە ٠ سالی ١٩٧٥ دوای هەرەسەكە مالی ئیمەشی یان بۆ خوارەوەی عیراق دوور ـ خستەوە ٠ تا ئەو وەختە بۆخۆم زانیاریم زیادكردبوو لە فیزیا ،كیمیا و بایولوجی ٠ له سالی ١٩٧٧ له شاری (رەمادی ) بو جـــاری دووەم مەتریالیزمی دیالەكتیكم خوێندەوە ، بەلام كەتەواوم كرد گەیشتمــە ئەو قەناعەتەی كە جاری یەكەم هیچی لی تی نەگەیشتبووم ٠

سال هاتن و سال رۆیشتن من له سالی ١٩٨٠ بووم بە پێشمەرگە ، وە له سالی ١٩٨١ برینداركرام ٠ وەله ئەنجامی ئەمە پەراگەنـــــدەی ئەوروپا بووم ٠

دوای دووسال لە نەخۆشخانەكەوتن و هاتوچوكردن ، پشویكم دا ٠ هاوەلیكی ماركسی زانم زۆری هاندام كه مەتریالیزمی دیالەكتیك له عەرەبی یەوە وەرگیرمە سەر كوردی ٠

چۆن وەرم گیڕاوە :ـ

ئەم پەرتووكەم بە ووردی بە زمانی عەرەبی خوێندەوە ، دیســـان گەیشتمە ئەو ئەنجامە : كە دوو جارەكەی پیشوو لـــە بـابـەتـی دیالەكتیك هیچی وام هەل نەكراندبوو ٠ پاش ئەو هەموو هێنـــان و بردنە دەستم كردە وەرگێڕانی پەرتووكەكە ٠

ئەم پەرتووكەم ووشە بە ووشە نەكردووە بە كوردی ، تەنها هەولـم داوە مەتریالیزمی دیالەكتیك ، بە پیی ئەم پەرتووكە بە كوردی بـو خوێنەران باس بكەم ، بە نیازی ئەوەی خوێنەری كورد بە زمانی خـوی ئەم باسە بخوێنیتەوە ٠

نازانم تا چ رادەیێك ئامانجم پیكاوە وەلە چەند شوین بە هەلـــە داچووم ٠ ئەمە ئەركی خوینەرە ٠ كە هەلەكانی دەست نیشان بكات ، بەتایبەت من زور حەز بەگوێ گرتن لە ئاموژگاری دەكەم ٠

هەواڵنامەی كتێب

ئەوەی شارەزابی دەزانی تەنها کاری وەرگیران زور دژوارە • ئینجا دەبی وەرگیرانی مەتریالیزمی دیالەکتیك لە عەرەبی یەوە بو کوردی بی بوونی هیچ فەرهەنگ و سەرچاوەییك بە کوردی چون بن •

دکتور مەجید
5/7/1987
Uppsala

هەواڵنامەی کتێب

## پێشەکی دانەران

ئەم پەرتووکە پێشکەش بە خوێندەواران دەکەین بە نیازی ئاگادار-کردنیان لە بۆچوون و مەسەلە بنچینەیی یەکانی مەتریالیزمی دیالەکتیك کە یەکێکە لە بەشە پێك هێنەرەکانی فەلسەفەی مارکسیزم لینینیزم • دانەران ئەوەیان ڕەچاو کردووە کە خوێنەر بۆ یەکەم جار فەلسەفەی ( م•ل ) دەخوێنێتەوە بۆیە هەولیان داوە بەشێوەیەکی سووك و ئاسان گوتەو تێگەیشتنەکانی مەتریالیزمی دیالەکتیك ڕوون بکەنە-وە بە هێنانەوەی نموونەی ئاسان و ڕوون لە بارەی زانست و ژیانی کۆمەلایەتی ، دانەران هیوادارن ئەم پەرتووکە سوودبەخش بێت بۆ ئەوانەی دەیانەوێ لە فەلسەفەی ( م•ل ) ئاگاداربن •

دانەران

هەولێرنامەی کتێب

### فەلسەفەی مارکسیزم بریتی یە لە مەتریالیزمی دیالەکتیک

- فەلسەفە چی یە ؟ تاقی کردنەوەکانی رۆژانە فێرمان دەکەن کە بۆ ئەوەی بەراستی لە رووداوەکانی جیهانی دەوروبەرمان بگەین پێویستە پەنا بەرینە بەر سیستەمێکی زانستی تەواو بۆ تێ روانین لە ژیان ، جیهان ، لەهەموو دیاردەو رووداوەکان . ئەم سیستەمە لە سەر مرۆڤ پێویست دەکات نەک تەنها هۆی رووداوەکان روون بکاتەوە بەڵکو دەبێ شوێنی لە جیهان دیار بکات و کار بکاتە سەر ئەم رووداوانە بە شێوەیەکی کاریگەر بو ئەوەی هاوبەشی بکات لەخەباتی رزگاری کە ئەمرو لە پەرەسەندن دایە . بەشێوەیەکی تر دەتوانین بڵێین ناتوانین لە رووداوەکان بگەین ئەگەر پەنا نەبەینە بەر دیدێکی دروست بۆ جیهان ، ئەم دیدەی کە نوێنەری سەرجەمی تێگەیشتنەکانە بۆ ژیان ، هەموو جیهان ، بۆ رووداوو دیاردەکان . ئەم جۆرەزانیاری یە لە فەلسەفە دەست دەکەوێ . واتە بنیات کەرانی ژیانی تازە پێویستیان بە فەلسەفە هەیە وەك پێویستیان بە هەوا . ئەوەی فەلسەفە بخوێنێ بیری باس لی کردنی تیا دەروێ . ووردبوونەوەو تێ روانینی بۆ جیهان فراوانتر دەبێ . ووشەی ( فەلسەفە ) بە زمانی یونانی کۆن واتە ( خۆشەویستی زانست ) . دەبێ ئەوەمان لەبەر چاوبێت کە مەرج نیە هەر فەلسەفەیەك دیدێکی دروستی بۆ جیهان هەبێت . هەندێ لە زاناکان بەتایبەتی لە وولاتە ئیمپریالیستیەکان رووداوەکانی جیهان دەشێوێنن . ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە لەتوانای هەر فەلسەفەیەك دانی یە ببێتە رابەر بۆ ژیان . لەبەر ئەوەی مەرج نی یە هەر دیدێك بۆ جیهان راست بێت . فەلسەفەی زانستی ئەوەیە کە توانای هەبێت دیدێکی زانستانە بە جیهان ببەخشێت ، تاقی کردنەوە دەی سەلمێنی کە خەڵك تەنها بە تێگەیشتن لە زانیاری یەکانی فەلسەفەی زانستی دەبنە خاوەن باوەڕێکی پتەو ومخۆیان بەخت دەکەن و بەرگری لە ئازادی و سەربەخۆیی وولاتەکەیان دەکەن و بەرژەوەندی گەلەکەیان .

ئەم باوەڕە بە ( ڕاستی بۆ چوونەکان ) خەڵك هان دەدات بۆ هەڵسان بەکاری بەرز بەناوی ئاشتی و خۆشحاڵی لەسەر زەوی . کەواتە ئەم گرنگی یە زۆرەی فەلسەفە بەچی لێك دەدرێتەوە ؟ فیزیاو بیولوژی و زانستی ئەستێرە ناسی تەنها ئەو یاسایانە باس دەکەن کە بەشێك لە دیاردەکانی سروشت دەگرنەوە . بەلام فەلسەفە یاسای فراوانتر باس دەکات کە هەموو دیاردەکانی جیهان دەگریتەوە . ئەو یاسایانەی کە بە پێی ئەوانەوە هەموو جیهان گەشە دەکات . واتە فەلسەفە بریتی یە لە زانیاری یاسا فراوانەکان ، بۆ گەشەکردنی سروشت و کۆمەڵ و بیری مرۆڤایەتی . بەلام ئەمە هەلەیە ئەگەر ئێمە واتی بگەین کە فەلسەفە دەتوانی زانیارییەکانی تر بەلاوەبنی باسەرنج بدەینە ئەمەی خوارەوە :ـ

فەلسەفە یەکێکە لە زانستە کۆنەکان لە نیوان هەموو ئەو مەسەلانەی فەلسەفە باسیان دەکات مەسەلەیەکی بنچینەیی هەیە کە شیکردنەوەی بەندە بە جۆری فەلسەفەکە . کەواتە ناوەڕۆکی مەسەلەی بنچینەیی لە فەلسەفە چی یە ؟ ئێمە لەو جیهانەدا ڕوو بەرووی زۆر شت و ڕووداو دەبینەوە هەندێکی وەك : بەرد ، دار ، هەورە تریشقە ، ئاو، گیاندار ڕووەك . بوونی ئەمانە سەربەخۆیە لە هوش و دەرکی مرۆڤ . ئێمە هەست بەبوونی ئەوانە دەکەین بەهۆی کاری ئەوانە لەسەر ئۆرگانەکانی هەست ، دەتوانین بیان بینین ، دەستیان لی بدەین ، بیانکێشین بیان پێوین ، بەلام هەندی دیاردەی تر هەن وەك بیر ، هەست ، ئیرادە ، ئارەزوو ، ناتوانین ئەمانە ببینین ، وناشێ بیان کێشین و بیان پێوین . ئەم دیاردانە تەنها لە مرۆڤ هەن . کەواتە دووبەشە دیاردە لە جیهان دا هەن . هەندێکیان سەربەخۆن و لە هۆشی ئێمەو بە شێوەیەکی بابەتی ( بۆ خۆیان ) هەن . ئەمانە پێ یان دەوترێ دیاردە ( مەتریالیستەکان ) بەشەکەی تر لە دیاردەکان تەنها لە هۆشی ئێمە

دا هەن • ئەمانە پێ یان دەوترێ دیاردە ( ئیدیالیستەکان) لێرە ئەو مەسەلەیە دەکەوێتە روو ئا یا پەیوەندی لەنێوان دیاردە مەتریالیست و ئیدالیستەکان چی یە ؟ کامەیان پێش ئەوی تریان دەکەوێ ؟ دیاردە مەتریالیستەکان پێش دیاردە ئیدیالیستەکان دەکەون یان بە پێچەوانەیە • یان کامە بەیەکەم دادەنرێ جیهانی مەتریالیستی سروشت یان هۆش ؟ ئەمە لایەکە لە مەسەلەی بنچینەیی هەر فەلسەفەیەك• لایەکی تری مەسەلەی بنچینەی فەلسەفە ئەوەیە ئایا مرۆڤ دەتوانێ لە جیهان بگات ، وەبۆچوونێکی راستی بۆی هەبێ؟ یان ئەمە لە توانای دانی یە ؟ فەیلەسووفەکان بە شێوەی جیاجیا وەلامی ئەم پرسیارە دەدەنەوە • فەیلەسووفەکان بەپێی چۆنیەتی شی کردنەوەی ئەم مەسەلە بنچینەییە دەبنە دوو بەشی گەورە : ئەو فەیلەسووفانەی دەڵێن مەتریالیست ( سروشت ) یەکەم جار هەبووەو هۆش. دەرك پی کردن بەرهەمی ئەون • ئەمانە ئۆردوگای ( مەتریالیست ) پێك دێنن لە فەلسەفە • بەلام ئەو فەیلەسووفانەی هۆش بەیەکەمین دادەنێن و سروشت بەبەرهەمی ئەو دەزانن ، ئەمانە ئۆردوگای ( ئیدیالیست ) پێك دێنن لە فەلسەفە • لەمەدا جیاوازی سەرەکی نیوان ئەم دوو ئوردووگایە دەردەکەوێ • پێش زیاتر لە( ٢٥٠٠ ) ساڵ ئەم دوو ئۆردووگایەی فەلسەفە ، ئەم دوو ریبازەجیایە هەن و ململانی دەکەن • مەتریالیستەکان بە هۆی دەسکەوتەکانی زانست بە روونی دەی سەلمێنن کە شت و دیاردەکانی دەوروبەرمان بە شێوەیەکی سەربەخۆ دوور لە هۆشی ئێمە هەن • بۆ نموونە زەوی ، هەورە تریشقە و رەخت ••• هتد • سەربەخۆن لە مرۆڤ و هۆش ، جگە لەمەشدا زانست سەلماندوویەتی کە پێش پەیدابوونی مرۆڤ و هۆش لەسەر زەوی جیهان هەبووە• ویرای دەست کەوتەکانی زانست ئیدیالیستەکان دەلێن جیهان و گشت دیاردەو شتەکان بەرهەمی هوشن • ئەوان لەو

باوەڕەدان کە لەسەرەتادا بیر هەبووە، پاشان بیر شتی دروست کردووە. مێژووی فەلسەفە دوو ڕێبازی ئیدیالیزمی دیوە : ( ئیدیالیزمی بابەتی ) و ( ئیدیالیزمی زاتی ) بە شێوەیەکی گشتی ( بابەت ) ئەوەیە کە لە دەرەوەی مرۆڤ هەیە و سەربەخۆیە لە هۆشی مرۆڤ . هەندێ لە ( ئیدیالیستەکان ) دەڵێن : بیرێکی بابەتی هەیە جیهانی دروست کردووە ، بۆیە بەمانە دەوتری ( ئیدیالیستی بابەتی ) . لەوانە فەیلەسووفی کۆنی یونانی ( ئەفلاتوون ) وە فەیلەسووفی ئەلمانی لە سەدەی نوزدەم ( هیگل ) . هەروەها نوێنەرانی فەلسەفەی ڕەسمی کلیسەی کاسۆلیکی - توماسی تازە. بەلام ( زاتی ) ئەوەیە کەمرۆڤێکی دیارکراو جیادەکاتەوەو لە گەلیایەتی . هەندێ لە فەیلەسووفەکان لەوانە فەیلەسووفی ئینگلیزی ( برکلی ) سەدەی هەژدەم دەڵێت : لە ڕاستیدا تەنها مرۆڤ و هۆشی مرۆڤ هەن.(برکلی). لەو باوەڕەدایە کە شت تەنها ئەمکاتە هەیە کە مرۆڤ هەستی پێ دەکات :- دەیبینی ، دەی بیسێ و دەستی لێ دەدات. ئەگەر مرۆڤ بە ئورگانەکانی هەستی پێ نەکرد ئەوا ئەو شتە بوونی نیە . بەڕای ئەم جیهان لە هۆش و دەرك پێ کردن دا هەیە ، کە دەڵێن ئەم شتە هەیە، واتە هەست دەرکی پێ دەکات . ( برکلی ) دەڵێ شت بریتی یە لە هەست پێ کردن ئەمەوەك ئەم رایەیە کە دەڵێ ( زات )(مرۆڤ ) جیهان دروست دەکات وە هەموو جارێ سەرلەنوی دروستی دەکاتەوە ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە هەر مرۆڤ چاوبنوقێنی جیهان نامێنێ . بەم جۆرە ئیدیالیزمە دەوتری ( ئیدیالیزمی زاتی ) تاقی کردنەوەی مرۆڤایەتی : ژیانی ڕۆژانە کە ڕاستی دیدی مەتریالیزمی بۆ جیهان دەسەلمێنن بەرپەرچی ئیدیالیزمی ( بابەتی و زاتی ) دەدەنەوە . مەتریالیستەکان لەو باوەڕەدان کە هەمووشت و دیاردەکانی دەوروبەرمان سەربەخۆ لە هۆشی ئێمە هەن .ئەمە ڕای هەر مرۆڤێکی ساغە . لەبەر ئەوەی

هەواڵنامەی کتێب

ژیان و تاقی کردنەوەی رۆژانە وای فێردەکەن • مەتریالیستەکان ریالیستانە حوکم بەسەر شت دەدەن : لەسەرەتا ئەناناس هەیە، ئێمە دەیبینین و هەستی پێ دەکەین • ئەناناس بە رەوشتە سەربەخۆکانی لە مرۆڤ چەند هەستێکی بابەتی دەبزوێنی وەك ترشی ، شیرینی ،سەوزی ... هتد ئەمە دیدێکی مەتریالیستانەی سەرپێی یە بۆ جیهان• کە خەلك دەیکەن بە رابەر لەژیانی رۆژانەیان • فەیلەسووفە مەتریا - لیستەکان زانایانە ئەم دیدە دەسەلمێنن ، ئەی کەن بە مەتریالیزمێکی هوشیار • بەم شێوەیە مەتریالیزمی فەلسەفە جیایە لەگەل مەتریالیز- می سەرپێیی • مەتریالیزمی هوشیار لەسەر چەند بنچینەیەکی زانستی بینا کراوە و یارمەتی خەلك دەدات بۆ تێگەیشتنی دیاردە - کانی سروشت و رووداوەکانی ژیانی کۆمەلایەتی بە شێوەیەکی راست و دروست • لە ماندی سەرەوە گرنگی مەسەلەی بنچینەیی مان بەسەر دەردەکەوی لە فەلسەفە • هەر لە کۆنەوە تا ئێستا مل ملانێی نێوان
کان
مەتریالیستەکان وئایدیالیستە لەسەر ئەم مەسەلە بنچینەیی یەبەندە •

مل ملانێی فیکری نێوان ئیدیالیزم و مەتریالیزم ئاوێنەی مل ملانێی چینەکانە ، مل ملانێی نێوان هێزە پێشکەوتو خوازەکان و کۆنە پەرستەکانە لە کۆمەل • لەم مل ملانێیە مەتریالیزم هەمیشە بەرگری لە بەرژەوەندی هێزە پیشکەوتوو خوازەکان کردووە لە کۆمەل•

باس کردن و تێگەیشتنی جیهان بەندە بەو رێبازە زانستی یەی فەیلەسووفەکە بەکاری دێنی ، ئەم رێبازەی کە فەلسەفەکە دەتوانێ هەموو دیاردەکانی سروشت و ژیانی کۆمەلایەتی باس بکات • ئەمە گرنگی یەکی گەورەی هەیە بۆ فەلسەفەو زانست •

ئەگەر ئێمە رێبازێکی دروستمان هەلبژارد بۆ دیراسەکردنی سروشت ، واتە پەنامان بردە بەر فەلسەفەی راست دەتوانین سەرکەو- توانە نەهێنی یەکانی سروشت بدۆزینەوە • بەلام ئەگەر رێبازێکی

راستمان هەل نەبژارد ئەوا لە تاریکی دا وون دەبین و ناگەینە ئاما-
نجی دیاری کراو • واتە زانیاری ڕاستمان لەسەر سروشت دەســـــت
ناکەوی •

هەر زانستێك ڕێگای تایبەتی هەیە بۆ باس کردنی دیاردەکـــــان•
بۆ نموونە بایولوجی ئیستا ئەم ڕێگایانە بەکاردێنی:-ڕێگای سەرنج
دان ، ڕێگای تاقی کردنەوە ••• هتد بەلام هەندی زانست ڕێگاکانـــی
بەکار نایەنی تەنها بۆ باس کردنی هەندی لە دیاردەکان نەبی وەهەر
یەکە لە بواری زانیاری خۆی بەلام ئەرکی فەلسەفە بریتی یە لە دیـــار
کردنی ڕێگا بۆ باس کردنی هەموو دیاردەکان لە جیهان بۆ باس کرد-
نی هەندی لە دیاردەکانی سروشت و کۆمەل • واتە گرنگی فەلســـەفە
بریتی یە لە دیارکردنی ڕێگایەکی گشتی فەلسەفە بۆ زانیاری کـــــە
هەموو زانستەکان پەنای دەبەنە بەر جگە لەبەکار هێنانی ریگا تایبە
تی یەکانی خۆیان • کەواتە ڕێگاکانی زانینی جیهانی چی یە کــــە
فەلسەفە بە درێژایی مێژوو بەکاری هێناون • دوو ڕێگای فەلســـەفە
هەیە بو زانینی هەموو دیاردەکان :

یەکیان بریتی یە لە سەرنج دانی گەشەکردن و گۆڕانی بەردەوامـــی
هەموو شت و دیاردەکان • ئەم ریگایە پێی دەوتری ڕێبازی (دیالـــە-
کتیك ) لە رابردوو مانای ووشەی دیالەکتیك جیا بوو لەگەل مانـــای
ئێستای • ڕۆشنبیرە کۆنەکانی یۆنان وا لە ووشەی دیالەکتیـــــــك
گەیشتبوون کە مانای ( شیوەی دان نان بەراستی لە گفتوگو ، لەمـــل
ملانی ی نێوانی بیرورا جیاکانی دێت ، بەلام ئێستا دیالەکتیـــــك
بریتی یە لە ڕێگایەکی فەلسەفە بۆزانینی ڕیالیزم •کە دەلێ هەمـــوو
شت لە جیهان لە گۆڕان و گەشەکردن دایە • هەروەك فەیلەســـووفی
کۆنی یۆنانی( هیراقلیطس) دەلێ هەموو شت دەروا ، هەمووشـــت
دەگۆڕێ ، بەلام ریگاکەی تری فەلسەفە وا دەروانیت هەمـــوو شـــت و

دیاردەکان وەســـتاون ، ناگۆڕێن ، ناجوولێن. ئەم ڕێگایـــە پـێی دەوتری ( میتافیزم ) . بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێ کە( میتافیزم)و ( دیالەکتیك ) دووڕێگای جیان ، بەڵکو دژی یەکترین . بۆ زانینـــی جیهانی کامە لەم دوو ڕێگایەی فەلسەفە دروست و زانســـتی یـە. بێ گومان ئەمەیان ڕاستە کە وا دەڕوانێت شت و دیاردەکان کە لـــە گۆڕان و گەشەکردنی بەردەوام دان ، واتە ڕێگای( دیالەکتیك) ،کەلـە گەڵ ریالیزم دەگونجێ و زانست و تاقی کردنەوەی ڕۆژانـــــە دەی سەلمێنی .

ئاشکرایە ژیان لە شوێنی خۆی ناوەستی بەڵکو لە گۆڕان و گەشە کردن دایە ، بۆ نموونە زۆر لە مێژ نی یە کە ئیمپریالیستە ئینگلیز ەکان دەستیان بەسەر ئەفریقادا گرتبوو ، بەلام ئەمڕۆ زۆربەی زۆری وولاتە ئەفریقایی یەکان سەربەخۆیی خۆیان وەدەست هێناوە و خەبات بۆ دواڕۆژێکی بەختیاربۆ گەلەکانیان دەکەن . ئەمەیە گەشە کـردن ، پێشکەوتن لەژیانی گەلان ، وە هەروەها دیاردەکانی سروشت گەشەدە کەن . واتە دیالەکتیك بە دروستی دیاردەکانی سروشتی کۆمەل بـاس دەکات و ڕێگای ڕاست بۆ ئەم باس کردنە دیار دەکات . دەبێ ئـــەو ڕەچاو بکەین کە ( دیالەکتیك ) بە تەنها نابێتە زانستێکی دروست ئەگەر لەگەڵ مەتریالیزم یەك نەگرێتەوە. بەم یەك گرتنەی ناو فەلسە. فەی مارکسیزم لینینیزم مەتریالیزمی دیالەکتیك دێتەکایەوە .

## پەیدابوونی مەتریالیزمی دیالەکتیـــك

فەلسەفەی مارکسیزم ـ مەتریالیزمی دیالەکتیك لە لایەن ماموستا. یانی بەرزی چینی کرێکار کارل مارکس ( ١٨١٨ـ١٨٨٣ ) وە فریدریـك ئەنگلس ( ١٨٢٠ـ ١٨٩٥ ) دارێژراوە . وە لە ڕۆژگاری تازە زۆرنایا-

بانە لەلایەن سەرکردەی هەموو گەلی کریکار ڤلادیمیر ئیلتش لینین ( ١٨٧٠ـ١٩٢٤ ) گەشەی پی دراوە ، میژووی مروڤایەتی کەسانی بە کاریگەری وەك مارکس و ئەنگلس و لینین ی لەسەر مەسەلەی چارەنووسی مروڤایەتی و گەشەکردنی روشنبیری بە خویەوە نەدیووە ، ئەمانە قارەمانی بیری مروڤایەتی و مەسەلەی شورشگیرین • ئەمانە چاویان هەل بریبی یە دوا روژ ، چارەنووسی داهاتووی گەلانیان بینی ، ریگەو هوکانی گەیشتن بە ژیانی شادو ئازادیان دیارکرد لەسەرزەوی•

ریبازی فەلسەفەی مارکس و ئەنگلس لە ناوەراستی سەدەی نوزدەم دەستی بە گەلالە کردنی کرد لە ژیر سەرەتای بزووتنەوەی کریکاران لە پیناوی رزگاری ئابووری ، رامیاری ، لە چلەکان و پەنجاکانی سەدەی نوزدەهەم سەرەتای خەباتی پرولیتاریا دەستی پی کرد ، لە ئینگلتەرە خەباتی جەماوەری کریکاران لە پیناوی مافەرامیاریەکان پەرەی سەند ، ئەم خەباتە لە میژوو بە بزووتنەوەی ( شارتی )ناسراوە کریکارانی ( لیون ) لە فەرەنسا راپەرین • لە ( سیلیزیا ) لە ئەلمانیا کریکارانی چنین راپەرین • ئەم شەرە سەرەتایی یە چینایەتیانەی نیوان کارو سەرمایە سەرەتای خەباتی رزگاری چینایەتی کریکاران بوو •

ئا بەم شیوەیە ریبازی مارکس ، ئەنگلس دامەزرا لە سەر بناغەی خەباتی رزگاری خوازی پرولیتاریا دژی چەوسانەوە ، وەبوە رادەربرلە بەرژەوەندی یە بنچینەیی یەکانی چینی کریکار وە بووبە بەرنامەی خەباتیان بو سوسیالیزم •

ئەم ریبازە ( تەنها ریگای رزگاربوون لە بەندایەتی سەرمایەداری) بو پرولیتاریای هەموو ولاتانی جیهان روون کردەوە • ریبازی مارکس و ئەنگلس لە گەشەکردنی روشنبیری جیهانیی بە دوور نی یە بەلکو بەرهەمی مروڤایەتی پیشکەوتوو خوازە •

پیش مارکس و ئەنگلس فەلسەفە هەبووەو گەشەی کردووە٠ ڕۆڵی بەرزی ئەم دووانە ئەوەیە کە تێگەیشتنێکی مەتریالیستانەیان داوەتە خەڵك بۆ سروشت ٠ هەروەهها ڕێبازی گەشەکردن( دیالەکتیك) لە دەست کەوتەکانی ئەم فەلسەفەیە ٠

لە کوتایی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نوزدەهەم بەئاشکرا لە فەلسەفەی ئەڵمانی دیاربوو کە نزیکترین فەیلەسووفەکانی پێشی مارکس و ئەنگلس فەیلەسووفی ئیدیالیستی بەناوبانگ جورج هیگل (١٧٧٠-١٨٣١ ) وە فەیلەسووفی مەتریالیستی ئەڵمانی دیارکودڤیك فیورباخ (١٨٠٤-١٨٧٢) ٠ ڕێبازی فەلسەفەی هیگل نرخێکی گەورەی هەبووە لەبەر ئەوەی بیری گەشەکردنی ( دیالەکتیك ) ی تیابوو ٠بەلام ڕێبازی فەلسەفەی فیورباخ لە کاتی خۆی بریتی بوو لە قەشەنگترین تێگەیشتنی مەتریالیستانەبۆ سروشت٠ فیورباخ سەرلەنوەی پێویستی خەباتی خستەڕوو دژی ئیمپیریالیزم٠ پێویستیەکانی بەرهەم هێنان بەهۆی سەرمایەداری ؛ زانستە سروشتیەکان بەخێرایی گەشەیان کرد٠ بۆ نموونە لە فیزیا باسکردنی دیاردە سروشتیەکانی وەك گەرمایی ، مەگناتیس ، کارەبا ، ئەم باسانەسەرکەوتووانەبەرەو پێش دەچوون ٠ وەلە کیمیا باسی زۆرٚ مەتریال ( مادە) کراوەچەند ئاویتە(مرکب) لەمانە دروست کرا وەسەرکەوتنی گەورە لە جیولوجیا وەدەست هێنرا ئەم سەرکەوتنانە لە زانستی سروشت ڕێی بو شت دوزینەوە خۆش کرد

١ CELL ( خانە ) دوزرایەوە ٠ زانایان سەلماندیان کە هەموو ئۆرگانەکانی گیاندارو رووەك لە هەموو جۆرە خانەپێك دێت٠ ئەم دوزینەوە یەکیتی پێك هێنانی سروشتی زیندووی سەلماند ٠

٢ یەکێ لە یاسا بنچینەیی یەکانی سروشت دوزرایەوە ئەویش یاسای پاراستن و گۆڕانی ووزەیە ٠ بە پێی ئەم یاسادوزراوەیە ووزە لە ناو نابردری و ناهێنریتە کایەوە ، وەك ئەومەتریالەی هەڵی دەگری بەڵکو

لەهەندی باری تایبەتی لە شێوەیەك دەگۆڕی بۆ شێوەیەکی تر . بۆ نموونە لە کاتی لێدان و لێك خشان ووزەی میکانیکی دەبێتە گەرمایی بەلاّم لە مەنجەل و توربینە هەلمیەکان ووزەی گەرمایی دەبێتە ووزەی میکانیکی و کارەبایی . ئەم دۆزینەوە پەیوەندی نیوان جۆرەکانی ووزەی سەلماند .

٣- ڕێبازی زانایی سروشتی ئینگلیز ( شارلز داروین) (١٨٠٩-١٨٨٢ ) پەیدابوو دەربارەی پنج و بناوانی گیاندار و رووەك. بەم ریبازە دەوتری ( داروینزم ) . داروین دەستەگوڵی خوی لە میتافیزم وەشاند کە دژی دیالەکتیك بوو ، سەلماندی کە هەموو رووەك وگیاندارەکان دووای چەند ملیون سالیك گەشەکردن پەیدابوون . ئەم دۆزینەوە بە نرخانە لە زانست سنووری دیدی تەسکی میتافیزیان شکاند . لای زاناکانی ئەو سەردەمەوە ریی ئەوە خوش کراوە کە بەدیدیکی تازەتر برواندرێتە سروشت . لەبەر ڕۆشنایی ئەم دۆزینەوانەی لە ئارادا کە سروشت وەك شتیکی وەستاو سەیر بکرێت ، وەدەرکەوت کە سروشت بە تیکرایی لە بچوکترین تەنەوە تا گەورەترین ئەستیرە ، لە سادەترین خانە تا ئادەمیزاد ئەوانە هەموویان لە جوولەوگۆڕانی بەردەوامن زانستی میژوو بە رۆلی خوی سەلماندی کە ژیانی کومەلایەتی لە شوین خوی ناوەستی ، بەلکو دەگۆڕی . لە کومەل چینەکان هەن و مل ملانێی چینایەتی هەیە . لەسەر ئەم بناغەیە شۆرشە بورژواکان لە ئینگلتەرا و فەرەنسا بەرپابوون و بەسەر رژیمی دەرەبەگایەتیون زال بوون . بەکورتی پوختەی گەشەکردنی زانستی سروشت و کۆمەل ئەوە روون دەکەنەوە کە دیدی ( میتافیزم ) کاتی بەسەرچووەوپیویستە دیدیکی تازە ( دیالەکتیك ) شوێنی بگریتەوە. مارکس و ئەنگلس سوودیان لە هەموو شتیکی پیشکەوتوخوازو گرانبەها وەردەگرت کە پیش ئەوان زانست سەلماندبووی وەلەمەش زیاتر دەسکەوتەکانی

بیری مرۆڤایەتی پیشرەویان بە پێی بەرژەوەندی پرولیتاریا وکارگەران دادەڕشت ، گۆڕانیکی شۆڕشگیرانەیان لەزانست هیناکایەوە. فەلسەفە ، ئابوری ، ڕامیاری ، ریبازی سوسیالیزم وە لە بوارەکانی تری زانیاری مرۆڤایەتی زانستیکی شورشگیری تازەیان هیناکایەوە کە پێی دەوترێ ( مارکسیزم ) • بەرزترین بەرهەمی وەرچەرخانیە شۆڕشگێریەکەی مارکس ئەنگلس لە زانست دامەزراندنی فەلسەفەی مارکسیزمە ، واتە مەتریالیزمی دیالەکتیك • ئەمە دیدیکی شۆڕشگێڕانەی تازەبوو بۆ جیهان • مارکس ڕوونی کردەوە کە لە ڕابردوو فەیلەسووفەکان تەنها جیهانیان شی کردوتەوەوە بەلام گرنگ گۆڕینی یەتی • بورژوا ئیمپریالیستەکان گۆڕینی جیهانیان لا گرنگ نی یە • ڕژیمیان گرتوتە دەست و دەیانەوێ ڕژیمی سەرمایەداری تاسەر بمینی بەلام پرولیتاریا و گشت کارگەران بەرژەوندیکی زیندوویان هەیە لە گۆڕینی جیهانی کۆن وە بنیات نانی کۆمەلگای سوسیالیزم بێ بوونی چینایەتي • ئەم ئامانجەشیان بە پێچەوانەی گەشەکردنی کۆمەل نی یە بەلکو لەگەل یاساکانی میژووە• پرولیتاریا کە لە هەموو چینەکان پیشکەوتوو تر و شۆڕشگێڕترە لەناو کۆمەل وەسەرکەردەی ڕەنجدەرە چەوساوەکانە وە دەتوانێ ببێتە داهینەری کۆمەلگای سوسیالیستی تازە • فەلسەفەی کۆن لە توانای دانەبووە بگاتە ئەم ئامانجە بەلکو جیابوو لە ژیانی گەل و بەرژەوەندی جەماوەری چەوساوەکان • لە پێناوی ئەم ئامانجە پیروزەی پرولیتاریا خەباتی دەکرد ، بۆ بەدی هینانی پێویستی بە فەلسەفەیەکی تازەی شۆڕشگێڕ هەبوو • نەك بۆ لیك دانەوەو باس کردنی جیهان بەلکو بۆ گۆڕینی بە شیوەیەکی شۆڕشگێڕانە • فەلسەفەی مارکسیزم ( مەتریالیزمی دیالەکتیك) ئەم فەلسەفە تازە شۆڕشگێڕیە بۆ ڕەنجدەران ، مارکس و ئەنگلس باشتر لەوە گەیشتبوون کە لەکاتی دارشتنی دیدیکی تازە بۆ جیهان

ناشێ فەلسەفەی کۆن بەیەکجاری پشت گوێ بخرێ بەڵکو دەبێ سەر لە نوێ بەشێوەیەکی رەخنەگرانە دارشترێتەوە ودەست کەوتە بەرزەکانی بیری مرۆڤایەتی پێشرەو بپارێزرێن. واتە دیدی مەتریالیزمی دیالە- کتیك ٠ ئەوە ئەنجام نادات ئەگەر بەسەر کەم و کوریەکانی فەلسەفەی کۆن دا زال نەبین ٠ کەواتە کەم و کوریەکانی فەلسەفەی کۆن چین ؟ مەتریالیزمی کۆن ( میتافیزی ) بوو لەبەرئەوەی سروشتی وەك شتێکی وەستاوو نەگۆر دەبینی ٠ لە سەدەکانی حەڤدەهەم و هەژدەهەم دازانرا کە رۆژ و ئەستێرەو مانگەکانی بەدەوری زەوی دەخولێنەوە تاسەر هەر دەمیننەوەو ناگۆرێن ٠ ئەم دیدە بۆ سروشتی زیندوش چەسپابوو ،مەتر یالیستە کۆنەکان بە فیورباخەوە رۆلی بە نرخی چالاکانەی خەلکیان رەچاو نەدەکرد ٠ تەنها کاری سروشتیان لەسەر مروڤ دەبینی و بە پیچەوانەی ئەوەیان نەدەبینی واتە کاری مروڤ لەسەر سروشت ٠ هەر بەو بۆنەیەوە دەڵێن خەلك تەنها لە جیهان رانامینن بەڵکو کاری تێ دەکەن و دەی گۆرن ، بۆ نموونە بەبەردەوامی خەلك بەرهەمیان باشتر، و ئامێری تازەی بەرهەم هێنان دیننە کایەوەو رژێمی کومەلایەتی دەگۆرن و کومەلگای تازە دیننەکایەوە٠ باشە ئەو کەم و کوریەی مەتریالیزمی کۆن بەچی لیك دەدرێتەوە ؟

ئەم کەم و کوریە دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە مەتریالیزمی کۆن تاسەر تەواو راست نەبووە ، خاوەنەکانی تەنها لەلیك دانەوەی دیاردەکانی سروشت مەتریالیست بوون ، بەلام بۆ لیك دانەوەی دیاردەکانی ژیانی کۆمەلایەتی وەك ئیدیالیستەکان بوون لە کاتی لیك دانەوەی دیاردەکانی سروشت لەو بروایە دابوون کە سروشت یەکەمین و هۆش دوا ناوەندی یە و بەرهەمی سروشتە ٠ بەلام کە بهاتبانە لیك دانەوەی دیاردەکانی ژیانی کۆمەلایەتی وازیان لە بنچینە مەتریالیستەکان دەهیناو هۆسەرچاوە ئاسایی و مەتریالیستەکانی گەشەکردنی کۆمە-

لایەنتیان بەدی نەدەکرد بۆیە وەك ئیدیالیستەکانیان لێ دەهات،ئەوان لەو بڕوایە دابوون کە ڕاو ئارەزووی کە سەربەهێزەکانی هێزی بزوێن و پێشکەوتنی کومەلایەتی بوون • باشترین نموونە بۆ ئەم باسە(فورباخ)ە کە دەلێ سروشت یەکەمین و هوش دوا ناوەندی یە ، لەم هەلوێستە ڕێك ڕەخنەی لە ئایین و ئیدیالیزم گرت • بەلام لەکاتی باس کردنی ئایین وخوو ڕەوشت و پەیوەندی نیوان خەلکی هەلویستی وەك ئیدیا- لیستەکان وابوو ، بۆ نموونە لە جیاتی ئەوەی دیاردەیەکی کومەلایە- تی وەك ڕەوشت بەبارە ریالیستیەکانی کە خەلك تیایا دەژین ، بە دروست لێك بداتەوە • ئەو لەو بروایەدابوو کە خەلك بیری ڕەوشتی وایان هەیە کە تاسەر سەربەخون لەبارە مەتریالیستەکانی ژیان • ئەم قسەیە دیدێکی ئیدیالیستانەیە بۆ ژیانی کومەلایەتی لەبەر ئەوەی دان نانە بە بوونی بیری ڕەوشتە سەربەخوکان سەربەخو لە ریالیزمی میژوو دادەنی • بۆیە ڕەخنەگرتن لەکەم و کوریەکانی مەتریالیزمی کون و زال بوون بەسەریان هەرجێکی پێویست بوو بۆ دامەزراندنی مەتریالیزمی دیالەکتیك مارکس و ئەنگلس بناغەی مەتریالیستی فەلسەفە واتە تیگەیشتنی مەتریالیستانەیان بو سروشتیان وەك خوی هێشتەوە ، بەلام لەم سنوورە نەوەستان بەلکو لەوەش دوورتر ڕۆیشتن، بەئەرکی خویان دەزانی بیناى ماتریالیزم تا تروپك بەرن وبلاوی بکەنەوە تا ژیانی کومەلایەتی بگریتەوە تیگەیشتنێکی مەتریالیستی زانستانە بۆ میژوو ببەخشن بە مروڤایەتی • بۆ بەدی هینانی ئەم ئەرکە دارشتنی دیالەکتیکی شورشگیر پێویستی کرد واتە تەواوترین و فراوانترین ریباز بو گەشەکردن و یەك خستنی مەتریالیزم و دیالە- کتیك لە یەك ریبازی تەواو ئەو ریبازی مەتریالیزمی دیالەکتیکەوە بەکارهینانی بو میژووی کومەل • باری دیالەکتیك چون بووە لە فەلسەفەی کون ؟ مەتریالیزم و دیالەکتیك لە فەلسەفە وەك بناغە بەجیا

گەشەیان کردووە • مەتریالیزم بە شێوەی میتافیزی نادیالەکتیـــــك دابووەوە ، بەلام دیالەکتیك لە ڕیبازەکانی فەلسەفەی ئیدیـــالـــیزم گەشەی کردووە بەتایبەتی لە ڕیبازی فەیلەسوفی ئیدیالیستی ئەلمانی ( هیگل ) • بەم پێ یە دیالەکتیك زۆر کەم کوری ترسناکی تیابوو کــە پێویستیان بەراست کردنەوە هەبوو دیالەکتیك بەشێوەی پێشکەوتــوو لە ڕیبازی فەلسەفەی ( هیگل ) پەخش کرابوو ، بەلام کەم و کـــــوری دیالەکتیکی هیگل ئەوەبوو کە بە تەواوی مل کەچی ئیدیالیزم بـــوو • لەبەر ئەم هۆیە تەنها لەمەسەلەی گەشەکردنی بیر ، دیالەکتیك بەکار دەهێنرا لە فەلسەفەی هیگل وە هەروەها گەشەکردن ، هۆش • هیگل لەو باوەڕە دایە کە هەر بیرو گیانە کە گەشەدەکەن ، لەبارێکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ بارێکی تر •هیگل لەو باوەرە دابووکە سروشت قوناغێکە لـە قوناغەکانی گەشەکردنی بیر • وەهیچ گەشەکردنێ لە زەمان نی یــە ، واتە هیچ مێژوویی تایبەتی نی یە • دەبوایە تەنها هەوڵ نەدری بـــۆ زاڵ بوون بەسەر فەلسەفەی هیگل بەلکو هەوڵ بدری بو پاراســـتن و دوزینەوەی هەموو ئەو شتە بەنرخ و پیشکەوتووخوازانەی کە لەفەلسەفەی هیگل هەبێ •فیوەرباخ سیستەمی هیگلی شکاندو بەئاسانی بــە لاوەی نا ، هەروەك دەلێن ڕاست و چەوت بەلاوەنرا ، ئەم کارە پێویستی بە زیرەکی مارکس کرد بۆ دۆزینەوەی قامکی لێ هاتووی دیالەکتیـــکی هیگل لە کەل و قوژبنەکانی ڕیبازە ئیدیالیستەکەی و هیشتنەوەی ئەم کاکلە • ئەم کاکلە لی هاتووە لەوەخوی دەنوێنی کە هەموو شـــتیـك لە جیهان لە گوران و گەشەکردن دایە ، وە ناکوکی یەکانی نـــاوەوە سەرچاوەی ئەم گەشەکردنەن • بەلام بو هاوێرکردنی ئەم ڕێبازە پێشکەوتووخوازە لە توێکلی ئیدیالیزم پێویست بوو دیالەکتیکی هیگل سەر لەنوێ دارشترێتەوە لەسەر بناغەیەکی ماتریالیستانە بەشـــــێوەی زانستی هاوچەرخ • لەتوانادانەبوو ئەم کارە ئەنجام بدری بێ پـــا-

لپشته له دەست کەوت و جموجول و زانیاری شورشگیر • ئەم ریگەیەی مارکس و ئەنگلس بەکاریان هینا ، ئەم ریگە دیالەکتیکەی دایان رشت بو باس کردنی سروشت و ژیانی کومەلایەتی ، ئەمە وای لی کردن کە بتوانن ریگایەکی تازەی فەلسەفە دابمەزرینن کە مەتریالیزم ودیالە-کتیك کوبکاتەوە • بەم شیوەیە مەتریالیزمی دیالەکتیك دارشتراوەك دیدیکی تازەی شورشگیر بو جیهان • ئەم دیدە لەگەل بەرژەوەنـــدی رزگاری خوازانەی رەنجدەران دەگونجی • ئەمرو مەتریالیزمی دیالە-کتیك چەکی بیرە یارمەتی خەلك دەدات بو پیکەوەنانی ژیانی تازە • مەتریالیزمی دیالەکتیك چی یە ؟ وەچی فیر دەکات ؟ وەلامی ئـــەم پرسیارانە لەم بەخش کردنەی خوارەوە دەبینین•

مەتریال ( مادە) و شیوەکانی جوولەی مەتریال (مادە)چی یە ؟

مەزەبی تایبەت بە مەتریال بەردی بناغەیە لە مەتریالیزم • ژیان و تاقی کردنەوەی روژانە دەی سەلمینن کە بوونی جیهان سەربەخویە لە مروڤ ، هوش ، دەرك پی کردن و هەست و ئارەزوو • زانستیش ئـەوە دەسەلمینی کە زور پیش پەیدابوونی مروڤ و زیندەوەرەکـــان، زەوی هەبووە واتە ئەمانە سەربەخو بوونە لە یەکتری: زانست وا رادەگەیە-نی کە زەوی پیش پینج ملیار سال هەبووە • بەلام مروڤ پیش یـــەك ملیون سال پەیدابووە • بوونی جیهان سەربەخوو بەدەرە لە هوشـــمان واتە بونیکی مەتریالیستە •

چەندایەتی یەکی بی کوتایی لە دیاردەو شت لەدەورمان هەن:- وەك : بەرد ، درەخت ، زیخ ، روژ ، گیاندار ، دەریا ، بیابـــان، ئەستیرەو زور شتی تر • هەموو ئەوانە بەیەك ووشە ناو دەبەین ( مە - تریال -( مادە ) - لیرە ناوی هەندی بو چوون و تیگەیشتن دەبەیـــن • ( مفاهیم ) هەندیکی تیگەیشتنی شوینی زور دەگرن لە شت و دیار-

دەکان وە هەندیکیان سنورێکی تەسك دەگرن • بۆ نموونە : مانای ( شت ) زور فراوانترە لە مانای ( مێز ) ئایا ( مفهوم ) ی لە مانە فراونتر هەیە ؟ بەلێ هەیە : ( مفهوم ) ی فراوان ئەوەیە کە هەموو شت و دیاردەکان دەگرێتەوە هەر لە دەنکە زیخەوە تا مێشکی مروڤ • ئەم ( مەفهومە ) لە هەموان فراوانترە و پیشی دەوتری ( مەفهومی مادە ) • لەمەوە بۆمان دەردەکەوی کە ( مادە ) هەمان واتاو شت دەگەیەنی بەلام مەتریال واتایەکی زور فراوانی هەیە وە لەهەموو واتاکان فراوانترە • ئەم بەوە لە مەفهومەکانی تر جیا دەکریتەوە کەنەك نیشانەو ناوەڕوکە گشتی یەکانی کۆمەلێ شت دەربری بەلکو هی هەموو شت و دیاردەکان لە جیهان • ئەم جورە مەفهومە فراوانە پێی دەوتری گوتەی فەلسەفە ، ( مقولە فلسفە ) • کەواتە ئەو نیشانە ناوەڕوکی بە گشتی یانە چین ، کەلەگەل هەموو شتیکا هەن؟ پێش هەموو شتیك ئەمانە مەتریالیستن وە بەشیۆەیەکی بابەتی هەن، لە هۆشی ئادەمیزاد بەدەرن و لێی سەربەخۆن •

شتەکان نیشانەیەکی گرنگیان هەیە • بۆ نموونە ئەگەر بە ئاوی گەرم خۆمان بشوین هەست بە گەرمی دەکەین • وەکاتێ لە دارستانا سەیری درەخت دەکەین گەلا داری سەوز دەبینین • لەوە ئەوە دەردەکەوێ کە ئەو شتانەی سەربەخۆن لە ئیمە ، ڕەوشتی کارتێ کردنیان هەیە لە سەر ئۆرگانەکانی هەستمان ، واتە هەر شتێکی دەوروبەرمان کە بە شیوەیەکی بابەتی هەیە • پێی دەوتری مەتریال ( مادە ) واتە هەموو جیهانی مەتریالیستی دەرەوەمان کە کار دەکاتە سەر ئورگانەکانی هەستمان و هەست پێ کردن دەبزوێنێ • فلادیمیر ئیلیچ لینین لە پەرتووکی ( مەتریالیزم و ڕێبازی تاقی کردنەوەی ڕەخنە ) دەلێ مەتر-یال گوتەیەکی فەلسەفەیە بۆ نیشان کردنی ڕیالیزمی بابەتی کە لە هەستەکان دراوە بە ئادەمیزاد ••• مەتریال ئەوەیە کە کاردەکاتە سەر

ئورگانەکانی هەستمان • هەست دەبزوینن • مەتریال ریالیزمیکی بابەتی یە لە هەست پی کردن دراوە بە ئیمە ( لینین ـ چاپی چـــوارەم لاپەرە ١١٧ـ ١٢٢ ) ( رووسی )

دەتوانیین بلیین هیچ بۆچونێکی فەلسەفە وەك بۆ چوونی ( مەفهومی ) مەتریال نەکەوتوتە بەر تیر و توانجی ئیدیالیستەکان• ئەوەی لە توانایان هەبێ دەی کەن بۆ دابەزاندن لە نرخی ئەم مەفهومە • بۆ ئەم مەبەستەیان پەنا دەبەنە بەر چەندەها ، فروفێل ، بوختان ، زانستی تازە بۆ ئەوەی بیسەلمینن مادە هەر نی یە • دەڵێن سەیریکە خەریکە ( مادە ) لەناو دەچی یان هەرنی یە ، بەلام ئەم قسانە بوودەلەن .لەبەر ئەوەی ئەوان بەلگەکانیان لەسەر هەندی دۆزینەوەی ئەتوم بنیات دەکەن ئێمە بە دریژی سەیری ئەم مەسەلەیە دەکەین •

بۆ ئەوەی باشتر لەم باس لێ کردنەوەی خوارەوە بگەین دەبێ ئەوەمان لەبەر چاوبێت کە زاناو فەیلەسوفەکانی پێشوو لە ( مادە ) نەگەیشتبوون وەك گوتمیەکی فەلسەفە • بەلکو لە یەکێ لە شیوەکانی مەتریال ( مادە ) گەیشتبوون • بو نموونە زانیاری سەدەکانی حەڤدەهەم و هەژدەهەم لەو باوەرەدابوو کە ئەتۆم لەت نابێ و ناشکێنرێ بەلکو تا سەری یە ( ئەبەدی ) لە جیهان • هەر لەوەوە هەموو جیهان دروست کراوە • لە کوتایی سەدەی نوزدەهەم بە بەلگە ئاشکرا کرا کە ئەو رایەی دەڵێ ئەتۆم لەت نابێ دەبێ بەلاوە بنرێ • ئەتوم لەت دەبێ • ئێمە بەدریژی دوزینەوەکانی فیزیای ئەتوم ناخینە روو بەلام ئەوە دەلیین کە لەبەر روشنایی ئەم دوزینەوانە ئیدیالیستەکان ووتیان مەتریال نەهامەتی هێنا • ئەوان وا بیردەکەنەوە کە ئەتۆم لەت نابێ وە ئەتۆم بناغەی مەتریال بوو • بەلام سەلمیندرا کە ئەتوم لەت دەبی واتە ئەم بناغەیە دەروخێ کە مەتریالیزمی لەسەربنیات کراوە • ئەم بناغەیەش مەتریالە ، بەلام ئەم بۆچوونانە هیچ روویەکی راستیان نی یە • چی لە

زانست رووی داوه لەکوتایی سەدەی نوزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم ؟

خەلك زور زانیاری تازەیان دەست کەوت . جاران نەیان دەزانی کە ئەتوم لەت دەبی ، وە ئەلکترون و پروتون لە ناوکی ئەتوم دا هەن،بەلا. م ئیستا ئەم شتانە زانراون . ئەم شتانە هەموو گەواهن ( شایەتن) کە بوچوونەکان بو لایەنە سروشتی یەکەو جیهان و پیك هاتنی مەتریال گوراون .

زانستی هاوچەرخ زور شتی تازەی دەربارەی پیك هاتنی مەتریال زانیوە . لەسەرەتای دوزینەوەکان تەنها دوو ، تا سی تەنوکەی مەتریال زانرابوون بەلام ئەمرو زیاتر لە (۳۰) تەنوکە دوزراوەتەوە .بەلام گرنگترین شت کە زانست سەلماندوویەتی ئەوەیە کە ئەو تەنوکانە سەربەخون لە هوشی ئیمە . ئەم تەنوکانە وەك ئەتوم مەتریالیستن وەنا شی لەناوبچن .

دوزینەوەکانی زانست دەی سەلمینن کە ناشی مەتریالیزمی میتافیزی و مەتریالیزمی دیالەکتیك تیکەل بکرین.

بە بوچوونی مەتریالیزمی میتافیزی مەتریال بریتی یە لە کومەلە ئەتومیك کە ناگورین تیك ناشکینرین . بەلام بەبوچوونی مەتریالیزمی دیالەکتیك ناشی مەتریال تەنها بریتی بی لە ئەتوم،یان بەگشتی هەر رەوشتیکی تاسەری . مەتریال تەنیا یەك رەوشت نیە ، بەلکو ژمارەیەکی بی کوتایی رەوشتی هەیە . شتەکانی جیهان جوراوجورن بویە رەوشتەکانیشیان جوراوجورن . بویە نابی پیك هاتنی مەتریال و مەفهومی فەلسەفە بو مەتریال تیکەلاو بکرین . ئەو مەفهومەی کە ریالیزمیکی بابەتی یە . سروشت و دوزینەوەکانی زانست چارەسەری مەسەلەی پیك هاتنی ( مادە ) دەکەن ا ئایا ئەتوم لە ئەلکترون پیك دیت یان تەنوکەی تریش هەن ؟ بەلام فەلسەفە مەسە-

لەیەکی تر چارە سەر دەکات • ئایا جیهان و ئەم تەنۆکانە لەدەرەوەی هۆشی مروڤ هەن ؟ ئەم تەنۆکانەی دەدوزرینەوە هەرچی بن ناتوانن بەرپەرچ بدەنەوە لەبەرئەوەی ئەم تەنۆکانە خۆیان مەتریالیستن وە بە شیوەیەکی بابەتی هەن ، سەربەخۆن لە ئادەمیزاد و مروڤایەتی • بە هەر شیوەیەك بۆچوونمان بۆ جیهان بوتری ناتوانین بی سەلمینین کە مەتریال نامینی • لەبەر ئەوەی مەتریال ریالیزمیکی بابەتی یە • بەلگەی تازەتر لە دۆزینەوەکانی زانست دەست دەکەوێ • تەنها بۆچوونی ئیمە بۆ پیك هاتنی جیهان دەگۆری • ئەو بابەتەی کە ووتی مەتریال تاسەرە زور پرسیار دەخاتە روو•

مروڤ لە ژیانی خوی وا دەبینیّ کە هەر شتیك سەرەتاو کوتایی هەیە • هەروەها پرسیار دەکات کیّ مەتریالی پەیداکردووە• زانست وەلام دەداتەوە کە مەتریال بەبەردەوام هەبووە• ئەمەش یاسای پارا ـ ستنی مەتریال ( قانون بقاء المادە )دەی سەلمینی • با لە نموونە ـ یەکی ئاسایی دەست پی بکەین : ئەگەر پارچە داریك بخەینە ناو ئاگر تەنها کەمێك خۆلەمیّش لەپاش بەجێ دەمینی بەلام ئەگەرسەرنج بدەین ، پاش سووتانی دارەکە بی پاشماوە نی یە • بەلکوو بووەتە مەتریالی تر کە جیان لە دارەکە خۆی •

زانای بەرزی رووسی ( میخائیل فاسیلیفیچ ) ( ١٧١١ ـ ١٧٦٥ ) گرنگی زۆر بەم رووداوانەدا وە گەیشتە ئەوەی کە هیچ تەنێك لە سروشت ناشیّ لەناوبچی • بیّ پاشماوە یان دووبارە لە هیچەوە پەیدا بیتەوە • لەم بۆ چوونانە ( لومونوسوف) یاسای مانەوەی شتەکان یان زیاتر یاسای مانەوەی مەتریالی دارشت •

لەم یاسایە دەرکەوت کە هیچ مەتریالیك لە سروشت لەناوناچی و وە پاشماوە لەهیچەوە پەیدانابی ، بەلام لە شیوەیەکەوە دەگوری بو شیوەیەکی تر بەم یاسا زۆر گرنگە بومان دەرکەوت کە ئەو دا ستانەی

دەلی جیهان لە هیچەوە پەیدابووە راست نی یە ٠

گریمان وەختێك هەبووەو هیچ شت نەبووە لە جیهان ، واتە مەتریال نەبوە ٠ کەواتە ناشی پەیدابێ لەبەر ئەوەی مەتریال هەیە ئەمە ئەوە دەگەیەنی کە مەتریال دروست نەکراوە بەلکو هەر هەبووەو هەر دەبێ ٠

(( جیابوونەوەی مەتریال لە بزووتنەوە ))

ئەگەر شت لە شوێنێکی دیار کراوبێت ناجوولێ ٠ بۆ نموونە بەرد لەباری خۆی ناگۆڕێ ئەگەر یەکێك نەی جوولێنی ، بەلام ئەگەر سەرنج بدەینە بەردی وەستاو ، لەگەل ئەوەی کەوەستاوە ، دەبینین جۆرە جوولەیەکی تیایە : بێ وەستان ئەتوم و گەردیلە و ئەلکترونەکان تیای لە گواستنەوەی بەردەوام دان ، وەك ئاشکرایە لە هەموو تەنێك پرۆسەی رووخان روودەدات لە ژێرکاری شێ ، رۆژ ، باو مال ( شوێن ) ، بۆ نموونە قەت بێ جوولە نابێ ٠ شان بەشانی زەوی لەدەوری رۆژ دەخولێنەوە ٠ کاتێ ئێمە دانیشتووین و بۆ هیچ شوێنێك ناگوێزرینەوە ، بەلام خوێن تیامان دەخولێتەوەو زۆر گۆڕانی قوول لەلەش روو دەدات خانەی تازە پەیدا دەبن و خانە کۆنەکان لەناو دەچن ( مەحف ) دەبن ) ئەمەش بزووتنەوەیە ٠

بۆ نموونە گەرمایی لە ئەنجامی بزووتنەوەی گەردیلەیەکی یەکجار زۆر بو نموونە گەردیلەکانی ئاو ٠ بەهۆی گواستنەوەیان ئاوگەرم دەکەن ، بەلام ئەمە بزووتنەوەیەکی میکانیکی نی یە بەلکو ئەمە شتیکی تازەو ئالۆزترە ٠ تەوژمی کارەبا بریتی یە لە بزووتنەوەی ئەلکترونەکان ، بەلام کارتی کردنی ( تفاعل ) ی کیمیاوی بریتی یە لە کوبوونەوەی ئایونەکان ٠ ئەمەش لەوەی پیشوو ئالۆزترە ٠ لە کومەلگای مروڤایەتی گۆڕانی بەردەوام روو دەدات و رژیمە کۆمەلایەتیەکان

دەگۆڕێن • کەواتە ئەنجامی ئەم قسانەی پێشوو چی یە ؟ واتە لـــە جیهان شێوەی جۆراوجۆری بزووتنەوە هەیە •

یەکەم : گواستنەوەی گەردیلەکانی مەتریال و تەنەکان ، واتە شێوەی میکانیکی بزووتنەوە •

دووەم : کردارەکانی گەرمی و کارەبا • واتە شێوەی فیـــزیاوی بزووتنەوە •

سێ یەم : کارلێ کردنی ( تفاعل ) ی کیمیاوی ، یەك گرتن و جیـا بوونەوەی ئایونەکان • ئەمە شێوەی کیمیاوی بزووتنەوەیە •

چوارەم : ئەو گۆڕانانەی لە ئۆرگانە زیندوەکان روودەدەن • ئەمەش شێوەی بایولوجی بزووتنەوەیە •

پێنجەم : شێوەی کۆمەلایەتی بزووتنەوە• واتە ئەم گورانانەی لــە ژیانی کومەلایەتی روو دەدەن •

هەروەها ئەنگلس دەلێ بزووتنەوە بریتی یە لە هەموو ئەو گــۆڕان و کردارانەی لە گیتی روودەدەن• هەر لە گواستنەوەی مادە تــا بیـر کردنەوە • لەمانە بۆمان دەردەکەوی کە بزووتنەوەبریتی یە لە هەموئەو گورانانەی لە شت و دیاردەکان روودەدەن واتە لە جیهان بە شیوەیەکی گشتی واتە گورانی مەتریال ( مادە ) •

| ئەشێ مەتریال لە باریك بیت هیچ گورانی تیا

| ئەشی کە مەتریال لە باریك بیت هیچ گورانی تیا روونەدات

| ئەشی کە مەتریال لە بارێك بیت هیچ گۆڕانی تیا روونەدات ؟ |

نە، هەتا لەوکاتانەی کە هێشتا ئادەمیزاد و گیاندار و خـــانــەی زیندوو نەبوون ، لەوکاتانەش گۆڕان لە مەتریال رووی دەدا • لـــە راستیدا تەن لە ئەتۆم و گەردیلە پێك دیت • ئەمانەش بە بەردەوامـــی دەجولێن • ئەمە ئەوە دەگەیەنی کە ناشێ هیچ شتیکی وەستاوو بـــی

جوولە هەبووبێت • لەبەر ڕۆشنایی ئەمە دەڵێین کە ئەگەر ئەتۆم و گەردیلە و ئەلەکترون هەبووبن کارلی کردنی کیمیاویش ( تفاعل کیمیاوی ) هەبووە • لەوە دەردەکەوی کە هیچ باڕێک نەبووە مەتریال تیایە بێ بزووتنەوە بووبێت ، بۆیە دەڵێین جوولە شێوەی مانەوەی مەتریال ، شێوەی بوونی مەتریالە جوولە ڕەوشتی هەمیشەیی مەتریال بی بزووتنەوە مەتریال نی یە وە مەتریال تەنها لە بزووتنەوە دایە •

ئایا ئەوەی لە پیشەوە باسمان کرد ئەوە دەگەیەنی کە مەتریالیزمی دیالەکتیک باوەری نی یە بە بوونی ( وەستان ) ؟

نەخێر وەستان لە سروشت هەیە بەلام بەریژەیی یە • ئەمە ئەوە دەگەیەنی کە هیچ دیاردەیەك بی جوولە نی یە وە هەموو شتێك تیایا وەستاوە •ئەگەر تەنێك وەستاو بوو ئەمە لە چاو شتێکی وەستاوەوەیە بو نموونە لە کاتی رویشتنی شەمەندەفەر لە چاو شەمەندەفەرەکەی ئیمە وەستاوین هەر چەند ئیمەش لە جوولەداین •

دیدی دیالەکتیك بو وەستان جیایە لە دیدی میتافیزم •میتافیز ـ ستەکان وا لە وەستان دەگەن کە بریتی یە لە نەبوونی جوولە• مەتریالیزمی دیالەکتیکی ئەم مەفهومە بەرپەرچ دەداتەوە •

وەستان لە سروشت گرنگی یەکی زوری پی نادری هەرچەندە رێژەی هەیە • بەلام گرنگی دەدری بە جوولە ، گەشەکردن و گۆڕان • بۆمان دەردەکەوی کە مەتریال ، سروشت پیویستیان بە بزوێنەر نی یە ، جوولەی ناوەوەشان بە شانی یان دەروات • وەهەر لە گەلیان دایە ، زوربێ واتایە بپرسری فلانە شت کەی پەیدابووە ؟ لە کاتیکدا کە شتەکە ... لەسەرەتاوە هەر هەبووبیت •

## | کات و شوێن |

هەر شتێك قەوارەو پێوانەی دیاری کراوی هەیە واتە پانی و

دریژی و بەرزایی وە ئەوشتە شوینیک دەگری • وەهەرشوینیک دەکەویتە شوینێیک سەبارەت بە شوینێیکی تر • دوورتر ، نزیکتر ، بەرزتر ،نز- متر ، لەلای راست ، لەلای چەپ • واتە شتەکان لە شوینیک هـەن وەنا شێ بە پیچەوانەی ئەم بارە بێت • هەموو شتەکانی جیـهان مەتریال پیك دینن ، ئەمە ئەوە دەگەیەنی کە مەتریال ناتوانی لە شوینێیك نەبیت بۆیە دەلێن شوین شیۆیەکی بوونی مەتریالە •

هەروەك لە پیشەوە باسمان کرد هەموو دیاردەکانی جیهان بی کۆتایی لە گۆران و گەشەکردن و جوولە دان هەروەها هەموودیاردەکانی جیهان بە نۆرە لە دوای یەکتر دین •

رۆژ لەدوای شەودیت و سۆشیالیزم لە دوای سەرمایەداری دیت روو داوێك زووتر روودەدات وە رووداوێك درەنگتر روودەدات • وە هەروەها هەموویان درێژەپی دانی دیاری کراویان هەیە بەنۆرە لە دوای یەکتری هاتنی رووداوەکان ، وە دریژە دانیان • ئەمانە هەموویان ناکرێ لە دەرەوەی سنووری کات روو بدەن •

هەروەها هەرشتێك لە جیهان کە روو دەدات لە کاتێك روودەدات• هەروەها کاتیش شیۆیەکی بوونی مەتریالە • لینین لە پەرتووکی ( مەتریالیزم و ریبازی رەخنەی تاقی کراوە ) دەنووسی " لە جیهان جگە لە مەتریالی بزێو هیچ شتی تر نی یە ، وە مەتریالی بزێو تەنها لە کات و شوین دەتوانی بجوولی " ( لینین دانراوەکانی چاپی چوار- مم رووسی لاپەرە ١٦٢ •

شوین شیۆەی بوونی مەتریالە کە هەلویست و پیوانە و قـەوارەی تەنی مەتریال دیار دەکات ، بەلام لایەکی تری بوون و گەشەکردنی مەتریال دیار دەکات : یەك لە دوای یەکتر هاتنی کاتی ئەو گۆرانا- نەی کەبەسەر ئەو تەنانە دیت دیاری دەکات • لەوە بۆمـان روون دەبێتەوە کە رەوشتی کات و شوینی لە یەك جیـاناوەلەیەکتر ناشین•

کەواتە رەوشتەکانی کات و شوێن چین :-

شوێن سێ درێژی هەیە : درێژی و پانی و بەرزی باسێکی تەواوی شوێن دەکەن • ئەم سێ درێژیە گرنگترین رەوشتی شوێنن •

هەر یەکێك لەئێمە دەزانی کە گۆڕان دیاردەکان لە کاتێ تەنیا بەرەو یەك لا دەڕوات : لە ڕابوردووەوە بۆ ئێستا تا دوا ڕۆژ کات بە پێچەوانەی ئەمە ناڕوات ، بەلام تەنها لە چیرۆك و داستانی خەیالی خەلك توانیویانە ئامێرێك بۆ کات بدۆزنەوە کە میلەکانی بۆ دواوە بگەڕێتەوە • ئەگەر شتێك لە شوێنێك بووبێ ئەمە دەبێ یان دوێنێ بووبێ یان ئەمرۆ • وە بەکورتی ( لە کاتێك ) • لە کوێ و کەی ؟ دوو پرسیاری بە یەکتر بەستراوەن ، باسی کات و شوێنی ڕووداوەکە دەکەن •

لەبەر ڕوشنایی ئەمە دەردەکەوێ کە کات و شوێن بەیەکەوە بەندن وەناکرێ لە یەکتر جیابکرێنەوە •• بێ کات شوێن بوونی نیە وە هەروەها بێ شوێن کات بوونی نی یە • لەبەر ئەوەی مەتریال لەکات و شوێن هەیە ناشێ کات و شوێن لە یەکتری جیابکرینەوە نەك هەر ئەوە بەلکو ناشکرێ کات و شوێن لە مەتریال جیابکرێنەوە •

سەرەتای سەدەی بیستەم ڕاکانی زانای سروشتی بەرز (اسحاق نیوتن ) باوبوو کە دەلێ : کات و شوێن بە شێوەیەکی لە یەکتر جیا لە مەتریال هەن و سەربەخۆن لەشتە مەتریالیستەکان• شوێن شتێکە وەك سندوقێکی زۆر گەورە یان ژوورێکی بێ کوتایی وایە• بێ دیوار و سەربان و زەوی کە دەتوانرێ شتی تیا دابنرێ و بهێنرێتە دەرەوە•هەروەك بلێی جیهانی دەوروبەر لەم سندوقەیان ئەم ژوورە دانراوە• لەمەوە ( شوێن گەیشتە ئەم ئەنجامە کە شوێن ( موتلەقە) واتە سەربەخۆیە لە مەتریال • دیدی نیوتن بۆ کات ئەوەبوو کە شتێکی موتلەقە و نەبەستراوەتەوە بە مەتریال و سەربەخۆیە لێی • ئەمە ڕای مەتریالیز.

هەواڵنامەی کتێب

می میتافیزی بووە ٠
بەلام زانای فیزیای ناسراولە سەدەی بیستەم ( ئەلبەرت ئینشتاین " ۱۸۷۹- ۱۹٥٥ " کە تیوری ڕیژەی هینایە کایەوە بە شیوەیەکی جیا لەوانی تر مەسەلەی کات و شوینی چارەسەر کرد زانستانە ئەو بیرەی ( فیکرە )ی سەلماند کە هەردوو داڕیژرانی مەتریالیزمی دیا - لەکتیك ( مارکس و ئەنگلس ) دەریان بڕیبوو ٠ کە دەڵین کات و شوین بەیەکەوە بەستراون وە بەندن بە ڕەوشتی مەتریال ٠
ڕەنگە وادیاربی کاتی زەوی و ڕاکیتیك بە هەمان خیرایی بڕوات بەلام لە ڕاستیدا وانی یە ٠ ئەگەر ڕاکیتەکە بە خیرایی یەکی نزیك لە خیرایی تیشك بڕوات ، کات تیایا زور لە سەرخوتر دەڕوات لە سەر زەوی ، وادابنیین ئیمە گەشتیکمان بەم ڕاکیتە کرد بو ماوەی سی سال لە ئاسمان ماینەوە ٠ بەلام سەرمان سوور دەمینی کە دەبینین لە گەرانەوە ( ۳٦٠ ) سالتی پەریوە لەسەر زەوی ٠ تی گەیشتنی ئەمە زەحمەتە ٠ لەوەوە دەردەکەوی کە هەریەك لە ڕاکیتە خیرا کەو زەوی کاتی خوی هەیە ٠ کات ڕیژەیی یەو بەندە بە خیرایی بزوتنەوە ٠ هەرچەند ڕویشتنی تەنیك لە شوینیکەوە بو شوینیکی تر خیراتر بوو کات تیایا لە سەرخوتر دەبیت ٠
هەروەها شوینیش خوی ڕیژەیی یە ٠
با ئەوە بینینە بەر چاو کاتی شەمەندەفەریك بە خیرایی نزیك لە خیرایی تیشك بە تەنیشت شوستەی ئیستگەی شەمەندەفەر تی دەپەری ( خیرایی ۳٠٠/٠٠٠ کم / چرکە ) ٠
خەلکی ناو شەمەندەفەرەکە وا دەبینن کە شوستەکە بچووك دەبیتە. وە ، بەلام ئەو خەلکەی لەسەر شوستەکە وەستاون بە پیچەوانە مەسە- لەکە دەبینن ، شەمەندەفەرە خیراکە بچوك دەبیتەوە ٠ ئەمە هەلخەلە- تاندنی بینین نی یە بەلکو ڕاستی یەکی بابەتی یە بەم جورە شوینیش

ڕێژەیی یە •

ئیدیالیستە هاوچەرخەکان هەوڵ دەدەن ئەم دۆزینەوەی زانست بشێوێنن • ئەوان دەڵێن لەبەر ئەوەی کات و شوێن ڕێژەیین ئەوانە بە شێوەیەکی بابەتی نین • بەڵکو تەنها لە هۆشی مرۆڤ هەن • بەلام ئەمە ڕاست نی یە • دۆزینەوە تازەکانی زانست مەفهومی مەتریالیستانەی بۆ کات و شوێن بە درۆ نەخستوتەوە • تەنها بۆ چوونی میتافیزیقی بۆ کات و شوێن بە درۆ خستوتەوە • زاناکانی فیزیا دەڵێن هەر ڕووداوێك کاتی خۆی هەیە وە ئەم کاتەش ڕێژەیی یە ،بەلام بە شێوەیەکی بابەتی هەیە •هەروەها شوێنیش شێوەیەکی بابەتی هەیە•

ئەگەر کات و شوێن بابەتین و بەندنین بە ئادەمیزاد ، ئاپا مرۆڤ دەستەو ئەژنۆ دانانیشێ بەرامبەر بەکات کە بە خێرایی دەڕوات؟

مرۆڤ ناتوانێ کات ڕابگری بەلام دەتوانی بەرامبەر بە تێ پەڕبوونی بابەتی یانەی کات بوەستێ ، بە پێچەوانەوە هەموو هەولێك دەدات بۆ دەست گرتن بەسەر کات ، هەرچەندە زانیمان بەشێوەیەکی چاکتر کات بەکار بینین• کاتەکە زیاتر لە بەرژەوەندی ئێمە دەبێت• بۆنموونە دەڵێن لە وولاتانی سوسیالیست ڕادەی گەشەکردنی بەرهەم بەرزە • ئەمە ماوەیەکی زیاتریان پی دەدات بۆ ململانێی ئابووری لەگەل وولاتە سەرمایەدارە پێشکەوتوەکان •

نموونەیەکی تر : گەلی کۆماری (مالی ) خەریکی هینانەدی پرۆژەیەکی پێنج سالی یە بۆ گەشەپێدانی ئابووری نیشتمانی • ئەوان هەوڵ دەدەن ئەو پێنج سالە بەکاربێنن لە پێناوی سەربەخۆیی وولات و بەرزکردنەوەی ڕادەی ژیانی گەل • واتە گەل و دەولەتی مالی هەوڵ دەدەن بۆ بەکارهێنانی ( بی کوتایی و یەك گرتوویی جیهانی ) •

شوێن بێ کۆتایی یە و کات هەتا سەری یە• بۆیە جیهان بۆ هەموو

لایەك بێ کوتایی پەل دەکێشی بۆ سەرەوە ، بۆ خوارەوە ، بو راست بۆ چەپ • وە سەبارەت بەوەخت هیچ سەرەتایی نەبووەوە هیچ کوتایی نابێت •

بەتەواوی زانست ئەو ڕێبازە مەتریالیستەی سەلماندووە کە دەڵێ جیهان بێ کوتایی یەو شوێنیش بێ کوتایی یە • ئەستێرەکەمان زەوی دەنکە لمیکە لەدەریای بێ کەناری گەردوون • یەکە( وحدة)ی پێوانەی جیهان کیلومەتر نی یە بەلکو پێی دەوتری ساڵی رووناکی(سنة ضوئیه) • واتە ئەو ماوەیەی تیشکی رووناکی لەیەك ساڵ دەی بری بە خیرایی رووناکی کە دەکاتە (٣٠٠) هەزار کیلومەتر لەیەك چرکە• ئێستا ئەستێرەناسەکان خەریکی دیقەت دان و باس کردنی ئەو ئەستێرانەن کە زیاتر لە یەك ملیار ساڵی رووناکی لە ئیمە دوورن واتە ئەو راکێتەی بە خێرایی ٥٠ هەزار کیلومەتر لە سەعاتێك دەروات پاش هەزاران ملیار ساڵ ناگاتە ئەوی• رەچاوکردنی ئەم ماوە درێژە زەحمەتە بەلام زانست دەڵێ ئەوەش دووا سنوور نی یە•

لە شەوا سەیری ئاسمان بکەن ، پڕە لە ئەستێرە تێکڕای سیستەمی ئەم ئەستێرانە کە ڕۆژ بەشێکی لێ پێك دێنێ • پێی دەوتری (المجرة) یان ( galaxy) • ژمارەی ئەستیرەکانی ( المجرة) دەگاتە نزیکەی (١٥٠) ملیار ئەستیرە• چەندەها ملیون (مجرة) ەی واهەن • زاناکان توانیویانە هەموو ئەوانە باس بکەن بەهوی بەهیزترین هوکانی چاودیری کردنی تازە • گەورەترین تەلسکوپی بی تەل و تەلسکوپی بینین• بەلام ئەمەش کوتایی جیهان نی یە •

واتە گەردوون بی سنوورو بی کوتایی یە، بویە هەولی ئیدیالیستەکان بی بناغیە بو ئەوەی بی سەلمینن جیهان سەرەتای هەبووەو کوتایی شی دەبی •

گریمان گەردوون سنووری هەیە لە شوین ، دەبی بپرسین ئایا لە

دەرەوەی ئەم سنوورە چی هەیە ؟ ئایا بە شێوەیەکی گشتی جیهانیکی تر هەیە جگە لەم جیهانی مەتریالیستە ؟ ٠

زانست بی سی و دوو سەلماندوویەتی جگەلە جیهانی مەتریال هیچ جیهانیکی تر نی‌یە( جیهانی غەیب ) نی یە ٠ وەلە ئارادانی یە کە هەبی ٠ لەبەر ئەوەی جگە لە مەتریال هیچی تر نی یە٠ بویە ئەوەی هەبی تەنها جیهانی مەتریالیستە٠

فەلسەفەی مارکسیزم فیرمان دەکات کە جیهان یەکە ، نابی والە وە بگەین کە جگەلەو جیهانەی تیادەژین جیهانی تر نی یە ٠ زانای ئیتالی بەناوبانگ جوردانو برنو(١٥٤٨ ـ ١٦٠٠) سەلماندی کە جیهان هەن بەلام هەموویان مەتریالیستن وە هەموویان یەك جیهانی مەتریا ـ لیست پیك دینن٠ جگە لەمە یەکیتی جیهان ئەوە دەگەیەنی کە هەموو شت و دیاردەو رووداوەکان بەیەکەوە لکاون٠ لکانی ئالوگور(متبادل ) بە شیوەیەك کە یەکیان لەوەی تر سەربەخونی یە ٠ بەلکو وەك یەك شت وان ٠

کەواتە چی یەکیتی جیهان دەسەلمینی ؟ : گەشەکردنی ریزەو سەختی فەلسەفەو زانیاری یە سروشتی یەکان ئەوە دەسەلمینی ئەنگلس ئاوا وەلام دەداتەوە٠ لەکون کە خەلك تیگەیشتنی زانستیان نەبوو بو روژو ئەستیرەکانی تر ، وایان دادەنا کە جیهانی ئاسمان ( روژ و ئەستیرەکان و ، مانگ ) بە تەواوی جیایە لە جیهانی زەوی ئاوا بو چوون بو هەردوو جیهان پەیدابوو ٠ بەلام بەرەبەرە بە رادەی گەشەکردنی زانست پەردەی نەهینی لەسەر زور شت لابردرا ٠ دەرکەوت کە ئاسمان مەتریالە لە بنا غەوە وەك ئەو جیهانەی لەسەری دەژین ٠

زانای پولونی بەرز نیکولای کوپەرنیك (١٤٧٢ـ١٥٤٢) یەکەمین بەرهەلستی کرد بو بوچوونی چەوت گەردوون ( کوپەرنیك) ووتی : زەوی چەقی گەردوون نی یە بەهیچ شیوەیەك بەلکو زەوی ئەستیرەیەکی

ئاسایی یە لە سیستەمی رۆژ بەم شیوەیە سەلمینرا کە لە ئاسمان هیچ شتیك لە سەرووی سروشتەوە نی یە ٠

لە سەدەی هەژدەم زانای ئینگلیزی بەناوبانگ ( ئیسحاق نیوتن ) سەلماندی کە ئەو یاسا میکانیکی یانەی بە پێی ئەوانەوە زەوی لە دەوری دەخولیتەوە : هەر ئەو یاسایانەن مانگ مل کەچ دەکەن لە دەوری زەوی بخولیتەوە ، وە ئەستیرەکانی تر لە دەوری رۆژ بخولینەوە ٠

ئەستیرەکان هەر لەو توخمانە پیك دین کە زەوی پیك دینن ئەوە لە ئەنجامی شی کردنەوەی ئەو تەنانە دەرکەوتووە کەلە قولایی ئاسمانەوە دەکەونە خوارەوە بۆ سەر زەوی ( نیازك ) پێك هینەری ئەمانە توخمی ئاسمانە واتە ئەو توخمەی کە زۆر پەرتوو بلاوە لە سەرزەوی، ئەمە ئەوە دەسەلمێنی کە هەموو شتێکی ئاسمان مەتریالیستە ٠

ئەمە ئەوە دەگەیەنی کە هیچ دیاردەیەك نی یە لە جیهان لە ئەنجامی بزووتنەوەو گەشەکردنی مەتریال نەبێت ٠ مەتریال هەموو شتێك دەگریتەوە وەکارتێکردنی دەگاتە هەمووشوینێك وە هیچ شتێك نی یە جگە لە مەتریالی بزێوو گەشەکردوو وە جگە لەمە هیچ شتێك نی یە وە ناشێ هەبێ ٠ واتە تەنها جیهان هەیە ئەویش جیهانی مەتریالیستە وە یەکگرتنی جیهانی لەم مەتریالیستە خۆی دەنوێنێ ٠

بابزانین پەیوەندی چی یە لە نێوان جیهانی مەتریالیست وهۆش؟

## بەشی یەکەم

## ( مەتریال و هۆش )

هۆش رەوشتی مەتریالێکی زۆر رێك و پێکە :ـ

هەر لە چەرخی پێش مێژووەوە خەلك بیردەکەنەوە لە بەرچی دوای

مردن مرۆڤ لە بیرکردنەوەو جولەو قسەکردن دەکەوی ؟

چەندەها سەدە خەلك هەولیان دەدا پەیوەندی ئالوگوری نێوان لەش و ئەوشتەی پێی دەوتری گیان بدۆزنەوە ، یان ئادەمیزاد بدوزنەوە .

بەلام چارەکردنی ئەم مەسەلەیە یەکجار سەخت بوو . چۆن ئەوشتە باس دەکرێ کەنابینری و هیچ رەنگی نی یە ؟ هەرچۆنی بێت ئەمە هۆشی ئێمەیە . کەس بیری من نازانی ئەگەر خۆم باسی نەکەم.کەواتە بیروبیرکردنەوە چین ؟ بۆ چەند سەدەیەك ئیدیالیستەکان ئەم پرسیارەیان بەهەل دەزانی و تا ئیستاش بۆ مەرامی خۆیان بەکاری دینن .

ئیدیالیستەکان دەلێن سەرچاوەی ژیان بیرو دەروونە . رێبازی گیانی دەلێن ناشی لەشی بی گیان هەبێ ، لەشی بی‌گیان مردووە .

ئەوان دەلێن گیان دەتوانی بێ لەش ببێ . لە کاتی لەدایك بوون دا گیان لەلەش نیشتەجی دەبی وەلە کاتی مردن بەجێی دەهێلی .

بەلام ئایا ئەمە راستە ؟ با سەیری مەسەلەکە بکەین .

هوش بیریتی یە لە بیرو هەست و بۆچوون و ئیرادە بە پلەی یەکەم مروڤ خاوەنی ئەمانەیە . ئەگەر یەکێك نەبێت هەست بکات هەستەکان بوونیان نابیت ، وەئەگەر یەکێك نەبیت ئارەزوو بکات واتە ئادەمیزاد و ئارەزووەکان نین وە ئیرادە نابیت ئەگەر یەکیك نەبیت ئیرادە نەربریت .

راستە هەندی سەرەتای هۆش لەگەل هەندی گیاندار هەن، وەك هەست کردن بە رەنگ و بۆن کردن ، وە هەندی تێگەیشتن . بەلام هەتا ئەو سەرەتایانەی هۆشیش ئەوەندە کون نین لەپەیدبون، هەروەها سەربەخون لە هوش، سروشت یەکەمین وە هوش لە توانای دانەبووە پیش سروشت پەیدابی ، بەلکو دواناوەندی بووە.

زور لەمیژە سەرنج دراوە کە ئەگەر مرۆڤ دەستی زۆر بریندار ببێ ئەوە لەهۆش خۆی دەچێ . سەلمیندراوە کە بێ هوشی لە ئەنجامی

لاوازی پاڵه پەستۆی خوێن لە میشك ڕوو دەدات یان لە ئەنجامی
نەخۆشی یەكی توند لە دڵ و بۆڕیەكانی خوێن یا خود لە ئەنجامی تێ
هەڵدانی بە ئازارو خوێن لەبەر ڕۆیشتن • ئەمە ئەوە دەگەیێنێ كە هۆش
بەندە بە ڕووداوە مەتریالیستەكانی ناو لەش ، لە مێشكولە( عصب )
(Nevron) • داپەلۆسینی لەش دەبێتە هوی تیكدانی هوش •

نموونەیەكی تر :ـ هەمووما ن دەزانین ئەگەر مرۆڤ هەست بە هیلا-
كی و ماندووبوون بكات بیری بەتەواوی ڕوون نابیت • بە پێچەوانەوە
بۆ ئەوەی مرۆڤ هۆشی ڕوون بیت دەبێ كەمێ وەرزش بكات وپشوو
بدات •

دووبارەی دەكەینەوە ئەو ئەنجامەی كە دەڵێ بێ مەتریال هۆش
نی یە ، وەنا شێ ببێ ، بەلام ئایا هەر مەتریالێك بیر دەكاتەوە ؟ بۆ
وەلام دانەوە دەبێ چاوی بە جیهانی دەورو بەرمان بخشێنین : نەخێر
هەموو مەتریالێك بیر ناكاتەوە • بۆ نموونە بەرد بیرناكاتەوەوە
هەروەها هەر سروشتێك مردوو بەشێوەیەكی گشتی بیر ناكاتەوە
وە نیشانەكانی هۆش لە زور لە ئۆرگانە زیندووەكان بەدی ناكرین
كەواتە هۆش كەی پەیدابووە ؟

زانستی سروشتی هاوچەرخ سەلماندوویەتی كە سروشتی زیندوو
لە سروشتی بێ گیان پەیدابووە • گەیشتن بەم ئەنجامە زۆر گرنگە•
ئیدیالیستەكان دەیان ووت هیچ پەیوەندی یەك نی یە لە نیوان سرو -
شتی گیاندارو سروشتی بێ گیان • ئاوا حوكمیان دەدا كە جیاوازی
تەواو هەیە لەنێوان شتی مردوو و شتی زیندوو وە لە یەكتر جیان• بە
پێچەوانەی شتە بی گیانەكان شتە زیندووەكان دەجوولێنەوە و زیاد
دەكەن و گەشە دەكەن • جیاوازی نێوانیان یەكجار زۆرە بەلام ئەو
وەختە ئەوان لە توانایان نەبوو لە شتە هاوبەشەكانی نێوانیان بگەن
بۆیە ئەو ڕایە كەوتە كایەوە كە دەڵێ : لە ئۆرگانی زیندوو " هیزێكی

ژیانی " تایبەتی هەیە ، وای لی دەکات کە بە تەواوی لە سروشتی بێ گیان جیابێت • ئایا ئەمە راستە ؟

ئۆرگانی زیندوو زۆر لە سروشتی بێ گیان جیایە، بەلام لە هەمان کات دا بە توندی بە یەکتر بەندن بۆ نموونە ئۆرگانی زیندوو پێک هاتووە لە کاربۆن و هایدرۆجین و ئۆکسجین و ئاسن و فسفۆر ••هتد• ئەم شتانە زۆر جاران لە سروشتی بی گیانیش هەن هەروەها هیچ توخمێك لە ئورگانی زیندوو نی یە کە لە سروشتی مردوو نەبێ•ئەما. نە هەموو ئەوە دەسەلمێنن کە پەیوەندی نێوانیان پتەوە• پاش شی کردنەوەی ئەم راستی یانەی زانست سەلماندی کە مەتریالی زیندوو لە مەتریالی بێ گیان پەیدابووە•

پەیدابوونی ژیان لەسەر زەوی ، پەیدابوونی یەکەم (Cell) دوای پەیدابوونی هۆش نەبووە • تەنها سەرەتاکانی هۆش لەگەل ژیان بوە•

هوش بەندە بە چا لاکی هەردوو نیوە گەورەکەی مێشك • ئەم دوو بەشەی مێشك ئەنجامی گەشەکردنێکی لەسەرخۆن کە چەندەها سەدەی خایاندووە کە تیایا سیستەمی عەصەبی (Nervous system) گەشەی کردووەو چا لاکی یەکانی ئالۆز بووە• هەروەها رەوشتی گیاندارەکانی ئالۆزبووەو گەشەی کردووە تا میشکی مروڤ پەیدابووەو لە گەلی دا هۆشی مروڤ پەیدا بووە •

نیشانە بەرزەکانی چا لاکی مروڤ بەندنی یە پەلکی هەردوو نیوە گەورەکەی میشك • دان نان بەمە ئاسان دەبێ ئەگەر ئیمە گەشە کردنی ( الجهاز العصبی ) بەراورد بکەین بە چۆنی یەتی ئالۆزبوونی رەوشتی گیاندار • بۆنموونە ئەو ماسیانەی پەلکی میشکیان نیە تەنها رەوشتی زۆر سادەیان هەیە • بەلام بالندە رەوشتیان ئالوزترە وە سەگ کە پەلکی میشکی زیاتر گەشەی کردووە لە پەلکی میشکی بالندە رەوشتی ئالوزترە لە رەوشتی بالندە • لای ئەو مەیموونانەی

که زۆر نزیکن له ئادەمیزاد هەر جووڵەیەکی (ارادی ) له ژێر کۆنترۆ-
لی پەلکی دوو نیوەکەی مێشکه . بەلام ئێمه نابێ واتێ بگەین کــه
گیاندار بیردەکاتەوه . بیرکردنەوه ڕەوشتێکی ئادەمیزاده که بەنده
به پەیدابوونی شێوەی هەره بەرزی مەتریال له پرۆسەی گەشەکردن.ئەم
شێوه هەره بەرزه بریتی یه له مێشکی مرۆڤ . هۆش ئەنجامی هەر
مەتریالێك نی یه بەلکو ئەنجامی مەتریالێکی زۆر چاك ڕێکخراوه .
هۆش ئەنجامی چالاکی مێشکه . هۆش ئەرك و فەرمانی مێشکه وەنا-
شێ بێ مێشك بێ . بۆ سەلماندنی ئەمه دەلێین دەشێ مرۆڤ زیندوو.
بکرێتەوه پاش ماوەیەکی زۆر کورت دوای مردن بەلام دوای ماوەیەکی
درێژ چەند پرۆسەیەك له مێشك ڕوودەدات که له کۆتایی دا مێشك
دەمرێنن .

سەرەرای ئەوەش دل بخرێتەوه کار بەلام ناکری لەبەر ئەوەی چەند
پرۆسەیەکی تیا ڕوودەدات که گەڕانەوەیان تیا نی یه بۆ هۆش .

کەواته هۆش چی یه ؟

یان هەربیرێك یان قسەیەك بکەینه نموونه وەك ( من ئەو پەرتووکه
دەبینم ) ، ( ئەم خانووه بەرزه ) . ئاشکرایه پەرتووك له مێشکی
ئێمه نی یه بەلکو بیر دەربارەی پەرتووکەکه له مێشکمان هەیە.وه
هەروەها خانوو له مێشکمان نی یه بەلکو بیر دەربارەی خانوو له
مێشکمان هەن . به شێوەیەکی تر دەلێین وێنەی شت و دیاردەکان له
مێشکمان دا هەن . هەربیرێك له چەند مەفهومێك پێك هاتووه. بۆ
نموونه ئەم ڕستەیه ( گەلا سەوزه) به دوو مانا دەربراوه ( گەلا ) و
( سەوزه ) ماناکان له کوێ وەردەگیرێن ؟ له ڕاستیدا شتەکان به
شێوەیەکی بابەتی هەن وه له سەر ئەو بناغەیەوه بۆ چوون بۆ ئەوان
دروست دەکەین . له سەرەتادا پەرتووك هەیه پاشان بۆچوونی من بۆ
ئەو پەرتووکه هەیه . بۆچوون و تێگەیشتن بۆ شت دوا ناوەندین . بەر

له هەموو شتێك ، پاشان ریالیزم ، دوایی ئەو رەنگ دانەوەو بیرکرد-
نەوە لەو شتە • بۆیە ( لینین ) دەڵێ بیرکردنەوە روونوسی ریالیزمە
لە بیرکردنەوە ریالیزم دووبارە دروست دەکریتەوەو وێنەی دەگیری •
دەبێ ئەوەمان لەبەر چاوبێت کە دوژمنانی مەتریالیزم بە نیازی
کەم کردنەوەلە نرخی مەتریالیزم مەتریال و هوش دەکاتە یەك شت وە
شتی دەروونی یە کە مەتریالیست دادەنی • بەلام ئەوان لەبیرکردنەوە
دان کە روونی بکەنەوە کە ئەوان لە چ جورە مەتریالیزمیك دەدوێن •
مەتریالیزمی دیالەکتیك هیچ شتێك کۆی ناکاتەوە لەگەل ئەو رایەی
کە دەلی دەروون مەتریالە • جگە لە وەش مەتریالیزمی دیالەکتیك ئەو
کەسانە ریسوا دەکات کە پێی یان دەوتری مەتریالیستەوەریوەکان
( المادیین المبتذلیین ) ئەوان بیرو مەتریال دەکەن بەیەك شت •
ئەوان دان بەوە دادەنین کە هوش دوانا وەندی یە بەلام ناتوانن بە
دروستی گرنگی یەکەی بپێکن •
مەتریالیستە وەریوەکان دەلێن چون جەرگ زەرداو دەتکینی ئاواش
میشك بیر دەتکینێ • ئەمانە بەو ناوە ناوبراون لەبەر ئەوەی بە
شێوەیەکی سادەو نەگەییو بیردەکەنەوە •
لینین رەخنەی توندی ئاراستەی مەتریالیستە وەریوەکان کردوە لە
بەرئەوەی ئەوان هوش و مەتریال تیکەل دەکەن • روونی کردوتەوە کە
هوش مەتریالیست نی یە • هوش روونوس و وێنەی مەتریالیزمە ،
بەلام میشك وەك کامیرا وێنەی شت ناگری بەواتە وێنەی نموونەیی •
بیردەربارەی شتەکان لە میشك هەیە •
لەبەر ئەوەی هوشی ئادەمیزاد رەوشتی مەتریالێکی زۆر رێك وپێکە
کە میشکەکە ئاوێنەی ریالیزمی مەتریالیستە واتە روونوسی دەکات •

# بیرکردنەوەو زمان

زۆر جاران رەفتاری مەیموون سەرمان لی دەسورێنی • بۆ نموونـــە مرۆڤ موزێك لە پێش مەیموون دادەنی ، لە نێوان موزو مەیموونەکـە ئاگر هەیە ،وە بەرمیلێك ئاو هەیە • مەیموونەکە ناتوانی موزەکـــە هەلبگری لەبەر ئاگرەکە بەلام مەیموونەکە فێردەکەین • چۆن ئاگرەکـە بە ئاوەکە دابمرکێنێتەوە پاشان مۆزەکە هەل بگری بەم شێوەیە مەیموونەکە دەستی دەگاتە موزەکە • پاشان مەیموونەکەیان لە بارێکی تازە- تر دانا :- لەسەر بەلەمێك لە ناو زیٚ ، موزێکیان لە پشتی ئاگرێـك دانا ، لە شوێنێکی تا رادەیەك دوور بەرمێلێکی ئاویان دانا • ئەرك هەمان ئەرکە : دەبێ ئاگر دابمرکێنێتەوە تا موزەکە بەدەست بهێنیتە پێش • مەیموونەکە دەتوانیٚ ئاو لە تەنیشتەوە بینی لەبەر ئەوەی ئاو زور لە دەوری بەلەمەکە هەیە •

ئەم نموونەیە دەری دەخات کە مەیموونەکە بۆچوونێکی نی یە بـــۆ ( ئاو ) وە هیچ زانیاری یەکی نی یە دەربارەی رەوشتە گشتی یەکانـی ئاو • بیرکردنەوەی مەیموون راستەوخۆ بەندە بە شتەکانی دەوروبەری وەناشیٚ بیربکاتەوە بیٚ پەیوەندی بەوشتانە • واتە مەیموون بیرناکا- تەوە ئەگەر شتەکان لە بەرامبەری نەبن •

چونی بەتی بیرکردنەوەی ئادەمیزاد جیایە لەو بیرکردنەوەی باس کرا • ئادەمیزاد لە کاتی جم و جۆلی بەرهەم هینانی کاری زانستانە شتەکان دەناسێتەوەو رەوشتەکانیان دەست نیشان دەکا • ئادەمیـزاد سەرنجی ئاو دەدات لەناو بەرمیل ، لەناو زیٚ وە لەناو بیرو لەنـــاو دەریا یان لە هەر شوێنێك بێت کە رەوشتی هاوبەشی هەبێـــت •وەك کوژاندنەوەی ئاگر • بەم شێوەیە ئادەمیزاد مەفهومی ئاوێك دێنیٚ •

ئاو ئەوە نی یە کە تەنها لە ناو بەرمیل یان زی یان یان دەریا بیت بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی ئاوە ـ ئەمە مەفهومێکی گشتی یە. لێرەدا ئادەمیزاد گرنگی نادات بەشێوە جیاجیاکان بەڵکو رەوشتە گشتی- یەکانیان لە یەکتر جیادەکاتەوە .

ئێمە کە باسی مەفهومێك دەکەین دەربارەی ( درەخت ) درەخت بەشێوەیەکی گشتی،ئێمە مەبەستمان ئەو رەوشتە گشتی یانەیە کەهەر درەختێك هەیەتی نەوەك تەنها ئەو درەختەی لە تەنیشت پەنجەرەکە- مان رووادوە. ئێمە گرنگی نادەین بە خودی درەختەکان بەڵکو بە شێوەیەکی ( مجرّد ) بیردەکەینەوە . ئەم مەفهومە پێی دەووترێ مەفهومی ( مجرّد ) . ئەمە نیشانەیەکی زەقی بیرکردنەوەی مرۆڤایە- تی یە وەناشێ گیاندار بەم شیوە ( مجرّد ) ە بیربکاتەوە .

کەواتە چی توانای جیاکردنەوەی نیشانە بنچینەیی یەکانی شتمان بودەرەخسێنێ؟ واتە جیاکردنەوەی ئەم نیشانانە لە خودی شتەکە ؟ ووشە ، قسە ئەم تواناپایەمان پێ دەبەخشێ،ووشەی درەخت بۆمان دەردەخات کە باسەکە دەربارەی درەختە بە شێوەیەکی گشتی نەوەك دەربارەی درەختێکی دیاری کراو ناکرێ باسی بیری(مجرّد ) بکرێ بێ ووشە .

هەر لەمندالی یەوە هۆشی ئادەمیزاد پەیدادەبێ کە تەنها لە رەوشتی ئادەمیزادە . بیر پەیوەندی زۆر پتەوە بە قسەکردن . بە هیچ شێوەیەك ناکرێ بیرکردنەوەی مروڤ لە قسەکردن جیابکرێتەوە . یەکێتی یەکی پتەو هەیە لە نێوان زمان و بیرکردنەوە .

ئەنگلس دەڵێ پەیدابوونی تەواوی قسەکردن یارمەتی زوری گەشە کردنی مێشکی مرۆڤی داوە .

کەواتە هۆیەکانی ئەم رووداوە چین ؟

ئەم نموونەی خوارەوە یارمەتی مان دەدات بۆ دۆزینەوەی وەلامی

راست : لە مێژوو چەند جارێك رووی داوە منالێك لەگەڵ رەوەگورگێك پەروەردە بووە. لە ساڵی ١٩٥٦ باسی یەكێك لەم رووداوانە كراوە.لە ساڵی ١٩٥٦ گورگێك منالێكی رفاند لە هیند كەتەمەنی لە سێ ساڵ بچووكتربوو. پاش چەند ساڵێك بەم شێوەیەدۆزرایەوە: منداڵەكە لە سەر چوارپەل دەرۆیشت وە لاسایی هاواركردنی گیانداری دەكردەوە، وە هەروەها نەی دەتوانی قسەبكات. ئەمانە هیچیان جێگای سەرسورمان نەبوون بەلام سەیر ئەوەبوو هیچ هەوڵ و تەقەلایەك سەری نەگرت بو ئەوەی منالەكە فێری قسەكردن بكەنەوە، بەم شێوەیە منالەكە سیمای مروڤایەتی بۆ نەگەڕایەوە ، بێ هوش مایەوە هەروەها منالەكە نەی توانی لەم بارەی رابێت وە مرد.

لێرە ئەوە خۆدەخاتە روو كە منالەكە كاتێ كە لەدایك بوو مێشكێكی ئاسایی ئادەمیزادی هەبوو . وەك دەردەكەوت كە لە كاتی گەشەكردنی منالەكەمێشكیشی گەشەی دەكرد كەواتە هۆی دواكەوتنی بیركردنەوەی بەم شێوە بی هیوایی یەچی یە لای ئەم منداڵە؟ كەواتە تەنها بەبوونی مێشكێكی تەواو مرۆڤ نابێتە هوشیار . بو ئەم مەبەستە دەبێ ئادەمیزاد لەناو كۆمەڵ بژیت. بیركردنەوەی مرۆڤ لە دەرەوەی كۆمەڵ بوونی نی یە . بیركردنەوە لە ئەنجامی ژیانی خەڵك لەناو كومەلگایەك پەیدا دەبێت. ناشێ بیركردنەوە پەیدابێ ئەگەر مرۆڤ نەبیت . رەنگدانەوەی سروشت لە لایەك وە لە لایەكی ترەوە پەیوەندی لەگەڵ خەڵك پەیدا نەكات. لە بواری جم و جۆلی كاری بەرهەم هێنان كار مرۆڤ و كۆمەڵگای مرۆڤایەتی هیناوەتە كایەوە،وە لە كاتی كاركردن و جم و جۆلی بەرهەم هێنان مێشك و بیركردنەوەی مرۆڤ گەشەیان كردووە. لەبەر ئەم هویە( ماركس ) دەستی بو ئەوە درێژ كردووە هەر لەسەرەتاوە هوش بەرهەمێكی كۆمەلایەتی بووە تا خەلك بمێنن ئەو هەر ئاوا دەمێنیتەوە. هوش بەرهەمی ژیانی مرۆڤە

له ناو کۆمەڵ وە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی یە ٠ ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە ناشێ هۆش لەدەرەوەی کۆمەڵ بێت ، هەروەها ناشێ (نطق) وزمان لەدەرەوەی کۆمەڵ بن ٠ ( نطق) و زمان پەیدابوون لەبەر ئەوەی هۆی پێویست بوون بۆ ئاڵ و گۆڕکردن لە نێوان خەڵک٠ تەنهاله ووشەکان، بیر دەبێتە ریالیست ٠ خۆ ئەگەر لە ناو سەری ئادەمیزاد بمێنیەوە ئەوا خەلکی تر پی نازانن وەبەم شیوەیە بیرەکە مردوو دەبیت ٠

## بیرکردنەوەو ئامراز

هەڵبەتزۆرکەس گوی یان لەباسی ئامرازە زیرەکەکان بووە٠ بەڵکو هەندێ کەس بیستوویانە چۆن ئەم ئامرازانە بەکاری ئالۆزاو هەلدەستن وەك : وەرگێڕان لەزمانیکەوە بۆ زمانێکی تر ٠ ئاژوانی فڕۆکە و شەمەندەفەر تەنانەت دەتوانن یاری شەترەنج بکەن ٠هەروەها زۆر کاری ( مەنتقی ) ماقول ئەنجام دەدەن کە کاری مێشکن٠ بۆ نموونە ئەم ئامرازانە دەزانن کەی پێویستە شەمەندەفەر بوەستێنرێ وە( بیریان دەکەویتەوە ) ٠ هەر دەڵێی مێشکی مرۆڤن بەلام لە قاوغێکی فلزی دان کاردەکەن ٠ ئەمانە پێ یان دەوتری ئامرازە( سیبیرنیتیك) ە کان ٠ (سیبیرنیتیك ) واتە زانستیئەوسیستەمانەی کە خۆیان خۆیان بەریوەدەبەن ٠

بەلام ئایا دەتوانری ئامرازێك دروست بکری کە لە جیاتی مێشکی ئادەمیزاد کاربکات ؟ نەخێر ئەمە لەتوانادانی یە - راستە ئامراز ئەم کارە زۆر بە تەواوی ئەنجام دەدات کە ئادەمیزاد پیّی دەسپیری و لەمەش زیاتر ڕاستی وادەدۆزێتەوە کە دروست کەری ئامرازەکە خۆی نایان زانێ ٠بەلام لەگەل ئەمانەش ئامراز تەنها یارمەتی دەرە بێ ئادەمیزاد ئامراز تەنها ( میتالیکی مردووە ) ٠

کەواتە لەبەرچی مێشکی ئادەمیزاد بێ سنوور لە هەموو ئامرازێك بەرزترە ؟لەبەر ئەوەی مێشکی ئادەمیزاد بەرهەمی ژیانی کۆمەلایەتی

یە وە لەبەر ئەوەی بیرکردنەوەی ئادەمیزاد مۆرکی کومەلایەتی پیۆمیە یەك میشکی ئەلەکترونی ( عقل الکترونی ) نی یە بتوانیٛ دووبـــــارە گیانی ناوەوەی مروڤ و هەلس و کەوتە چوستەکان دروست بکاتەوە ٠

## بەشـی چوارەم

### یاساو گوتە بنچینەیی یەکانی دیالەکتیکی مارکسیزم

لە پیشەوە روونمان کردەوە کە مەتریال چی یەو لە شیوەکانـــــی بوونی مەتریال دواین ٠ لەمەودوا لەو یاسایانە دەدویین کە بە پیی ئەوانەوە بزووینەوەی مەتریال و هەموو گەشە کردنیك لەسروشتوکومە-لایەتی/هوش و مروڤ روو دەدات ٠ ئەم یاسایانە لە هەموو یاساکـان گشتی ترن ، هەموو شت و دیاردەکانی جیهان بیٛ سیٛ و دوو لیٛ کردن دەکەونە ژیر رکیفی ئەم یاسایانە ٠ ئەمانە پی یان دەوتری یاساکانی دیالەکتیك - دیالەکتیکی مارکسیزم ئەم یاسایانە دەدوی وەك زانستیك دەربارەی گشتی ترین یاساکانی گەشەکردنی سروشت و کومەل و بیـر کردنەوەی مروڤایەتی ٠ پەیوەندی زوریش هەیە لە نیوان یاساو گوتە-کانی دیالەکتیك - هەر دەلیٛی یەکیان تەواوکەری ئەوی تریانە وە هە-موویان بەیەکەوە تەواوترین و گشتی ترین بوچوونمان دەدەنیٛ دەربارە-ی ئەو گەشەکردنە کە ئەمرو لە جیهان هەیە ٠

### یاسا چی یە ؟

بو ئەوەی تی بگەین یاسا چی یە ؟ ئاسانترین نموونە دینینـــــەوە ئەگەر بەردیکمان فریٛ دا هەردەکەویتە سەرزەوی - هەمان شت بە ســـەر ئەو تیرە دادیت کە لە کەوانیك دەردەچیٛ ٠

دەبیٛ ئەم دیاردەیە چی بی وەهویٛ رووداني چی یە ؟ دەبیٛ ئەوەمـان لەبەر چاو بیت کە ئەو دیاردەیەی ئیمە لیی دەدویین٠ دیاردەیـــەك نی یە کە هەندیٛ جار روودات وە هەندی جار روونەدات ، بەلکو دیار-

دەیەکە هەردەبێ رووبدات وەناتوانی روونەدات ٠ شتی فڕێدراو هەر بۆ زەوی دەگەڕێتەوە وە بەپێی یاسای راکیشانی گشتی ( الجاذبیـــە العامة ).ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە سیستەمێکی پتەو هەیە بۆ ئەم بارانە ٠ لە ژیانی رۆژانەمان کە روو بە رووی ئەم دیاردانە دەبیـــتـــەوە دەڵێین ئەمە پەیوەندی یەکی یاسایی بنچینەیی یە لـــە نـــێـــوان دیاردەکان ٠

یاسا ئەم پەیوەندیە قووڵ هەمیشەیی یانە دەردەبڕی،واتەیاسابریتی یە لە پەیوەندی نیوان شت و دیاردەکان ٠ ئەو پەیوەندی یەی کە لـــە ئەنجامی باری کت و پڕ و دەرەکی و سەرپێی نی یە بەڵکو لە سروشتی ناوەوەی دیاردە بەیەك بەستراوەکان پەیدا دەبێ، یاسا ئاوێنەی هەموو پەیوەندی یەکان نی یە بەڵکو تەنها هی پەیوەندی یە بنچینـــەیی و گرنگەکانە ٠

بەڵام ئەمە بریتی نیە لە رەوشتەکانی یاسا و یاسا شتی ناچیـــز ( شاذ ) ناگرێتە خۆی ٠ ئەم گوتەیە مانای یاسا دەردەبڕی ، واتـــە یاسا تەنها لە هەندێ دیاردە کارناکات بەڵکو لە هەموو دیاردەکانی ناو بارێکی باس کراو کاردەکات ٠ بۆ نموونە یاسای ( ئەرخمیدس ) لە هەموو شتە هاوبەش و گشتی یەکان دەدوێت کە لەنێوان تـــەنـــە دانراوەکانی ناو هەر شلەیەك هەن : واتە ئەو پەیوەندی یەی یاســـای ( ئەرخمیدس ) دەری دەبڕێ مۆرکی رەوشتی گشتی پێوەیە ،ئـــابەم شێوەیە هەموو یاسایەك لایەنە گشتی و هاوبەشەکەی دیـــاردەکـان دەردەبڕی ٠ بەم جۆرە یاسا دەربارەی قوڵترین و گشتی ترین زانیاری دەدات ٠

نەك هەر پەیوەندی گشتی بەڵکو پەیوەندی پێویستیش لەناو یاسا دا رەنگ دەداتەوە ٠

لە ژیانی رۆژانە ووشەی ( یاسا ) بەواتایەکی تر بەکار دێـــت ،

هەواڵنامەی کتێب

بونموونە دەڵێین دەولەتیك لە سەر سنوورێکی تازە دەروات کە یاسای بنچینەیی یە بو ژیانی وولات ٠ئەمە یاسایەکی ماف پەروەری یـــە ، هێزێکی دادگایانەی هەیە ، ئیمە کە باسی مەفهومی فەلسەفی دەکەین بۆ یاسا ، مەبەستمان ئەو یاسایانە نی یە کە خەلك دایان دەرێژن ، بەلکو مەبەستمان ئەو یاسایانەیە کە لە خودی سروشت و کــۆمەل هەن ٠

لەبەر ئەوەی شت و دیاردەکان بە شێوەیەکی بابەتی هەن ، ئـــەو پەیوەندی یانەی کە لەنێوانیان هەیە ، واتە ئەو یاسایانەی کە بەپێی ئەوانەوە گەشە دەکەن ، ئەوانیش و یاساکان بە شێوەیەکی بابەتـــی هەن ٠ بۆیە گرنگترین یاسا ئەوەیە کە بە شێوەیەکی بابەتی ،واتـــە یاسای گەشەکردنی سروشت و کومەل بەند نی یە بەهوش و ئیـــرادەی خەلك ، یاساکانی سروشت زور پێش سروشت و زۆر پێش پەیدابوونی کۆمەلگای مرۆڤایەتی کاری خویان دەکرد ٠ ئەوەندە زۆر کۆن نی یـــە ئادەمیزاد لەسەر زەوی پەیدابووە ٠ بەلام ئەو یاسایانەی کە بەپێ یانەوە زەوی دەجولێ زۆر کونن ٠ ئەم گوتەیە لە سەر یاساکانی تـــری سروشتیش دەچەسپێ ٠

هەروەها یاساکانی گەشەکردنی کومەلایەتی مورکی بابەتی یـــان بە خووە هەل گرتووە ، خەلك ناتوانن هەر چونی بیانەوی یاســـاکان بێ ننە کایەوە یاخود لایان بەرن ٠

فەیلەسوفە ، ئیدیالیستەکان بۆ چوونێکی تریان هەیە بۆ ئـــەم مەسەلەیە ٠ دان بەشێوەی بابەتی یاساکان دانانێن ٠ فەیلەســـوفی ئەلمانی عەمانوئیل کانت (١٧٢٤ ـ ١٨٠٨ ) دەلێ سروشت بە هیـــچ یاسایەك بەند نی یە وەهەر شتێك کە لەسروشت دا هەیە لە بارێـــکی گیژاودایە ٠ تەنها بیری ئادەمیزادە کە یاساو سیستەم دەخاتـــە ناو سروشت ٠ ئەگەر ئادەمیزاد نەبوایە یاساکان نەدەبوون ٠ فەیلە-

سوفه بورژوا هاوچەرخەکان هەمان قسە دووپات دەکەنەوە • بەلام ئایا راستە مرۆڤ بەم شێوەیە بیر بکاتەوە •

ئادەمیزادی سەرەتایی هیچ زانیاری یەکی نەبووە دەربارەی یاسا ـ کان لە جیهان ، وە باسیشیان نەکردوون واتە عەقلی پی یــــان نەشکاوە • پاشان کە ئادەمیزاد لە ژیانی رۆژانە دەرکی بەوەکرد کــە پەیوەندی یاسایی هەیە لە نێوان دیاردەکان ، ئەو کاتە دەستی کرد بە لێکولینەوەتیایا • لەوە دەردەکەوی کە بۆچوونی ئیمپریالیزم بــۆ یاسا بە پێچەوانەی • جموجۆلی رۆژانەیە کە شێوەی بابەتی یانــەی یاساکانی سروشت و کۆمەڵ دەسەلمێنی •

بەم پێ یە یاسا پەیوەندی ، پێویست و بابەتی نێوان شت و دیار ـ دەکانی جیهان دەردەبری کە تاریژەیەك هەمیشەیی یە • بەلام دان نان بەشێوەی بابەتی یانەی یاساکانی سروشت و کۆمەڵ بەر پەرچی ئــەوە ناداتەوە کە خەڵك دەتوانــن لەو یاسایانە تێ بگەن و بۆ بەرژەوەنــدی خۆیان بەکاریان بێنن • کورتەی مێژووی زانست و تەکنیك نموونەیە ـ کی روونە کە خەڵك سوود لەو یاسایانە وەردەگرن کە دەیان دۆزنەوەلە جموجۆلی رۆژانەیان • مەتریالیزمی دیالەکتیك دانیبەرۆلی چالاکی هۆش دادەنی لە ژیانی ئادەمیزاد تەنها بوونی خەون و خەیالی رێك، پێمان دەسەلمێنێ کە هۆش بۆچوونی چەوتی نی یە بۆ جیهان ، لــەم بوارە هەر دەلیی پیش ریالیزم دەکەوی و کاری تی دەکات بەشیوەیە ـ کی کاریگەر • بو نموونە ئاشکرایە کە خەیالی نەترسی نــووســەر ( جون فرن ) پیش زور لە دوزینەوەی زانست کەوتبوو ، لە روژگــاری ئەمرومان تیوری مارکسیزم لینیزم بووە بە هیزیکی گەورەو یارمەتــی سەدان ملیون خەڵك دەدات لەسەر زەوی بو دووبارە بیناکردنــەوەی جیهانی کون لە سەر بناغەی تازە •

بەم شیوەیە هەروەك باس کرا ، یاساکان دان بەو پەیوەندی یــە

ناوەرۆکی یانە دەنێن کە هەموو دیاردەکانی سروشت و کۆمەل و بیر-کردنەوە لە یەکتر جیا دەکاتەوە ، ئەمانە پێ یان دەوتری یاسـا گشتی یەکان ، واتە یاساکانی دیالەکتیك ، کەواتە ئەم یاسایـانە چین ؟

٢ ـ یاسای وەرگەرانی گۆرانە چەندایەتی یەکان بۆ گورانی چونایەتی

بۆ دروست کردنی فرۆکەیەك کە بەخێرایی دەنگ بروات ، یـان دروست کردنی راکێتێك ، پێویستیمان بە مەتریالی وا هەیە کە لـە سروشت نی یە کەواتە ئەو مەتریا لانە لە کوێ دێنین ؟ بۆ نموونـە لە کوێ پلیتی لە پولا قایمتر و لە شووشە روونتر دەست دەکەوێ ؟ ئەمانەمان بە هوی کیمیا دەست دەکەوی ٠

زاناکان توانی یان ( پولیمێر ) وەدەست بهێنن ٠ پولیمێر ئـەو مەتریالیە کە گەردیلەکەی لە ژمارەیەکی یەکجار زور ئەتوم پێـك دێت : بە گورینی پێك هاتنی چەندایەتی گەردیلەکان ، زاناکـان چۆنایەتی تازە وەدەست دێنن ٠ واتە رەوشتی تازە بۆ مەتریالەکـان وەدەست دێنن :

کەواتە چەندایەتی و چۆنایەتی چین ؟

هەر شتێك روویەکی هەیە کەبە هۆیەوە ئەو شتە دەناسین ، ئەگـەر سەیری دەورو بەرمان بکەین دەبینین بۆ نموونە شـتیوەك : دار ، مەرەکەب دان ، گیان داریان هەر شتێکی تر هەر یەك لەمانە چەنـد نیشانەیەك یان چەند روویەکی هەیە کە بە هۆیانەوە ئەم شتانە دیاری دەکرێن وە لە شتی تر جیا دەکرێنەوە ، لە بەرچی دەلێین ئەمە قەلە-مە ؟ لەبەر ئەوەی ئەمەی بەر دەممان بریتی یە لە ستونێکی باریـکی قورقوشمی رەش کە بەدار دەوردراوە ، وە دەتوانین بۆ نووسین بەکار-ی بێنین ٠ بەم شێوە رەوشتە سەرەتای یەکانی ئەم شتەم دیاری کـرد بە دیارکردنی ناوەرۆکی ناوەوەی ، وە باسی ئەوەم کرد کە بۆچـی

بەکار دێت ٠

بەم جۆرە چونایەتی بریتی یە لە ناوەرۆکی ناوەوە کەبە شتەکە خۆیەوە بەندە ، چۆنایەتی بریتی یە لە سەرجەمی ڕەوشتە بنچینەیی یەکانی شت کە بەهۆیانەوە لە شتەکانی تر جیا دەکرینەوە ٠

لەسەر چ بنچینەیەك ئێمە حوکم لەسەر چۆنایەتی دەدەین ؟ بۆ نموونە منالێك شووشەیەکی لە بازاڕێك کری ، بەڕێکەوت لە دەستی کەوتە خوارەوە بۆ سەرشوستەی شەقامەکە ٠ بەلام شووشەکە نەشکا ، بەلکو هەروەك تۆپێك دوای کەوتن بەرز بووەوە٠ لە گرنگی دان بەو مەسەلەیە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە چۆنایەتی یەکی تازە دێتە پێشەوە ( شووشەیەك وورد نابێت ) واتە مەتریالی خاوەن چۆنایەتی تازە دێتە ئارا ٠

چۆنایەتی تازەمان دۆزی یەوە بەهۆی دۆزینەوەی ڕەوشتەتازەکان٠ بۆ نموونە باسی چۆنایەتی کان ( معدن ) واتە باس کردنی ڕەوشتەکانی ئەو کانە وەك :ـ ڕەنگی ژەنگ هەلگرتنی یا نە٠ کێشی ئەتوم ( الوزن الذری ) ئایا نەرمە یان ڕەقە ؟ ٠٠ هتد بە باس کردنی ئەمانە دەزانین چۆنایەتی ئەم کانە چی یە ٠ بەم جۆرە ڕەوشت نیشانەی ئەوشتانەیەلەمەبۆمان دەردەکەوێ چۆنایەتی بەهۆی ڕەوشتەوە دەزانرێ ٠

شت تەنیا یەك ڕەوشتی نی یە بەلکو زۆر ڕەوشتی هەیە٠ بۆیە نابێ چۆنایەتی و ڕەوشت تیکەل یەکتر بکەین ٠ چۆنایەتی یەکەیەکی ( وحدە ) ناوەوەی هەموو ڕەوشتەکانە ٠ واتە تەنیا یەك ڕەوشت ناتوانی چۆنایەتی دەربری ٠ بەلکو هەموو ڕەوشتەکان بەیەکەوە دەتوانن چۆنایەتی دەربڕن٠ لەوانەیە کان ( معدن ) ڕەنگی نەمێنێ بەلام هەر پێی دەوتری کان ٠ بەلام وون کردنی هەموو ڕەوشتەکان یان بەلایەنی کەم ڕەوشتە بنچینەیی یەکان ، بەم جورە چونایەتیش وون دەبێ ٠

شت و دیاردەکانی تەنیا لەلایەن چۆنایەتی باس ناکرین بەڵکو لە لایەنی چەندایەتیشەوە باس دەکرێن ، تێگەیشتنی ئەمە ئاسان دەبێ ئەگەر ئەوەمان لەبەر چاوبێت کە باسی شتێك دێتە پێشەوە نەك هەر باسی چۆنایەتی دەکرێت بەڵکو ئەو مەسەلانە دێتە پێشەوە کە پەیوەندی یان بە چەندایەتی یەوە هەیە ( ژمارەی چەند ، قەوارەی چەندە ؟ ـــ هتد )

بەم جۆرەچەندایەتی بریتی یە لە ناساندنی ناوەرۆکی شت و دیاردەکان کە بە ژمارەو چەند قەوارەو پلە دەردەبری •

کە چۆنایەتی شتێك دەگۆری شتەکەش دەگۆری ، بەلام ئایا کـــە چەندایەتی شتێك دەگۆری شتەکەش دەگۆری ؟ باڵەو مەسەلەیە بکۆڵینەوە :ـ

زۆر کەس دەزانن ئاوبەند ( سدة ) چۆن دروست دەکری کە بەری ئاو بگری • ئەوا یەکەم بەردیان فرێ دا بەلام ئێستا ش ئاوبەند پەیدانەبوو دوای هەوڵی دووەم و سێ یەمیش نابێ • بەلام کاتی ژمارەیەکـــی زۆر بەرد فرێ درایە ناو ئاو کاردەکاتە سەر تەوژمی ئاوەکە ، پاش ماوەیەکی کەم بە بەردی زیاتر زێ یەکە بەتەواوی دەگیری • لە بەردی پەرش و بلاو ئاوبەند دروست کرا •

کەواتە چی رووی دا ؟ کاتێ گۆڕانی چەندایەتی لە سنووری دیاری کراودا رووی دەدا وادیار بوو کە چۆنایەتی نەدەهێناکایەوە ، بەلام کە ئەم گۆڕانانە گەیشتنە سنووری پێویست و دیاری کراو کاری کردە سەر چۆنایەتی شتەکە یان دیاردەکە •

کەواتە سنووری دیاری کراو ( معیار معین ) چی یە ؟

ئەگەر مرۆڤ سەیری جیهانی دەوروبەری بکات دەگاتە سەر ئـــەو رایەی کە شت و دیاردەکان بە پێوانەی سنووردار و دیاری کراو هەن• بۆ نموونە بەردێکی بچکۆلە و بەردێکی گەورە هەیە ، لەگەڵ ئـــەوەش

بەرد قەوارەی دیاری کراوی هەیە • ئێوە قەت بەردێك نابینن کە بەرز- ایی یەکەی یەك کیلومەتربێت• ئەوە زیاتر گاشەبەردە•لەوەی سەرەوە دەردەکەوی کە هەموو شتێك لە جیهان پێوانەیەکی هەیە ( معیار ) • ناگری چونایەتی یەکی دیاری کراو چەندایەتی یەکی بێ سنووری هەبێت • بەڵکو دەبێ چەندایەتی یەکی دیاری کراوی هەبێ ، تا سنوورێك خەڵك با لایان درێژ یان ناوەندی دەبێت هەروەها قورسایی یان جیا دەبیت • لەگەل ئەوەشا خەڵك با لایان سنوورێکە قەت نابینین مرۆڤێك با لای پێنج مەتر بیت و قورسایی یەکەی یەك تەن بێت • ئەم چەندایەتی یە لەگەل چونایەتی دیارکراوی ( مرۆڤ ) رێك ناکەوی ، ئەمە لەسەر هەموو شتێك دەچەسپێ • هەریەکە یان چۆنایەتی یەکی دیاری کراوی هەیە کە ناگونجی لەگەل چەندایەتی یەکی دیاری کراو • بو هەموو شتێك پێوانە ( معیار ) رەچاو دەکرێ•

لەوەی سەرەوە بومان دەردەکەوی پێوانە ( معیار ) بریتی یە لە هەموو لایەنە چەندایەتی و چونایەتی یەکانی شت • هەرشتێك بە بەردەوامی بریتی یە لە چونایەتی یەك کە چەندایەتی یەکی دیاری کراوی هەیە •

لەمە دەگەینە ئەنجامێکی گرنگ • ئەویش ئەوە کە ئەگەر گورانی چەندایەتی لە سنووری پێوانە لە شتێك رووبدات ئەوە کارناکاتە سەر چونایەتی ئەو شتە • لەم بارە ، شتەکە گوێ ناداتە ئەم گۆرانانە •

بەلام هەرکاتێ گۆرانە چەندایەتی یەکان لە پێوانە( معیار ) تێ بپەرن ، لەوکاتە کار دەکەنە سەر چۆنایەتی شتەکە •

گۆرانە چەندایەتی یەکان بەرە بەرە کۆ دەبنەوە ، لە سەرەتاوە کار ناکەنە سەر چۆنایەتی شتەکە ، بەلام وەختێك دێت ئەم کۆبوونەوەیە دەردەکەوی ، گۆرانە چەندایەتی یەکان دەبنە هۆی گۆرینی چۆنایەتی لەو شتە• کاتی زاناکانی کیمیا فێری دروست کردنی پولیمێر بوون

توانیان مەتریالی تازە وەدەست بێنن بۆ ئەم مەبەستە یان پشتیان بە یاسای گۆڕانی چەندایەتی بۆ چۆنایەتی بەست ·

دەبێ ئەوەش ڕەچاو بکەین کە نەك هەر گۆڕانە چەندایەتی یەکان دەبنە هۆی گۆڕانی چۆنایەتی بەڵکو بەپێچەوانەی ئەمەش ڕاستە، واتە گۆڕانە چۆنایەتی یەکان دەبنە هۆی گۆڕانە چەندایەتی یەکان·

گریمان خەڵك جۆرێکی تازەیان لە پاقلەی سودانی هێنایە کایەوە ئەمە چۆنایەتی یەکی تازەیە · بەلام ئەم جۆرە پاقلە تازەیە ڕۆنی زیاتری هەیە · بەم جۆرە گۆڕانە چۆنایەتی یەکان دەبنە هۆی گۆڕانی چەندایەتی ، چەندایەتی دەگۆڕێ بۆ چۆنایەتی وە بەپێچەوانەی ئەمە چۆنایەتی دەگۆڕی بۆ چەندایەتی ·

لەبەر ڕۆشنایی ئەمە کاکڵی یاسای گۆڕینی گۆڕانە چەندایەتی یەکان بۆ گۆڕانی چۆنایەتی لەوەدا خۆی دەنوێنی کەلە سەرەتادا گۆڕانە چەندایەتی یە بچووکەکان بەرە بەرە کۆدەبنەوە تالە قوناغێکی دیاری کراودا دەبنە هۆی گۆڕانی بنچینەیی ، چۆنایەتی ، وەبەم هۆیە چۆنایەتی کۆن لادەچێ و چۆنایەتی یەکی تازە دێتە کایەوە وە ئەویش دەبێتە هۆی گۆڕانی چەندایەتی تازە ·

بەلام چۆن گۆڕانە چەندایەتی یەکان دەبنە گۆڕانی چۆنایەتی ؟ هەمووتان بینیتان چون ئاو دەکوڵێ · لەسەرەتا تەنها گەرم دەبێ ، پاشان پلەی گەرمایی بەرزدەبێتەوە · بۆ نموونە تا ٥٠، ٦٠، .. ٧٠ پلە· بەلام ئاوەکە هەر بە ئاوی دەمێنێتەوە · ڕاستە چەند گۆڕانێك ڕووی دا باری ئاوەکە گۆڕاوە بەلام ئاوەکە چۆنایەتی خۆی وون نەکردووە ،ئەمە بەردەوام دەبێ تا پلەی ئاو دەگاتە ٩٠ پلە · ئەوا یەك پلەی تر بەرز-بووە ئاوەکە بوو بە هەڵم لێرە باری چونایەتی ئاوەکە دەگۆڕێ ·

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم نموونەیەی سەرەوە بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ چۆن چەندایەتی دەگۆڕێ بۆ چۆنایەتی · لەسەرەتا پرۆسەکە

لەسەرخۆ دەڕوا ، بەرە بەرە ، گۆڕانە چەندایەتی یەکان ( ئامادەیی ـ یەکان ) ڕوو دەدەن ، بەلام کە بە تێرو تەسەلی کۆدەبنەوە گۆڕانـــە چەندایەتی یەکان بە پەلەو کت و پڕی ڕوودەدەن ، ئەم گۆڕانە پێــی دەوترێ ( بازدان ) • ئەمە ئەوەدەگەیەنێ کەبەگەشەکردنی لەسەرەخۆ ، چەندایەتی یەکی تازە دەست پێ دەکات• خولی گواستنەوەیان گۆڕان بۆ چۆنایەتی یەکی تازە بریتی یە لە خودی ( بازدان ) لەبەر ئەم هۆیە لینین بە بازدان دەلی بریتی یە لە خالی گرنگی گواستنەوە لە چونا ـ یەتی کون بو چونایەتی تازە ( پیچیکی تیژە ) لە گەشەکردن•

لەوانەی باسمان کردن ئاشکرادەبێت کە پرۆسەی گەشەکردن بە دوو قوناغ تێ دەپەڕێ ، بەدوو شێوەدا دەڕوا • گۆڕانە لەسەرخۆ ، کەمە، چەندایەتی یەکان وە گۆڕانە خێرا بنچینەیی یەکان ، گۆڕانی لەسەر- خۆ هەمیشە لە سنووری پێوانەی کۆن ، چۆنایەتی کۆن دەڕۆن • تـــا ئەوکاتە گۆڕانی بنچینەیی بۆ شت و دیاردەکان نی یە بەم واتایـــە دەتوانین پێ یان بلێین گۆڕانە لەسەرخوکان ( التدرج ) Evolution • التدرج بریتی یە لە گەشەکردنێکی مات و لەسەرخۆیی بازدانی تیـژو گواستنەوە بۆ چۆنایەتی تازە • بەلام ئەو گەشەکردنەی کە بەنـــــدە بە داپەلوسینی بنچینەیی بۆ کۆن بەندە بە کودەتای چۆنایەتی لــــە پەیوەندی یە کۆمەلایەتی یەکان و بیرەزانستی یەکان و باری تەکنیك ••• هتد • ئەمە پێی دەوترێ گەشەکردنی شۆڕشگێڕانە •

دەبێ ئەوەمان لەبەر چاوبێت کە مەفهومی ( التدرج ) زور جاران میتافیزیەکان دەیشیوێنن •

میتافیزی یەکان دەلێن گەشەکردن تەنها لە ڕێی ( التدرج ) دەبێت بی هیچ بازدانیك • ئەوان دەلێن گۆڕانەکانی جیهان تەنها بریتی یە لە گۆڕانی چەندایەتی و چۆنایەتی • لە ئارادانی یە وە هیچ شـتێك نی یە لە سروشت کە تازە بێت لە لایەنی چۆنایەتی • بەم تێ ڕوانینـە

دەڵێن ( التدرج المبتذل ) لە بەر ئەوەی ( التدرج لیرە زۆر کرچ ودرسو شیواوە • لایەنگیرانی ئەم بۆچوونە دان بە خەباتی شۆرشگێرانـــــە نانین دژی ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم •

هەروەها رایەکی میتافیزی تریش هەیە کە گیرە شیوێن و چەپ رەوە هەڵەشەکان دەری دەبرن • ئەمەش بێ زیان نی یە .ئەمانە دان نان بـە پرۆسەی ( التدرج ) ، پرۆسەی گۆرانە چونایەتی یەکان • وە تەنهـا دان دەنێن بە بازدانەکان ( تەقینەوە شۆرشگێرانەکان ) وەبێ قوناغی ئامادەبوون بۆ گەشەکردن ، بێ بەرە بەرە خستنە گەری هێزەکان •

بە پێچەوانەی میتافیزیە یەك لایەنەکان مەتریالیزمی دیالەکتیك دەڵێ پەیوەندیەکی قووڵ هەیە لەنێوان هەردوو لایەنی تەدریجی و شۆ- رشگێری پرۆسەی گەشەکردن دا • ئەو پەیوەندی یە لەوەدا خۆی دەنو- ێنێ کە ئەو دوو پرۆسە بەبێ یەکتری نابن • بێ گۆرانە چەندایەتی یە کان ، بەبێ ( تەدریجی یە) کان گۆرانە چۆنایەتی یە شۆرشگیرەکـان نابن • وەبەبێ گۆرانە چونایەتی یەکان شۆرشگێرەکان پیوانەی تـازە بۆ قۆناغی تازە ، بوونی نی یە ، واتە گەشەکردن بوونی نی یە •

با سەرنج بدەینە ئەم مەسەلەی خوارەوە •

بازدانەکان چین وە بەچی یەوە بەندن ؟

ئاسانە بروا بێنین کە زۆر شیوەی جیا جیای بازدان هەن ، ئەگـەر سەرنج بدەینە ئەم نموونانەی خوارەوە ••• بێ گفتوگۆ کردن بوونـی مەیموون بە ئادەمیزاد بازدانێکی گەشەکردنە لە جیهانی گیانـدار ، بەلام ئەم گواستنەوەیە بەیەك رۆژ رووی نەداوە قوناغێکی گـەورەی مێژووی خایاندووە ـ دەیان هەزار ساڵ • نموونەی کولانی ئاوەکـە شیوەیەکی تر بوو بۆ ( بازدان ) • ئەم دوو شیوەیە لە یەکتر جیـان بەوەی یەکیان لە قوناغێکی مێژوویی گەورە رووی داوە وە ئەوی تریان لە کاتێکی کورت رووی دەدات • واتە کات رۆلێکی گەورەی هەیە لـە

دیاری کردنی شیوەی بازدان ٠

هەروەها شێوەکانی گواستنەوە لە چۆنایەتی یەك بۆ چۆنایەتی ـ یەکی تر واتە شێوە جیاکانی بازدان بەندن بە سروشتی ئەو دیاردانەـ ی گەشەدەکەن وە ئەوبارانەی تیایا گەشەکردن روودەدات ٠ ئەمە لەم نموونەی خوارەوە روون دەبێتەوە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری بازدان لە ئەنجامی هاوێرکەر ( محرکة فاصلە ) روودەدات ، لەبەر ئەوەی ئەم کۆمەڵگایە دەبێتە چەند چینێکی دژ بەیەکتری ٠ بەلام لە گەشەـ کردنی کۆمەڵگای سۆسیالیزم کە چینە ناکوکەکان بوونیان نی یە لەم گەشەکردنە ٠ بازدان و پیچەکان لە ئەنجامی نەمانی لەسەرەخۆی چونایەتی کون و زیادبوونی ئامیرەکانەگۆرانە بنچینەیی یەکان بە پێی کۆبوونەوەی چینایەتی یە تازەکان دەبێ ٠

لەم و لاتانەی لەرولمی کولونیالیزم رزگاریان بووەگورانەبنچینەیی یەکان لە ژیانی گەل وەك بلاوبوونەوەی هەرەوەزی جوتیاران و دامەزراـ ندنی پیشەسازی ، ئەمانە بە شیوەیەکی لەسەرە خـــو روودەدەن، شیرازەی ئابووری نیشتمان دەگورێ ، شێوەکونەکانی بەرهەم هێنان نامینێ وە شێوەی تازە پەیدا دەبێت ٠٠٠هتد ٠

لەوانەی باسمان کردن دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەیاسای گواستنەوە گورانە ەی چەندایەتی یەکان بو گورانە چونایەتی یەکان ناوەروکی چونایەتی یە تازەکان دەردەخات ، واتە بناغەی خودی گەشەکردن٠کەواتە هیزی بزوینەر و سەرچاوەی گەشەکردن چی یە ؟ یاسایەکی تری دیالەکتیك وەلامی ئەم پرسیارە دەداتەوە ئەویش پیی، دەلین :ـ

٣ـ یاسای یەکییتی و ململانیی ناکوکەکان ( قانون وحدة وتناقض الاضداد ) ٠

لە کونەوە زاناکان خۆیان بە ( ناکۆکی ) یەوە خەریك کـردووە٠ میتافیزی یەکان وا یان بیردەکردەوە کە نابێ ناکۆکی یەکان لـــە

قسەکانمان هەبن ، وەدەیان گوت هەروەها نابێ لە سروشت لایەن و ناکۆکی جیاجیا هەبن • فەیلەسوفی یونانی ( زینون ) کە لەسەدەی پێنجەمی پێش زایین ژیاوە دەست نیشانی کرد کە ئەگەر ناکۆکی دۆزرایەوە ئەوە ریالیزمانە نی یە ، وە ناکرێ هەبێ وەهیچ مانای نی یە هەندێ لە فەیلەسوفە بورژواها وچەرخەکان هەمان هەلوێستیان هەیە • بۆ نموونە فەیلەسوفی ئەمریکی کۆنەپەرست ( سیدنی هوك ) دەڵێ لەوانەیە حوکم دان و بەڵگەکان ناکۆك بن بەلاّم ناشێ شت و دیاردەکان ناکوك بن •

کەچی زانیاری و جم و جۆلی رۆژانەدەی سەلمێنن کە ناکۆکی و لایەنی دژبەیەك لە هەمان شت و سروشت هەن • باسەرنج بدەینە ئەندامەتی ئادەمیزاد و گیاندار ، لەهەمان کاتدا دوو پروسەی دژ بە یەکتر تیایان روو دەدات :ـ
خانەکان ( Cell ) گەشەدەکەن وە لە هەمان کات دا لەناو دەچن • ئەگەر یەکێ لەم دوو پروسەیەوە بوەستا ئادەمیزاد یان گیاندار کە شپرزە دەبێ • لەهەر کوێ بێت ئەم دوو پرۆسەیەروودەدەن ئەمانە ناکۆکی یەکانی سروشتن • وەناشێ ئەمانە روونەدەن •

کەواتە لەبەرچی ئەم دوو پرۆسەیە هەن ؟ بۆ ئەوەی لەوە بگەین جارێ دەبێ سەرنج بدەینە دژەکان وەکەی ناکوکی نێوانیان دەردەکەوێ ؟

با سەرنج بدەینە جم و جۆلی ئاسایی رۆژانەمان• بەچ واتایەك ئێمە ووشەی دژ بەکار دینین ؟ قوتبی باکووری زەوی دژ بە قوتبی باشوورە ، لای راستی رێگا دژ بە لای چەپی یەتی •••هتد• کاتی بەراورد لەنێوان چەند شت بکەین دەبینین رەوشتە کانیان لە یەکتر ناچن بە جوریك ئێمە دەتوانین بەرهەلستی یەکتریان پی بکەین •لەم بارانە دەڵێین ئەم شتانە ، ئەم دیاردانە دژ بە یەکترن : بو نموونە

ئادەمیزادی باش و ئادەمیزادی خراپ ، بوچی ئیمە بەرهەلستی ئەم دیاردەو رووداوانە بە یەکتر دەکمین ؟ لەبەر ئەوەی دیاردەیەك ئەوی تر بەلاوە دەنی ، دژەکان ئەو دیاردەو لایەنانەن کە یەکتر بەلاوە دەنین •

بەلام ئەگەر خراپە لە شوینیکی دوور لە باشە هەبوو بە مەرجی هیچ شتیك کویان نەکاتەوە ، هیچ ململانی یەکی دوژمنایەتی لە نیوان ئەم دوو دژە نابی • بەلام کەی ناکوکی پەیدا دەبی لە نیوان ئەو خەلکانەی رەوشت و بیرو باوەریان جیایە ؟ ئەو کاتە پەیدا دەبی کە بەیەکتر دەگەن یان دەستەو یەخەی یەکتر دەبن ئەگەر گفتوگوش لەگەل یەکتر نەکەن •

ئا ئەمانەن دژەکان •

ئابەم شیوەیە ئەگەر قولتر سەرنج بدەین ئاسانتر تی دەگەین کە دژەکان لە جیهان ، لە ژیان هەن وە هیچ شتیك لەیەکتریان جیا ناکاتەوە بەلکو تەنها لە پەیوەندی نیوانیانەوە تی یان دەگەین• بو نموونە کەم کو ( زائد و ناقص ) لە ماتماتیك ، وەکار و کاردانەوە لە میکانیك • ئەمانەوە تەنها بەیەکەوە دەبن دوو دوو • ئیمە کە بە هیزیك پال بە بەلەم وە دەنیین بە هەمان هیز بەلەمەکەش پال بە ئیمەوە دەنیت • کار بی کاردانەوە ( فعل و ردالفعل ) بوونی نی یە •

لە نیوان ئەم دژانەی بە یەکتر بەندن چەند پەیوەندی یەك پەیدا دەبی بویە ناکوکی ، بەیەکادادان ، لیك خشاندن پەیدا دەبی، لەبەر ئەوەی ئەوانەی بەیەکتری دادەدەن ئەمانە هیزی دژ بەیەکترن بویە ناکوکی بریتی یە لە پەیوەندی نیوان دژەکان • بەلام دژەکان بریتین لە لایەنەکانی ناکوکی یەکە •

ئەگەر شت و دیاردەکان نەگورین ، ئەگەر ئەمانە تاسەری هەروەك

خویان بمێنن ناکوکیان تیا بەدی ناکرێ ، ئەو لایەنانەی کە یەکتربە لاوەدەنین . بەلام ئێستا ئێمە دەزانین کە ئەمانە لە جولەو گۆڕان و گەشەکردنی بەردەوام دان بۆیە لایەنی جیاجیا بە بەردەوامی لـــە شتەکان دەردەکەوێ . هەندێکیان ماوەی خۆی دەژی و پیردەبێ و گەشە دەکا . بەکورتی دەلێین لە جیهانی گەشەکردوو بە بەردەوامی لایەن و هیزە دژەکان پەیدادەبن . ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە ناکوکیش پەیدا دەبێ .

لەوانەی باسمان کرد دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە دژەکان بەیەکەوە لکاون وە پەیوەندی نیوانیان پتەوە و ناپچرێ و دژەکان بێ ئـــەو پەیوەندی یە نامێنن . بەو پەیوەندی یە دەوترێ ( یەکێتی دژەکـــان ) میتافیزی یەکان دان بەو یەکێتی یە دانانین . ئەوان لەو باوەڕەدان کە هەر دژێك ( ضد ) بەسەربەخۆیی هەیە . بەلام لە ڕاستی دا شتەکـە بەو شێوەیەنی یە ، پاکار گەیەك یان هەرەوەزێك بەنموونە بێ نینەوە لەم دەزگایانە شتێك هەیە پێی دەلێن خەرج کردن ( نفقات ) واتــە ئەو پارەیەی خەرج دەکرێ وەشتێکی تر هەیە پێی دەلێن دەســکەوت ، واتە ئەو پارە یان شت و مەکەی دەستیان دەکەوێ . ئایا دەزگـــا کـە دەتوانێ تەنها خەرج بکات بێ ئەوەی هیچی دەست بکەوێ ؟ ئاشکرایە کە ئەمە ناکرێ . وە دەزگاکە ناتوانێ کاربکات ئەگەر پارە بۆ مەتر- یالی خاوو شتی تر خەرج نەکات .

با سەرنج بدەینە نموونەیەکی تر . هەروەك باسمان کرد ژیانـــی مرۆڤ و گیاندار لە دوو پرۆسەی دژ بە یەکتر پێك دێت: هەندی خانـە لەناودەچن و خانەی تر دروست دەبن . سەرنج بدەنە ئەم مرۆڤەی کـــە دەلێ بۆ ئەوەی تەمەن درێژ بکرێ دەبێ پرۆسەی لەناوچوونی خانەکـان بوەستێنرێ وەتەنها پرۆسەی تازەبوونەوەی خانەکان بهێلرێتەوە .واتە تەنها خانەی تازە دروست دەبێتەوە . ئەو مرۆڤە وابیردەکاتەوە ئـەوە



هەولێرنامەی کتێب

هەڵەیەکی گەورە دەکات : مەسەلەکە ئەوەیە کە ژیان لە دوو پرۆسەی دژ بەیەکتر پێك دێت کە ناشێ لە یەکترجیابکرینەوە . ژیان بریتی یە لەیەك پرۆسە کە ئەویش لە هەمان کات پرۆسەیەکی ناکۆکە .

میتافیزیەها وچەرخەکان بەم شێوەی خوارەوە حوکم دەدەن:ـ لە کۆمەڵگای سەرمایەداری لایەنی باش و لایەنی خراپ هەن . ئەوان لەو باوەڕەدان بۆ ئەوەی لایەنە خراپەکان چاکتر بین دەبێ لایەنەباشەکان گەشەیان پێ بدرێ و لایەنە خراپەکان لابردرێن:ـ ئەوان دەڵێن لەو کاتە دەتوانرێ کۆمەڵگای شادی و هەرزانی بۆ هەموان بەدەست بهێنرێ . ئەوە وەك بیرکردنەوەی ئەو مرۆڤەیە کە دەیەوی تەنها پرۆسەی تازە بوونەوەی خانەکان هەبێ و پرۆسەی نەمانی خانەکان رابگرێ ، هەروەك لە ئەندامی لەش ئەو شتە ناکرێ لە کۆمەڵگای بورژواش ناکرێ .

دژەکان لەتەنیشت یەکتر نین . بەڵکو یەکیان گرتووەو یا چوونەتە ناو یەکتری بە تێکڕایی کۆمەڵگای بورژواپێك دێنن . بۆیە ناشێ لایەکی لابەرین و لایەکی تری لە جێی خۆی بمێنێتەوە . سەرکردەکانی پارتی کرێکارانی ئینگلتەرە کاتێ رژێمیان بە دەست بوو هەوڵیان دا وولات لە هەندی کەم و کوری سەرمایەداری رزگاربکەن . بەلام ئەم کارە بێ ئەنجام بوو . ئاشکرایە ئەگەر بمانەوی لایەنە خراپەکانی سەرمایەداری لابەرین دەبێ سەرمایەداری خۆی لابەرین وە هیچ ریگەی تر نی یە .

بەم جۆرە یەکێتی دژەکان لەوە خۆی دەنوێنێ کە پەیوەندی یەکانی لە یەکتر جیایان ناکاتەوە هەموویان بە یەکەوە یەك پرۆسەی ناکۆك پێك دێنن . دوو دژەکە مەرجن بۆمانەوەی هەریەکەیان واتە یەکی یان نابێت بێ ئەوی تر .

هەوڵ دانی بەیەکادانی دژەکان پێی دەووترێ ململانی لە نێوانیان

لەبەر ئەوەی هەر شتێك ، هەر پرۆسەیەكلە دوو لای دژ بەیەكتر پێـك دێت • ئاسانە دان بەوە دابنێین كە ململانێ هەیە لە نێوان ئـەم دوو لا دژبەیەكتری یە ، هۆی ئەمە چی یە ؟

ململانێی نێوان دژەكان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە ئەوانە بەیەكەوە بەندن وەلە یەكێتی دان ، وەلەهەمان كات یەكتری بەلاوەدەنێـن كاریكن)دەبێ روو بدەن • واتە هەر كاتێ دژەكان لە یەكێتی دابوون لەگەل یەكتری)ململانێش دەبێ لە نێوانیان • ململانێی دژەكان واتە (هەوڵ و هیوای ) هەریەكەیان بۆ دەست بەسەراگرتنە سەر گرنگی سەرەكی دیاردەیەكی دیاری كراو •

دیاردە لە ریالیزمدا یەكێتی و ململانێی دژەكان هەن چی دەوری سەرەكی دەبینێ لە گەشەكردن ؟

یەكێتی دژەكان دەوری سەرەكی نابینێ بەڵكو ململانێی دژەكانە ئەو ململانێ یە یەك چركە ناوەستێ ، پەیوەندی هاوگۆری ( متبادل ) نێوان دژەكان لێرەدا خۆی دەنوێنێ : لەبەر ئەوەی دژەكان یەكتری بەلاوە دەنێن و ( نەفی ) یەكتر دەكەن واتە ئەوانە لەباری ململانێن لەگەل یەكتری • بۆیە هەر چەند یەكێتی دژەكان ریژەیی یە ، كاتی- یە ، سەرەرۆیی یە ، ململانێ یان هەروەك ( لینین ) دەلێ موتلەقە • هەروەها گەشەكردن و بزووتنەوەیان • بێ سنوورە • ئـەمە ئەوە دەگەیەنێ كە ململانێی دژەكان سەرچاوەی گەشەكردنی بزووتنەوەیە •

بۆ ئەوەی لەمە بگەین با سەرنج بدەینە چەند نموونەیەك •

چۆنایەتی تازە لە ئەنجامی بەرە بەرە كۆبوونەوەی گۆرانە چەندا- یەتی یەكان پەیدا دەبێ • بەلام چی ئەم پرۆسەیە دەبزوێنێ ؟ كاتێ ئاو گەرم دەكرێ ، لە ئەنجامی خێرایی بزووتنەوەی گەردیلەكان زیاد دەكات وە هێزی راكێشانی گەردیلەكان كەم دەبێتەوە • بەهۆی ئـەم هێزی راكێشانەیە ئاوباری شلەیی خۆی دەپارێزێ • وەلە گەرمایـی

کولان هێزی ڕاکێشانیان ئەوەندە کەم دەبێتەوەو باری شلەیی ناپارێزێ وە ئاوەکە بە پەلە دەبێتەهەلم . هەموو ئەو شتانە بەهۆی ململانێی دوو شتە دژبە یەکتری ڕوو دەدات . لە لایەن هێزی ڕاکێشانی گەردیلەکان وە لە لایەکی تر ئەو هێزەی پالیان پێوە دەنێ ، بەرادەیەکی ئەوتۆ کە گەردیلەکان لە یەکتری جیا دەبنەوە . ململانێی نێوان ئەم دوو هێزە بەردەوام دەبێ تا ئەوکاتەی ناکوکی نێوانیان نامێنێ : بارێکی تازەی ناکوکی تازە دێتە کایەوە : ئاو دەبێتە هەلم . لەوە دەردەکەوی کەنەمانی ناکوکی دەبێتە هۆی چونایەتی تازە ، گەشە کردنی تازەو بزووتنەوەو گورانی تازە .

هەمان شت لە کۆمەڵ ڕوودەدات . ئەو ناکوکی یانە . لە ئەنجامی ململانێی دژەکان پەیدادەبن وە نەمانی ناکوکی یەکانی کۆمەڵ دەگاتە پلەیەکی بەرزتر ، کۆمەڵێکی تازەی سوشیالیست لە جیاتی کۆمەڵی بورژوای کۆن دێتە کایەوە . بەم شێوەیە ململانێی دژەکان و نەمانیان دەبنە سەرچاوەی گەشەکردنی کۆمەڵ .

بەم جۆرە یاسای یەك گرتن و ململانێی دژەکان لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە هەموو شت و پروسەکان لایەنی ناوەوەی ناکوکی یان هەیە کە بە پتەوی یەکی یان گرتووە . وەلە هەمان کات دا لە ململانێ یەکی بەردەوام دان لەگەل یەکتر . ئەم ململانێی دژانە سەرچاوەی ناوەوەی هێزی بزوێنەری گەشەکردنە ( لینین ) بەو یاسایەی ووت : ( کاکلی دیالەکتیك ) .

لە باری یەکەم ناکوکی یەکان زەحمەت و چینایەتین بەلام لەباری دووەم ناکوکی یەکان لەنێوان دووهاورێن لەکار . شێوەی چارەسەر کردنیان جیایە لە دووبارە کە : شێوەی یەکەمی ناکوکی یەکان پێی دەوترێ ناکوکی یە لەناوبەرەکان (تناقضات تناحریە) وەشێوەی دووەمی ناکوکی یەکان پێی دەوترێ ناکوکی یەلەنا و نەبەرەکان

( تناقضات غير تناحرية )له هەرکوێ ململانێ لەنێوان بورژواکـــان
هەبێ دەتوانرێ چارەی بکرێ ، ئالێرە ناکۆکی بە لەناوبەرەکان دەبێ .
لە کۆمەل ، ناکۆکییە لەناوبەرە ئالوزەکان پەیدادەبێ وەك ناکوکـــی
نێوان هێزو چینە دژبەیەکەکان . وە دەبێتە هۆی ناخۆشی و بەیەکادان
لە نێوان دەرەبەگ و جووتیاران ، لەنێوان بورژواو پرۆلیتاریا ، لـــە
نێوان گەلانی کۆلونی یەکان و ئیمپریالیستەکان .

بە سەرنج دانی کۆمەلگای سەرمایەداری ئەمە روون دەکەینەوە .

کومەلگای بورژوا کاتی تێپەریوە . وەبۆتە کۆسپێك لەرێـــگای
پیشکەوتنی کۆمەلایەتی . لەم رۆژگارە ناکرێ بەسەرکەوتوویی بەرهەم
هێنان بەرێوەببردرێ ئەگەر لەسەر بناغەی پرۆگرام دانان نەبێ . بەلام
لەژێر سایەی سەرمایەداری ئەمەناکرێ . لەبەر ئەوەی لە سیســتەمی
سەرمایەداری دەسەلات بۆ خاوەنیتیکەسی دەگەریتەوە . وەهەروەهـــا
دەگەرێتەوە بۆ ململانێ و پال پێوەنان و پێشبرکێ ( تنافس ) لـــە
ئابووری لە نێوان سەرمایەدارەکان ، لەنێوان کۆمپانیاکان ، ئـــەم
جۆرە بەرێوەبردنەی ئابووری دەبێتە هۆی نانەوەی ئاژاوە لەبەر هـــەم
هێنان ، لەبەر ئەمانە لە کۆمەلگای سەرمایەداری کارەساتی زیـــدە
بەرهەم و بێ کاری پەیدا دەبن ، جەماوەر بۆ کرینی کالا ( بضائـــع )
کەم دەبیتەوە . ئەمە دەبێتە هۆی کەمی بەرهەم و بلاوبوونـــــەوەی
بێ کاری .

هەموو ناکوکی یەکانی تر کە دەبنە هۆی شپرزەبوونی کۆمەلگـــای
سەرمایەداری هاوچەرخ بەم ناکۆکی یە بەندن و تووشی هەلاکەتـــی
دەکەن .

ململانێ یەکی قوول هەیە لەنێوان وولاتانی ئیمپریالیست و ئەو
وولاتانەی تازە سەربەخۆیی خۆیان وەدەست هێناوە یان خەبات دەکەن
بۆ رزگاری گەلانی ئەفریقاو ئاسیاو رۆژهەلاتی نزیك و ئەمریــکای

لاتینی ئامادەنین بۆ ئیمپریالیستە دزەکان چۆک دادەن وە خەبات
دەکەن بۆ رزگاری . ململانێی کارو سەرمایە ، ناکۆکی نێوان گەل
و مۆنۆپۆلەکان ، وەبوگەن بوونی سیستەمی سەرمایەداری .وەناکۆکی
یەکانی نێوان وولاتە نیشتمانی یە تازەکان و وولاتە کولونیالیستە-
کان وە شتی سەرەکی کە بریتی یە لەگەشەکردنی بە تەوژمی سوسیا-
لیزمی جیهانی . ئەمانە هەموویان ئیمپریالیزم دەشلەژێنن و دەبنە
هۆی لەناوچوونی سەرمایەداری . ئەمە دوا رژیمی چەوسێنەرە .واتە
چون ناکۆکی یە لەناوبەرەکان چارەسەردەکرین ؟

ناکۆکی یە لەناوبەرەکان ئەو ناکۆکی یە زەحمەتانەن لە نێوان
هێزو بەرژەوەندی و ئامانج و بیروباوەرە کۆمەلایەتی یە دژبەیەکەکان
کە دەبنە هۆی کێشەو بەیەکدادان . چارەسەرکردنی ئەمانە لە رێگەی
شۆرشی کومەلایەتی و خەباتی توند دەکرێت . لە چوار چێوەی پەیوە-
ندی یە کۆمەلایەتی یە کۆنەکان چارەسەری ململانێ ناکرێ . لە
پێناوی چارەسەرکردنی ئەمانە دەبێ بەرێگەیەکی شۆرشگێرانە ئەم
ئەم پەیوەندی یە لەناوببرێت .بەلام ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە
هەمووکات چارەسەرکردنی ناکوکی یە لەناوبەرەکان بەهەمان شێوە
دەکرێت ؟

نەخێر ئەمە بەندە بەو بارو دۆخانەی کە ئەوناکوکی یانەی تیا چارە-
سەر دەکرێت، بۆیە لەبارە مێژوویی یە جیاکان شێوەی جیا جیا هەیە
بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی یە لەناوبەرەکان . بۆ نموونە هەندێ لە
وولاتان سەربەخۆیی نیشتمانی یان بەدەست هێناوە پاش خەباتێکی
چەکداری درێژخایەن وە هەندێکیان پاش خەباتی سەختی جەماوەری
وەدەستیان هێناوە بێ پەنابردنە بەر خەباتی چەکداری .

بەلام ناکۆکی یە نالەناوبەرەکان ( تناقضات غیر انتحاریه) بر-
یتین لە ناکۆکی نێوان ئەو هێزە کۆمەلایەتی یانەی کە لەهەمان کات

دا بەرژەوەندی زیندووی هاوبەشیان هەیە • بۆ نموونە ناکوکی نێوان چینی کریکار و جوتیاران ، لەنیوان خەلکانی دواکەوتوو پیشکەوتوو لە کومەلیك کە ژیانی خوی لەسەر بناغەی تازە بنیات دەکات •

لە ژیر سایەی ناکوکی یە لەناوبەرەکان کە رەوشتی کومەلگای سوسیالیزمە ، لیرە ناکوکی یەکان قوول نابنەوە و نابنە دژی یەکتر • بەلکو بە پیچەوانەوە ناکوکی یەکان کەم دەبنەوە • لەبەر ئەم هویە ریگەی چارەسەرکردنی ناکوکی یە نالەناوبەرەکان جیایە لە چارەسەر-کردنی ناکوکی یە لەناوبەرەکان هەروەك ناکوکیەکانیش جیان• ئەم ناکوکی یە نالەناوبەرانە لە ریگەی شورشی کومەلایەتی و کودەتای رامیاری چارەسەر ناکرین ، بەلکو بە پەروەردەو رەخنەلەخوگرتن چارەسەر دەکرین• لە کومەلگای سوسیالیزم ناکوکی یەکان خوی دەست نیشان دەکریت و ریگەی چارەسەر کردنی بو دیاردەکریت •بویە نابی بەیەکادادانی زەحمەت لە نیوان هیزو بەرژەوەندی دژەکان• لە بەرئەوەی لەباری کومەلگای سوشیالیزم یەکییتی بەرژەوەندی هەیە وە یەکیتی بیری رامیاری کومەل پتەو دەبی •

لە وولاتە گەشەکردووە رزگاربووەکان لە کولونیالیزم تەنها بە ریگەی ناسەرمایەداری ناکوکی یەکومەلایەتی یەکان چارەسەر دەکرین نەبوونی ناکوکی یە لەناوبەرەکان لە کومەلگای سوسیالیزم ئەوە ناگەیەنی کە هیچ ناکوکی یەك لە کومەل نی یە • لە ژیرسایەی سوسیالیزم ناکوکی یە نالەناوبەرەکان ( تناقضات انتحاريه ) کاری خویان دەکەن وە هەر لە چوار چیوەی ئەم سیستەمە کومەلایەتی یە دەتوانری چارەسەر بکریت •

بەلام چون گەشەکردن روودەدات ؟ وەبەکامەلادا دەروات ؟

## ٤- یاسای نەفی کردنی نەفی

هەموومان لە جیهانی دەوروبەرمان بەبەردەوامی دیاردەی وەك زۆر پیربوون ، هەڵ وەرین ، مردن دەبینین ئەم دیاردە سروشتی یە هەرچۆنی بێت سەرەتایەکی هەیە ، واتە لە کاتێکدا پەیدا بووە ، پاشان گەشە دەکات و زیاد دەکات و بەهێز دەبێ لە دوایی پیر دەبێ و کاتی بەسەر دەچێ .

بەم جۆرە دەبینین کە کاکڵی ( نەفی ) لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە پرۆسەیەکی هەمیشەیی لە جیهان روودەدات ، ئەم پرۆسەیە پرۆسەی تازەبوونەوەو نەفی و لەناوچوونی دیاردەکۆنەکانەو پەیدابوونی دیاردەی تازەیە . بەم جۆرە نەفی بریتی یە لە گەشەکردنی دیاردەو گواستنەوەی بۆ پلەیەکی تازەو بەرزتر .

بۆ ئەوەی لەوە بگەین دەبێ ئەوەمان لەبەر چاوبێت کە پرۆسەی نەفی ، لەناوچوونی ئەو دیاردانەیە کە کاتیان بەسەرچووە . ئەم پرۆسە بەزۆر شێوە روودەدات . بۆ نموونە هەر ئامێرێك کۆن دەبێ . ئەمە نموونەیەکە بۆ نەفی بەواتاباوەکەی کە باسمان کرد .

ئەگەر ئێمە ئامێرێك تێك بشکێنین و لەناوی بەرین . بەهۆی ئەم جۆرە نەفی بەهیچ بارێك دروست نابێ بۆ گەشەکردنی تازە . ئەم جۆرە نەفی یە لەژیان بەرەو رووەمان دەبێتەوە . وەلەهەندێ باری تایبەتی دەبێتە کارێکی پێویست هەر چەند هێڵی بنچینەیی مێژوو بریتی یە لە بیناکردن .

ئەو دیاردە تازانەی کەلە سروشت و کۆمەڵ پەیدا دەبن ئەوانیش بە ریگای سروشتی خۆیان تێ دەپەرن . واتە لەگەڵ تێ پەرینی زەمان پیر دەبن و شوێن بۆ دیاردەو هێزی لە خۆیان تازەتر چۆڵ دەکەن ، ئەگەر جاران کۆنەیان نەفی دەکرد لەبەر ئەوەی ئەوان تازەبوون و ئێستا

خۆیان کۆن بوون وە لە لایەن دیاردەی لە خۆیان گەنج تر و تازەتر و بە هێزتر نەفی دەکرێن •

لەبەر ئەوەی جیهان بێ سنوور دیاردەی تیایە ، پرۆسەی نەفی کردن بێ وەستان و بێ کۆتایی ڕوودەدات • واتە پرۆسەی نەفی کردنی کۆن و بیناکردنی تازە بێ وەستان ڕوودەدات •

با سەرنج بدەینە ئەم نموونەیەی خوارەوە :- وەدەست هێنانی بەرهەمی دانەوێلە پێویستی بە چەند قۆناغی یەك لەدوای یەك هەیە : دانەوێلە چاندن ، ڕوان ، پێ گەیشتن و کۆکردنەوەی بەرهەم • لەکاتی لەکاتی چاندن ئەو دەنکانە دەکەونە ناو گل و دەنکەدانەویلە نامێنی ئەمانە بە پرۆسەی نەفی کردن تی دەپەڕن • لەو دەنکانە ڕووەکی تازە دەڕوێن • ئەم ڕووەکانە گوڵ دەردەکەن و گوڵەکان چاك دەکرێن •وەلە کۆتایی دا دانەوێلە دەبێتە بەرهەم • تیکرای پرۆسەی دانەویلە بە دەست هێنانی بریتی یە لە نەفی کردنی نەفی •

ڕاستە ئێمە لە کۆتایی دا ئەوشتە بەدەست دینین کخ لە یەکەم جار دەستی پی دەکەین • بەلام ئەم دووبارەکردنەوەیە لە سەر بناغەیەکی تازەو بەرزتر • ئەگەر لە کوتایی ئەم پروسەیە خەلك هەمان چەندایەتی وەدەست بینن هەروەك دەست پی دەکەن ئەوکاتە کاری جووتیار بی سنووردەبوو • سەرەتا ( دانەویلە چاندن ) وە کوتایی ( کوکردنەوەی دانەوێلە ) • ئەمانە دوو پلەی گەشەکردنن •وە جیان لە باری چونایەتی پلەیەکی نزم و پلەیەکی بەرز • لەبەر ئەم هویانە گەشەکردن لە شوێنی خوی ناوەستی بەلکو یاسای نەفی کردنی نەفی ئەوەیەکە لەو پرۆسەی گەشەکردن هەر پلەیەکی بەرز پلەی پیشوو نەفی دەکات و دووری دەخاتەوە •وەلە هەمان کات بەرزی دەکاتەوە بو پلەیەکی تازەو، هەموو ناوەڕۆکی پۆسەتیڤ گەشەکردنی دەپارێزێ •

نەفی کردنی نەفی ( دیالەکتیك ) بریتی یە لە نەفی کردن و پارێز

گاری بە هەمان ڕادە ، بەلام پاریزگاری شتە پوسەتیڤەکان لە دیـاردە کۆنەکان بێ ئەوە گەشەکردن قەت نابێ • نەفی کردنی دیالەکتیـــك بریتی یە لە لایەنی پەیوەندی بە پلەی گەشەکردنی پیشوو ، وەك دەست کەوتی ئەم گەشەکردنە وەربگری بەردەوامی و دیراسەتیش لەگەشەکردن دەردەبری • واتە نەفی کردنی دیالەکتیك لەوە خوی دەنوینی کـــــە ڕەمزیکە بو بەسەراتی پەربوونی پلەی گەشەکردنی پیشوو نەك لەناو- بردنی • بو نموونە مارکسیزم لەهەواری خالی پەیدانەبووە ، بەلکـــو میراتگرو تەواوکەری هەموو شتیکی پیشکەوتوو خوازە کـــــە بیـری فەلسەفەی رابردوو دای ڕشتووە • کەواتە مۆرکی گەشەکردن چی یە ؟

ئاشکرایە مرۆڤ جم و جولی کارکردنی بە دروست کردنی ئامێرە- کانی کارتی کردن دەست پێ کردووە • وەپلەی دیاری کراوی گەشـــە- کردنی مێژوویی ، ئامێرە بەردینەکان شوێنیان بۆ ئامێرەکانی تـــر چۆل کرد • ئەوەی دوایی بریتی یە لە نەفی کردنی

ئاشکرایە مروڤ جم و جۆلی کارکردنی بە دروست کردنی ئامێـرە کانی کارتێ کردن دەست پێ کردووە • وەپلەی دیاری کراوی گەشەکرد- نی مێژوویی ، ئامێرەبەردینەکان شوێنیان بۆ ئامێرەکان چۆل کـرد • ئەوەی دوایی بریتی یە لە نەفی کردنی ئامیرە بەردینەکان ، بـــە لام لایەنە بـــاشەکانی ئامێرە بەردینەکانی هێشتەوە ، بۆ نموونە : شیوە ، توانای ، برینی شت • ( وەك تەوری بەردین و تەوری ئاسنین ) •

دروست کردنی ئامێر پێشکەوتنێکی تازەبوو لە گەشەکردنی ئامێر- ەکانی بەرهەم هێنان • تەونی میکانیکی چنین نەفی کردنی تـــەونی دەستی یە • بەلام نەفی کردنێکی دیالەکتیکی یە • لەبەر ئەوەی تـــا ڕادەیەك سەرەتای بنچینەیی کاری تەونی چنینی کۆنەی تیا دەپارێزرێ ئەم شتانە هەمیشە لە تەکنیك ڕوودەدەن • دارشتنە تازەکانی ئامێـــر

نەفی کردنی ئامێرە کۆنەکانە لەگەڵ پاراستنی ئەم شتە بەنرخەی تاقی کردنەوەی کۆنی بەرهەم هێنان پەیدای کردووە ٠

ئەمە مۆرکی هەموو گەشەکردنێکە کە لە ئەنجامی نەفی کردنی نەفی روودەدات ٠ ئەم قوناغەی باسمان کرد پێی دەوترێ قۆناغی بەرز لەبەر ئەوەی بە تێکرایی گەشەکردن دەولەمەند دەکات و بەرزی دەکاتەوە ٠ لێرە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەو گەشەکردنەی لە ئەنجامی نەفی کردنی نەفی رۆودەدات مۆرکی بەرزی پێشکەوتووخوازی بەخۆیەوە هەڵدەگرێ ٠

ئەم بۆچوونە لەسەر گەشەکردنی سروشت و کۆمەڵ دەچەسپێ ٠ بە تێکرایی گەشەکردن لە سروشت بریتی یە لە گواستنەوە لە پلەیەکی نزمی سروشتی مردووبۆ پلەیەکی بەرزتربۆ سروشتی زیندوو ٠لە کۆمەل ئەمە ئەو ریگایەیە کە سیستەمی کومونی سەرەتایی پیایا تی پەریوە بو سوسیالیزم ، قوناغی کومونیزم ٠ ئیمە رووبەرووی هەمان شت دەبینەوە لە گەشەکردنی زانیاری ٠

ئەوانەی دیدیکی ئیدیالیستانەی بورژوازیانەیان بو جیهان هەیە زور رەشبینن لە تی روانی یان بو رووداوە میژوویی یەکانەوە تی روانینیکی رەش بو ژیان ٠

هەندی لە فەیلەسوف و زانایە کومەلایەتی یە بورژواکان کاتی دەبینن جیهانی سەرمایەداری بەرەو رووخان دەچی وابیردەکەنەوە هوی رووخانی ئەم سیستەمە کومەلایەتی یە بریتی یە لە کیشەی روشنبیری و بیرکردنەوەو بەگشتی لایەنی مروڤایەتی ٠ ئەمانە زور باسی کارەساتی ئەتوم و کوتایی شارستانی یەت و کوتایی جیهان دەکەن ٠ بەلام زانیاری و جم و جولی کارکردن ئەو رایانە بەدرو دەخەنەوە کە فەیلەسوفە بورژواکان باسی دەکەن ٠ گەشەکردنی سەرکەوتووی ،پیشکەوتووخواز سروشت و کومەلی مرو-ایەتی یاسایەکی بابەتی و نەگورە ٠

ئەمەیان سەرکەوتندەکانی وولاتە سوسیالیستەکان لە گەشەپیدانــی ئابووری و روشنبیری دەی سەلمێنن •

ئەگەرچی هەندێ جار وادیارە کە ئەنجامی نەفی کردنی نەفی گەڕا-نەوەیە بۆ کونەکە • ئەوە تەنها بەشێوەیە نەك بەناوەڕوك ، لەبــــەر ئەوەی لە پروسەی نەفی کردن کون دەولەمەند دەکرێت و پلەیەك بەرزتر دەکرێت •

گەشەکردنی سەرکەوتووی کۆمەڵ و سروشت حەڵەزوونەمان بیردەخا-تەوە • حەڵەزوون ژمارەیەکی زۆر حەلقەی هەیە بەلام ناگەنە یەکتــرو دووبارە نابنەوە • ئایا سەرنج تان داوە چۆن خەلك بەسەر قاندرمــەی پیچاو پیچ دەکەون ؟ وادیاردەبێ مرۆڤ لەناو حەلقەیەك دەسورێتەوە. بەلام ئەم بەراووردکردنە یاسای نەفی کردنی نەفیمــــان بــــۆ روون دەکاتەوە •

بەم جۆرە گەشەکردن بەپێی حەڵەزوون دەبێت ، لەگەڵ هەر دەورەیە-کی تازە ، لەگەل هەر نەفی کردنێك شتێك بە چۆنایەتی تازە پەیــدا دەبێت کە گەشەکردن بۆ پلەی بەرزتر بەرزدەکاتەوە •

لەژیانی رۆژانە تازە بەوشتە دەوتری کە بۆ یەکەم جار دروســـت دەکرێ ، ئەو شتەی کە تازە دەردەکەوێ • واتای فەلسەفی ئەو مەفهومە جیایە و قوڵترە بو نموونە ئەگەر لە روژئاوا قوتابخانەیەکی فەلسەفە پەیدابوو وە ناویان نا قوتابخانەی فەلسەفەی تازە • ئەوە لە ژیر پەر-دەی نوی خوازی ئەو بیرو باوەرە کونانە بلاودەکاتەوە کە دەمیــــکـە کاتیان بەسەر چووە • بە هیچ شیوەیەك نابی بەمە بووتری دیــاردەی تازە • بە پیچەوانەوە ئەوە دیاردەیەکی کونی هەلوەریوی کە هیــــچ پاشە روژی نی یە •

زور جاران لە ژیان کۆن لە ژێر پەردەی تازە دەردەکەوێ • ئــەمـە بە شێوەیەکی زۆر باوەاوە لە هەمان کات داشێوەی خەباتی کونە دژی

نوێ • باسەرنج بدەینە ئەم نموونەیەی خوارەوە •

ئاشکرایە شێوە کۆنەکانی کۆلۆنیالیزم سەرکەوتوونەبوو • ئێستا وولاتە ئیمپریالیستەکان هەوڵ دەدەن شێوەی پەیوەندی کۆلۆنیالیزم بە سەر وولاتە رزگار بووەکان بچەسپێنن ، ئامادەیی خۆیان بۆ وولاتە پێگەیشتووەکان دەخەنە بەردەست، ••• هتد • بەلام کولونیالیزمی تازە جیایە لە کۆلۆنیالیزمی کون • وولاتە رزگاربووەکانئەوەتی دەگەن و بەردەوامن لە خەبات دژی کولونیالیزمی تازە •

مەتریالیزمی دیالەکتیك دەڵێ ( نوێ ) گەشەکردنی بۆ سەروو(صاعد) دەردەبرێ • نوێ پێشرەوێکی پێشکەوتووخوازە کە بە پتەوی بەندە بە تازە بوونەوە ، بە گەشەکردنی لە خوارووتر بۆ سەرەوەتر •

کەواتە پەیوەندی چی یە لەنێوان دیاردە کۆن و تازەکان ؟ پێش هەموو شتێك دەبێ ئەوە رەچاوبکەین کە نوێ دوور لە کۆن ، جیالە کۆن پەیدانابێ ، بەڵکو لەناوکۆن پەیدادەبێ کە ( جنین ) یان تووی نوێ یەکە پەیدادەبێ • بەرادەی گەشەکردنی شتە نوێ یەکە کۆنەکە پیر دەبێ ، بەلام لە هەمان کات نوێ یەکە نەش و نما دەکات و بازووی بە هێزدەبی • نوێ هەمیشە نەفی کردنێکی دیالەکتیکانەی کونە ؛ لە بواری ململانێی دژەکان پەیدادەبی • حەتمی یەتی نوی بریتی یە لە یاسای گەشەکردنی مێژوویی • بە روونی لەم رۆژگارە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێ کە چۆن لەسەر کەلاوەی سیستەمی کۆلۆنیالیزمی کۆن وولاتانی تازە دادەمەزرێن• ئەم وولاتانەی هێزێکی قایمی تازەن لە خەبات دژی ئیمپریالیزم •

بەم جۆرە باسی یاسای گواستنەوەی گۆڕانە چەندایەتی یەکان بۆ گۆڕانە چۆنایەتی یەکانمان کرد ، وە باسی یاسای یەك گرتن وململانێی دژەکانمان کرد ئێستاش باسی گۆتەکانی دیالەکتیکی مەتریالیست دەکەین •

## ٥- گۆتەکانی دیالەکتیکی مارکسیزم:
## گۆتە فەلسەفی یەکان چین ؟

خەڵك ناتوانن مەفهومە گشتی یەکان بە لاوەنێن. بۆ نموونە :- زاناکانی فیزیا ، ڕەوشتی تەنە جیاکان دیراسە دەکەن وەك : توانا- یان بۆ ڕاگرتنی باری وەستانی سەرەتایی یان بزووتنەوە، ڕێك و پێکی هاوکێش . بەڵام ناتوانن بەوەندە وازبێنن . لەبەر ئەوەی بێ شك ئەو پرسیارە خۆی دەخاتە ڕوو ، بۆچی ئەم ڕەوشتانە لە هەموو شتێك هەن وەچی هاوبەشە لەنێوانیان ؟ بەو شێوەیە لەسەر بنچینەی وردبوونەوە لەڕەوشتی هەندێ شت ، زاناکانی فیزیا بۆچوونێکی گشتی یان دارشتووە ئەویش بریتی یە لە ( هێزی بەردەوام بوون )دەبێ هەمان شتیش بڵێین بۆ بارستایی (کتلە ) - ئەندازەی وەستانی تەنەکان . لێرە نابێ تەنها سەرنج بدەینە بارستایی هەندێ لە تەنە- کان بەڵکو پێویستە بایەخێکی گشتی دابڕێژین ئەویش بریتی یە لە بارستایی بە شێوەیەکی گشتی . بەم پێ یە لە فیزیا مەفهومێکی گشتی دروست دەبێ ( ووزە ) .

بەڵام ئایا ئەم گۆتانە لە زانیاری یە بەرچاوەکان هەموو شتێکن؟ هەریەکەیان مەفهوومە گشتی یەکان باس دەکا لە سنووری زانیاری یە- کەی خۆی کەچی ئێمە دەزانین ڕەوشتە هەرە گشتی یەکانی شت و دیا- ردەکان لە جیهان هەن . تەنها فەلسەفە ئەم مەفهوومە گشتی یانە دادەڕێژێ .

گشتی ترین ڕەوشتی شتەکان لە گۆتەکانی فەلسەفە ڕەنگ دەداتەوە کە لامان زانراون وەك : ( ماتریال - مادە) ، ( بزووتنەوە ) و(شوێنی) و ( کات ) و ( چۆنایەتی ) و ( چەندلیەتی ) و(ناکۆکی )...هتد. گۆتەکانی فەلسەفە گشتی ترین مەفهوومن . هەروەها ئەو گوتانەی

فیزیاو کیمیاو زانیاری یەکانی تر دایان دەنێن • ئەمانە بەس نین لە پرۆسەی زانست، گوتەکانی فەلسەفە دروست، دەبن بۆ دەربرینی گشتی ترین دیاردەکانی جیهان • لەخوارەوە سەرنج دەدەین گوتەی وەك ١ دەرد ، دەردەدار ، ( هۆ و ئەنجام ) ، رێکەوت و زەرورەت ، زەرورەت و ئازادی ، شێوەو ناوەرۆك •

## هۆ و ئەنجام :

ئەم گوتانە چین ؟ " هۆ " و " ئەنجام " و ( دەردو دەردەدار ) •
لە تاقی کردنەوە ئێمە دەزانین هیچ دیاردەیەك بێ هۆ روونادات ( هەر لە خۆیەوە ) لە ئەنجامی گەشەکردنی پێش خۆی یان دیاردەکانی تر روودەدات • شت نی یە لە هیچ پەیدابێت • هەر دیاردەیەك سەرچاوەی خۆی هەیە واتە ئەو شتەی لێ یەوە لەدایك دەبێت • بەوشتە دەوترێ ( هۆ ) • هۆ ئەو شتەیە کە دیاردەیەکی تر هان دەدات دروست دەکات ، دینێتە بەرهەم • بەلام ئەوشتەی بەکاری هۆ پەیدا دەبێت پێی دەوتری ( ئەنجام ) یان کار •
بۆ نموونە کە جوتیارێك لە هەرەوەز پەینی داهاتی برنج یان لۆکە دەکات ئەم پەینە داهاتی برنج و لۆکە زیاد دەکات • واتە پەین هۆیەو زیادکردنی داهات ئەنجامە •
(بەم جورە ئەم دووگوتەی فەلسەفە " هو " و " ئەنجام" دەبنە رەنگ دانەوەی پەیوەندی نیوان دوو دیاردە • یەکیان پی ی دەوترێ(هو ) کە کاری هەیە لەسەر ئەوی تریان کە پی ی دەلێن " ئەنجام ") •وەخۆدی پەیوەندی یەکە پی ی دەوتری پەیوەندی نێوان هۆو ئەنجام •
پەیوەندی نێوان پەینەکەو دەسکەوتی ئەم دوو داهاتە سەربەخۆیە لە هۆشی ئێمەو ریالیزم و سروشت، • لەم نموونەیە دەردەکەوێ کە هەرپەیوەندی یەکێ هویەتی ریالیستە بویە گرنگترین مۆرکی

پەیوەندی نێوان هۆو ئەنجام ڕەوشتە بابەتی یەکەیەتی .

ئەو ڕۆشنبیرانەی کەوا دەبینن لە سروشت و کۆمەڵ مەرجێکی گشتی هۆیەتی هەیە ( شرطية سببية عامة ) بۆ دیاردەکانی سەربەخۆ لە ئادەمیزاد بەمانە دەوترێ (حەتمیەکان) ئەمانەوادادەنێن کەهەموو دیاردەکانی سروشت، بوونیان حەتمی بووە لە بەر هۆیەك یان یاسایەك وە هەرشتێك لە جیهان ڕوودەدات پێویستە، لەبەر ئەوەی وادانراوە یان وەك فەیلەسووفەکان دەڵێن شتێکی حەتمی یە .

بەدرێژایی هەموو مێژووی فەلسەفە ، حەتمی یەکان خەباتیان کردووە دژی نەفی کردنی ئیدیالیزم بۆ ( هۆیەتی ) ،دژی (ناحەتمی یەت) ئیدیالیستەکان لە هەموو ڕاووبۆچونەکانیان وابیردەکەنەوە کە مرۆڤ ( هۆیەتی ) پەیداکردووە لە پێناو پشوودان و خۆشی خۆی ،لە پێناو دانانی سیستەمێك بۆ ئاژاوەی دیاردەکانی سروشت. بۆنموونە فەیلەسووفی زاتی ئینگلیز ( برکلی ) هەولی داوە بۆچوونەکانی هۆیەتی بەدرۆبخاتەوە . ئیدیالیستەکانی تر هەولیان داوە بە هەمان شت، هەڵسن وەبوونی بابەتی یانەی هۆیەتی یان پشت، گوێ خستووە .

بەم گفتوگۆو حوکم دانانەی خوارەوە ئەوان پالپشتی لە بابەتەکەی خۆیان دەکەن کە دان بەمۆرکی زاتی هۆیەتی دادەنێ ، بۆ نموونە مۆمێکی داگیرساو دەست، دەسوتێنێ هەر جارەی بەری بکەوێ ، بەلام ئەوان دەڵێن ئەمە نابێتە هۆی سووتانی دەست، بە مسۆگەری . ئەمە یەك ملیۆن جار ڕوودەدا ، بەلام جاری ملیۆن و یەکەم ڕەنگە بارەکە جیابێت ، ئەگەر تا ئێستا مۆمەکەدەستی سووتاندبێ ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە مۆمەکە هۆی سووتانە .

ئەم دوو دیاردەیە ( مۆمی داگیرساوو سووتان ) وەك ئەوان دەڵێن لە تەنیشت یەکتر هەن ، بەلام نابێ لەوەوە بگەینە ئەو ئەنجامەی کە پەیوەندی هۆیەتی هەیە لە نێوانیان . ئەم گفتوگۆیانە بێ واتان لەبەر

ئەوەی ئێمە لەبەر ڕۆشنایی چەند دیتنێك، حوكم لەسەر هویەتی نادە - ین . بەڵكو ئێمە تەنها لەسەر بنچینەی تاقی كردنەوەو جمۆجوڵی ڕۆژانە باسیان دەكەین . ئەم دووشتە دەری دەخەن بۆچی مۆمی داگیر- ساو دەبێتە هۆی سووتان ؟

لە جیهان ژمارەیەكی بێ سنووری پەیوەندی هۆیەتی هەیە ، بەلام گشتیان هەمان ڕۆڵ نابینن . دەبێ ئەوە ڕەچاو بكرێ كە پەیوەندی سەرەكی بنچینەیی هەیە لەنێوانیان .

ئایا چۆن دەتوانین ئەمە جێبەجێ بكەین ؟

كاتێ دەزانین ئەو گەنمە شامی یەی چاندوومانە نەڕوواوە بەدوای هویەكەی دەگەڕێین . لەبەر ئەوەی پەیوەندی نێوان دیاردەكان زورن وە هویەكانیشیان زۆرن . هەرچەندە شی كردنەوە دەی سەلمێنێ كە چەند هۆیەكی سەرەكی هەن ، واتە ئەو هۆیانە بریتی بن لە كەمی گەرمایی و زیادی شێ و ماوەی نائاسایی تۆكردن و خراپی تۆكە ... هتد .

ڕوون كردنەوەی هوی سەرەكی كارێكی گرنگە لەبەر ئەوەی ڕێگا خۆش دەكات بۆ كاركردنە سەرئەنجام بە زەقی . بەلام ئەوەی باس كرا بەهیچ شێوەیەك ئەوە ناگەیەنێ كە دەتوانرێ گرنگی نەدرێ بە هۆیە ناسەرەكی یەكان . وەدەبێ ئەوانیش دەست نیشان بكرێن وەئەگەر ئەوان كارەكەیان زەحمەت كرد ئەوا دەبێ دووربخرێنەوە .

لەبەر ئەوەی ئەنجام لە هۆوە پەیدادەبێ ، پەیوەندی یەكی دیاری كراو هەیە لەنێوانیان . بەلام میتافیزی یەكان بەیەك لایەنی سەیری مەسەلەكە دەكەن و . . . بە یەك لایەنی تێی دەگەن ، تەنها وەك كاری هۆ لەسەر ئەنجام . بەلام ئایا ئەنجام كار دەكاتە سەر هۆ؟ میتافیزی یەكان لەتوانایان دانی یە وەلامی ئەم پرسیارە بدەنەوە بە دروستی ، لەبەر ئەوەی ئەوان ئەم دوو دژە لەیەكتر جیادەكەنەوە، هۆ لە ئەنجام جیادەكەنەوە ( دەرد لە دەردەدار ) .

ئەوان بەم شێوەی خوارەوە حوکم دەدەن : ئەم دیاردەیەیان دەبێ هۆ بێت یان ئەنجام ٠ ئەگەر وەك هۆ دەرکەوت ئەوا پاش ئەوە ناتوانێ ببێ بە ئەنجام ٠

بەڵام ئەوە ڕاست نی یە لەبەر ئەوەی لەنێوان هۆو ئەنجام کارلێ کردن ( تفاعل ) هەیە ٠ ئایا ئەم کارلێ کردنە چی یە ؟ بەم نموونەی خوارەوە ئەمە روون دەکەینەوە ١ مەتریال ، بوون " وجود " هۆش پەیدا دەکات ، بەڵام هۆش بەدەوری خۆی بەشێوەیەکی کاریگەرانە کاردەکاتە سەر بوون ، لێرەکاری هاوگۆر روون دەبێتەوە ، بەیەکەوە لکانی هاو گۆڕی هۆو ئەنجام و کاری هاوگۆڕیان لەسەر یەکتر ٠

ئایا ئەوەی باسمان کرد ئەوە ناگەیەنێ کە هۆو ئەنجام بەرادەیەکی یەکسان کار و مەرجیان لەسەر یەکتر هەیە ؟ نەخێر ئەمە ئەوە ناگەیەنێ ٠

لەبەر ئەوەی لە پەیوەندی نێوان هۆو ئەنجام هۆ دەوری سەرەکی دەبینێ ٠ پەیوەندی یەکە دیاردەکات ٠ هەرچەندە ئەنجامیش دەورێکی گرنگ دەبینێ بەڵام دەورەکە پاشکۆیە ٠ تێگەیشتنی ئەمە گرنگە ٠ زور گرنگە بزانین بەکامە دەوتری هۆ لە پەیوەندی دیاری کراو لەنێوان هۆو ئەنجام وە کامەیان ئەنجامە ٠ بۆ زانست گرنگەکە ئەو مەسەلەی خوارەوە بزانرێ : مەتریال هوش دیار دەکات یان بە پێچەوانەیە ؟ بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنی کە دەتوانری کاری ئەنجام لەسەر هو پشت گوێ بخرێ ٠

جگەلەوەی لەسەرەوە باس کرا مەفهومی کاری هاوگۆر واتایەکی تری هەیە کە دەتوانرێ بەهۆی ئەم نموونەی خوارەوە روون بکرێتەوە :- کاسن لە پێمەرە باشتر زەوی دەکێڵێ ، ئەو زەوی یەی باشتر بکێڵدرێ داهاتی زیاتر دەبێ ،جووتیارەکان دانەوێڵەی زیاتر کودەکەنەوەکەواتە زەخیرەی زۆرتریان دەبێت ، هەروەها لەوە بۆمان دەردەکەوێت کە زەوی

باش ٠کێڵدراو دەبێتە ئەنجام بۆ کاسن ، بەلام دەبێتە هۆی داهاتی دانەویلە ، ئەمەش بەدەوری خۆی دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی رادەی ژیانی گەل ٠ بەم جۆرە زنجیرەیەکی راستەقینە لە پەیوەندی یەکانی نێوان هۆو ئەنجام دەکەوێتە بەرچاومان ٠

ئەگەر ئێمە بەقووڵی لەم زنجیرە پەیوەندیانە بیربکەینەوە دەبینین بریتین لە چەند دیاردەیەکی بەیەکدوە لکاو ، ئێمە نابێ بە جیایی سەیری هۆو ئەنجام بکەین بەڵکو دەبێ سەیریان بکەین لەگەڵ ئەو دیاردانەی لێ یانەوە پەیدابوون یان لەگەڵ ئەو دیاردانەی هۆو ئەنجام پەیدادەکەن ٠ ئا لەوکاتە دەبینین کە شتەکە لەهەمان کاتدا هۆ و ئەنجامە)هۆی ئەو دیاردانەیە کە دروستیان دەکات ، بەلام ئەنجامی ئەو دیاردانەیە کە لێ یانەوە پەیدا بووە ٠ بەم بۆچوونە هۆو ئەنجام جیان ، دوو قوتبی دژ بەیەکترن٠ دوو ئەڵقەن لە زنجیرەیەکی ئاڵۆزا- وی شت و دیاردەکان کە کارلێك (تفاعل ) لەگەڵ یەکتر دەکەن ٠بەم جۆرە وەك ئەنگلس دەلێ ( کارلێك) یکی گشتی هەیە لە جیهان بریتی یە لەوەی کە هۆو ئەنجام بەبەردەوامی هاوگۆڕی شوێنەکانی یەکتر دەکەن ، ئەوەی لە هەندێ کات و شوێن هۆ بێت لە هەندێ کاتی تر دەبێتە ئەنجام و بە پێچەوانەوە ٠

ریبازی مارکسیزم لینینیزم گرنگی گەورەی هەیە بۆ هۆیەتی بۆ بەلاوەنان و بەرپەرچ دانەوەی بیرو بۆچوونی پووچ و بودەلە(خرافات)٠

ئەوانەی باوەریان بە ( خرافات ) هەیە زۆر جاران دوو دیاردە دە- بەستنەوە بە پەیوەندی نێوان هۆو ئەنجام ، ئەوان تەنها لە نیشانە کانی سەیری مەسەلەکە دەکەن ، لەسەر ئەو بناغەی کە تەنها ئەوان لە باری کاتەوە بوونەتە پاشکۆی یەکتر ٠ هەرچەند لە راستیدا پەیوەندی هۆیەتی نی یە لە نێوانیان ٠

کاتی مرۆڤ هۆیە راستی یەکان نەك هۆیە خەیالی یەکانی دیاردە

تێ دەگات ٠ ئەوکات ترس لە دەروونیدا نامێنی وەلەهەمان کـــات ( خرافیات ) نامێنی ٠ با سەرنج بدەینە ئەم نموونەیە : کاتـــــی گەڕۆکەکان لە ئەفریقیا دەیان ووت کە بە چاوی خۆیان باخچە فراوا- نەکانی بەهەشت، دەبینن وەهەندی جار دەیان ووت کە کەشتی هەوایـی لە ئاسمان دەبینن لەوێ کە تارمایی کەشتی یەوانی یان لەســـەرە پاشان ئەم شتانە باویان نەما ٠ باشە دەبێ هۆی ئەمە چی بێ ؟

پێش ئەوەی هۆیەکە بدۆزرێتەوە زۆر بەندو بالۆرەیان بۆ ئەم شتانە هەڵ بەستابوو بەڵام زاناکان هۆی ئەم دیاردە سەیرەیان دۆزی یەوە ، ئاشکرابوو کە هەوا لەوولاتە گەرمەکاندا لە کەشی کش و مـــات خەستی زیاتر دەبێت وە شتێکی وەك ئاوێنەیەکی زۆر گەورە پـێـك دێنێت٠ مەتریالەکانی سەر زەوی ، ناودەریا ، باخچە ، بەلەم ٠٠هتد٠ ئەمانە هەموو لە ئاوێنە گەورەکە ڕەنگ دەدەنەوە ٠ کەواتە خەڵـــك باخچەی بەهەشتیان نەدیبوو بەڵکو ڕەنگ دانەوەی باخچەکانی ســـەر زەوی یان دی بوو کەشتی هەوای یان نەدیبوو بەڵکو ڕەنگ دانەوەی ئەو کەشتی یانەیان دیبوو کە لەناو دەریا هاتوو چۆیان دەکرد ٠دۆزینەوەی ئەم هۆیانە ترس و ( خرافات ) ی نەهێشت ٠

بەم جۆرە زانینی هۆیەکان لە ( خرافات ) ڕزگار بوو٠

لێکۆڵینەوە لە هۆیەکان یارمەتی مان دەدات کە لەمیەکی لـــە دیاردە هەرە قەشەنگەکانی سروشت بگەین ئەویش لایەنی (ژیری) یـــە ( العقلانية) کە تیایەتی ٠

با مرۆڤ سەیرێکی جیهانی دەورو بەری بکات تا ئەو ڕێك کەوتن و یەك لە دوای یەکە سەرنج ڕاکیشەرەی تیا دەدۆزێتەوە ٠ بۆ نموونـە لایەنی ژیری ( العقلانية ) لە سروشت باش دەردەکەوێ لـــە خـولی ڕاهێنانی ٠ گیاندارو ڕووەك لە بارەکانی ژیانیان ، لە دەوروبەریان٠ لەبەر ئەوەی فەیلەسووفە ئیدیالیستەکان ناتوانن ڕاستی یەکانـــی

عەقلانیەت و ئەو سیستەمەی رووبەرووی دەبنەوە لە هەرکوێ بن لە سروشت، شەرح بکەن • لەبەر ئەوە وا هەڵ دەبەستن کە هۆیە مەتریالیست و یاساکانی سروشت، پەیدابوون و گەشەکردنی شتەکانی سروشت دیارناکەن بەڵکو ئامانج و ئەرك و مەبەست، لە بوونی ئەم شتانە پەیدابوون و گەشەکردنیان دیاردەکات •

بەم رایە دەوترێ ( الغائیه ) ، (غائی ) •

ئەنگلس لەم حوکمانە بێزار دەبێ و دەڵێ بە پێی ئەم بۆچوونەی (غائي ) بۆ جیهان پشیلە بۆ ئەوە دروست، کراوە مشك بخوات و وە مشك بو ئەوە دروست، کراوە پشیلە بی خوات وە سروشت، بۆ ئەوە هەیە تا حیکمەتی خوا بسەلمینێ •

ئیدالیستەکان تا ئەمروش هەر باوەریان بە بیردوزی (غائی)هەیە بەلام ئایا بیردوزی غائي هیچ واتایەکی زانستی یانەی هەیە ؟

وەرن سەیری مەسەلەکە بکەین •

پێش هەموو شت، دەبێ ئەوە رەچاو بکەین کە ئێمە هەرچەندە بە قوولی سەرنج بدەینە ئەو مەسەلەی بەندە بە ئامانجی پەیدابوونی دیاردەیەك، ئێمە یەك هەنگاو ناچینە پێش لە تیگەیشتنی سروشتی ئەو دیاردەیە ، بۆ ئەوەی لە دیاردەیەك بگەین دەبێ هۆیەکانی پەیدا پەیدابوونی بزانین وە بەچی یەوە بەندە ؟

کاتێ دەپرسین بۆچی وەلەبەرچ هۆیەك عەقلانیەت لە سروشت، هەیە ؟ تەنها بەوە دەتوانین لە کاکلی ئەو دیاردانە بگەین کە لەسروشت روودەدەن • بەلام بۆچوونی بیردوزی ( غائی ) لە بنچینەوە ئاراستە کراوە دژی لیك، دانەوەی زانستی یانەی هۆیەتی بۆ دیاردەکانی سروشت •

با سەرنجی ئەم نموونە روونە بدەین : پێش گەیشتنی رەشەبا ماسی یەکان هەوڵ دەدەن قەراخ ئاو بەجێ بێلن ئەمە عەقلانیەتە بۆ ئەم

هەواڵنامەی کتێب

گیاندارانە .

کاتێ مرۆڤ ڕەفتاری ئەو ماسی یانە شی دەکاتەوە لای زەحمەت دەبێ خۆی لەم بیرکردنەوە ڕزگار بکات دەڵێ ئەم دیاردەیە عەجیبە . بەڵام کاتێ زانست هۆ سروشتی یەکان ڕوون دەکاتەوە هەموو شتێك ئاشکرا دەبێ . ئەویش ئەوەیە کاتێ ڕەشەباکە لە دوورەوە هەڵ دەکات شەپۆلی دەنگی دەگاتە قەراخ ئاوەکە پێش ڕەشەباکە خۆی . ئەم شەپۆلانە لەماوەی هەزاران کیلومەتر بڵاودەبندوە و ئادەمیزاد ناتوانێ ئەم شەپولانە ببیستێ .بۆیە ماسی یەکان پێش گەیشتنی ڕەشەباکە بۆ قەراخ ئاوەکە هەستی پێ دەکەن و دەگوێزنەوە بۆ شوێنێکی تر .گیاندارەکانی دەریا بە پێچەوانەی ئادەمیزاد دەتوانن ئەم شەپۆلانە ببیستن. بۆیە لەبەر ئەم هۆیە پێشتر هەست بە ڕەشەباکە دەکەن .وە دەچنە شوێنێکی دوور لە ناخۆشی . عەقلانیەت لێرە بەندە بەهۆی سروشتی ریالیستانە . لێرە هیچ شتێك لە سەرووی سروشتەوەنی یە . لەوەی سەرەوە دەردەکەوێ کە تەنها زانست دەتوانێ مانای ڕاستی یەکانی عەقلانیەت لێك بداتەوە .

چی مانای عەقلانیەت لە سروشتی زیندوو لێك دەداتەوە ؟

( داروین ) سەلماندی کە عەقلانیەت بە ڕێگایەکی سروشتی دا تێ دەپەڕێ . . لە خەبات کردن بۆ باشتر خۆڕاهێنان لە بارەکانی ژیان، یان لە ململانێ لە پێناو مانەوە ، لەم دووبارە لەیەکتر چووەمانەوە هەر بۆ تەواو ترینیانە واتە ئەوەی باشتر لەبارەکانی جیهانی دەور و بەری خۆی ڕادەهێنێ . لەسەر بناغەی یاساکانی سروشت و هۆ سروشتی یەکان لە ڕێ ڕەوی گەشەکردنی یەك لەدوای یەکتر بەچەندەها سەدە ئەم عەقلانیەتە دروست بووە ، ئەو تەبابوونە سەرسووڕێندەرە لە سروشت .

بەم جۆرە ئاشنایەتیمان پەیداکرد لەگەڵ دوو گوتەی (هۆ) و (ئەنجام)

( دەردو دەردەدار ) و گرنگی یان ٠

بەلام دەبێ ئەوەمان لەبەر چاوبێت کە هۆیەکان چیان ٠هەندێکیان دەبنە هۆی دیاردە زەروری یەکان وە هەندێکیان دەبنە هۆی دیاردە ڕێکەوتەکان ٠

( زەرووری و ڕێکەوت )

جارێکیان زانای فەرەنسی ( ئەنتوان بکیریل ) " ١٨٥٢ـ ١٩٠٨ " کەمێك رادیۆمی لە زانای فیزیای بەناوبانگ ( پیرکۆری ) وەرگرت بۆ ئەوەی لە کاتی دەرس ووتنەوە بە قوتابیەکانی نیشان بدات ٠ ئەو بوری یەی رادیومەکەی تیابوو لە گیرفانی کراسەکەی دانا ٠پاش چەند ڕۆژێك بکیریل لە سەرپشتی بەرامبەر گیرفانی کراسەکەی سووربوونەوەیەکی لە شێوەی بوری یە پڕ لە ڕادیومەکە بینی ٠ ئەم ڕووداوە لابەلایە بوە هۆی باس کردنی کاری تیشکی ڕادیوم لەسەر ئۆرگانەکانی ئادەمیزاد ٠ ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنی کە ئەگەر ئەم ڕێکەوتنە نەبوایە خەلك هیچیان دەربارەی ئەو نەخۆشی یە نەدەزانی کە بەهۆی ئەم جۆرە تیشکە ئادەمیزاد تووشی دەبی ؟ دەربارەی توانای رادیوم بۆ ئەم جۆرە زیان بەخشینە ، ئایا مەسەلەکە وایە ؟

دوو ڕا هەیە ٠ هەندێك دەلێن هەموو شتێك زەرووری یە لە جیهان وەهیچ شت ڕێکەوت نی یە ٠ وە ئەوانی تر دەلێن هەموو شتێك لە جیهان بەڕێکەوتە ٠ کامە لەمانە ڕاستە ؟

هیچ کامیان لەسەر ڕاستی نی یە لەبەر ئەوەی ڕێکەوت و زەرووری لە یەکتر جیادەکەنەوە ٠ بۆ نموونە لەسەر بنچینەیەك ئێمە باوەڕمان وایە پاش شەو ڕۆژ هەلدێ وە بەیانی دادێ ؟ ئەم باوەڕە لەسەر چاودێری کردنی ڕۆژانەیە بەتاقی کردنەوەی چەندەها سەدە ، بەزانینی یاساکانی سروشت ٠ لە دوای یەکتر هاتنی شەووڕۆژ لە ئەنجامی خولانی زەوی لە دەوری ڕۆژ ٠

ئەو گۆتەی فەلسەفە ( زەروورەت ) ئەو پەیوەندی یە هاوگـــــــۆرە هەمیشەیی یەی نێوان دیاردەکان دەست نیشان دەکـــات٠ زەروورەت ئەوە نی یە کە لەوانەیە ببێ و لە وانەیە نەبێ ، بەڵکو ئەوەیە کـــە دەبێ هەربێ٠ لەبەر ئەوەی لە ئەنجامی هۆی قووڵ پەیدا بووە ، بۆیە لە سروشتی ناوەوەی دیاردەکان پەیدادەبێ ٠

بەلام ئایا ڕێکەوت هەیە ؟ لێرە دەتوانین بەگێڕانەوەی نموونەیەك دەستی پێ بکەین ، مرۆڤێك تووشی کارەساتێکی ئۆتومبێـــل بـــوو ڕیکەوتێکی پووچ ژیانی ئادەمیزادێکی لەناوبرد ٠ لەبەرچی بـــەم دیاردانە دەوترێ ڕیکەوت ؟

ئەم ڕووداوە ڕیکەوتە ... لەوانەیە ڕووبدات وە لەوانەشـــە ڕوونەدات ، ئایا ژیانی ئادەمیزاد کە واحوکەی لەسەر دراوە کە هەر دەبێ بەکارەساتی ئۆتومبێل کۆتایی بێت ؟

نەخێر نابێ بەم ڕووداوانە بووترێ ڕووداوی زەرووری ٠ ئەمانە ڕیکەوتن ٠ لەبەر ئەوەی ڕێ ڕەوی ناوەوەی گەشەکردنی ئەم دیاردەیە بەتەواوی نەبوە هۆی ئەم شتەی ڕووی داوەو تەواوبوو٠

کاتێ وولاتانی سوڤیەت لە ئۆکتوبەری ١٩٥٧ یەکەم ڕاکیتـــــی ئاسمانیان هاویشت وەرێگەیان خۆش کرد بۆ ئاسمانگەردوون٠هەندێ لە بورژواکانی ئەورووپا وایان هەل دەبەست کە ئەمە لەئەنجامی تاکە سەرکەوتنێکی ڕیکەوتە ، ئایا لە ڕاستیدا مەسەلەکە وایە ؟ نەخێر ٠ ئەم سەرکەوتنە هی ناوەڕۆکی سیستەمی سۆشیالیزمە ، لەئەنجامـــی ئەو گرنگی یەیە کە دەدرێ بە زانست و تەکنیك لـــە وولاتـــە سۆشیالیستەکان ٠

فرینی ڕاکیتی دەست کرد گەواهە بۆ پێگەیشتنی تەکنیکی سۆڤیەت ، گەواهی ئەو دەستکەوتە گەورانەیە لە فیزیاو کیمیاو ماتماتیــك و کانسازی ، گەواهە بۆ سیستەمی پێشکەوتوخوازی پەروەردەو فێرکر-

دن لە یەکێتی سۆڤیەت ئەمە چ ڕێکەوتێکە ؟ ڕووداوی ڕێکەوت لە سروشت، لە پرۆسەی بەردەوامی ناوبراو هەڵ ناقوڵێ . بەلام راکێتی دەستکرد ئەنجامی سەرجەم مێژووی گەشەکردنی یەکێتی سۆڤیەتە بەم جۆرە بۆ ئەوەی وەلامی ئەم پرسیارە بدەینەوە : ئایا ئەم دیاردەیە ڕێکەوتە یان زەرورییە ، ئەبێ روونی بکەینەوە ئایا لە هۆناوەکی یەکان یان دەرەکی یەکان پەیدابووە ؟

ئایا تێک چوونی باخچەیەکی میوە بە رەشەبا ڕێکەوتە یان زەروورمیە ؟ سروشتی رەشەبا هۆیەکانی خۆی هەیە . بەلام ئایا هەر وادەبوایە باخچەکە تێک بدا ؟ نەخێر هویەکانی رەشەبا بەگوێرەی باخچە دەرەکین ، سەرەرۆیین ، لەپارەناوەروکی یەکانی رووانی باخچەکە هەڵ ناقولێن . بۆیە خودی رووداوەکە ڕێکەوتە . تێک چوونی باخچەکە شتێک نەبوو کە دەبوا هەر ببێ وەکاری رەشەباکە دەربارەی باخچەکە ڕێکەوتە ، هەرچەندە زۆر جاران ئەم ڕێکەوتانە روو دەدەن .

بەم شێوەیەی خوارەوە میتافیزیەکان حوکم دەدەن ، ئەوەی زەرووریە ناکرێ ببێتە ڕێکەوت ، وە ئەوەی ڕێکەوتە ناکرێ ببێتە زەرووری ،بەلا ئایا مەسەلەکە بەم شێوەیە ؟ زۆر شتی هاوبەش هەیە لەنێوان زەروورەت و ڕێکەوت لە ژیان ، لە راستیدا پەیوەندی نێوانیان پتەوە . وەقەت ناکرێ لەیەکتر جیابکرێندەوە . هەمیشە دەبێ مرۆڤ لە پشتی ڕێکەوتە. وە زەروورەت ببینێ ، ئەو شتەی ڕێکەوتە لەسەر بناغەی دەروێ .

لەوەی سەرەوە دەردەکەوێ کەمە لە سروشت و نەلە کۆمەڵ دیاردەیەك نی یە کە تەنها ڕێکەوت بێت یان زەرووری بێت . لە راستیدا هەردوکیان بە شێوەی تێك ئالاو چوونە ناو یەکتر هەن . زەروورەت هەمیشە بە شێوەی ڕێکەوت خۆی دەنوێنێ . وە ڕێکەوت نی یە درەختی (مانجو لە ئاوو هەوای گەرم دەروێ . بەلام هەر درەختێك ئەوەندە گەلایەی هەیە وە هەر گەلایەك قەوارەو شێوەیەکی هەیە ، ئەمە بەزۆر دیاردەی ڕێکە-

وتەوە بەندە ، لەوانە ژمارەی ئەو دلۆپە بارانانەی دەکەونە سەری وە ئەو بایانەی بەسەریا تێ دەپەڕن ... هتد . لەوە دەگەیندەئەو ئەنجامە ی کە ڕێکەوت و زەروورەت تێک ئالاون .

میتافیزی یەکان وا دادەنێن کە دیاردە زەروورییەکان هۆیان هەیە، بەلام هیچ دیاردەیەک بێ هۆ پەیدا نابێ . وە دیاردەی ڕێکەوتیش هۆی خۆی هەیە . کەواتە جیاوازی چی یە لە نێوانیان ؟

با سەیری ئەم جیاوازی یە بکەین : هۆی دیـــــاردەی زەروری وەک شتێکی ناوەکی دەردەکەوی ، بەلام لە دیاردەی ڕێکەوت وەک شتێکی دەرەکی دەردەکەوێ .

بۆ نموونە کەمی زەخیرە بۆ خەلکانی وولاتە دواکەوتووەکان بەندە بە گەشەکردنی لاوازی ئابووری لەم وولاتانە کە لە رابووردووی کولۆنیالیزمەوە بە میرات بۆیان ماوەتەوە ، ئەمە هۆیەکی ناوەکی یە بۆ کەمی زەخیرە لەم وولاتانە . هەرچەندە چەندایەتی زەخیرە بە هـــۆی دەرەکیش کەم دەبێتەوە لەوانە : لافاو ، تەقینەوەی بورکان وە گێـژەلووکە ....هتد .

بەم جورە مەفهومی دیالەکتیکانە بۆ ڕێکەوت : دان دەنێ کە هەمو شتێک لە جیهان هۆی هەیە.وە لەهەمان کات پێویستە لەنێوان هۆیـــە ڕێـــــکەوتبــــەکـــان جیـــابـــکەیــــنــــەوە ، وە هۆیە زەروو. ری یەکان ، واتە ئەوانەی کەلە پروسەکانی ناوەوەی گەشەکردن هـەلـ. دەقولێن . بۆیە مەرج نی یە هەر دیاردەیەک هۆی هەبێ بـــە زەروری ڕوو بدات هەروەک میتافیزی یەکان بەم شێوەیە بیردەکەنەوە . مەتریالیزمی دیالەکتیک کاتی دان بەوەدەنێ کە هەموو شتێک لە جیـــهان بەندە بە هۆیەک ، لەهەمان کات دان بە ڕێکەوتیش دادەنێ . وەگرنگی بنچینەیی دەدات بە زانست بۆ ڕوون کردنەوەی زەروورەت و یاســـای دیاردە گەشەکردووەکان لەبەر ئەوە زانست پێویستە بۆ ئاشکراکردنی

ڕێڕەوی گەشەکردنیان .

زانای سۆڤیەتی بەناوبانگ ( ئیڤان فلادیمیروفیتش) " ١٨٥٥-١٩٣٥" بەتوندی خەباتی کرد دژی ئەو زانایانەی کە پشت بەڕێکەوت دەبەستن نەوەک بە یاسای گەشەکردنی سروشت،ووتی ئێمە ناتوانین چاوەنواڕی دیاری بکەین لە سروشت وە ئەرکی زانست ئەوەیە کە ئەم دیاریانە بسەنێ نەوەک چاوەنواڕیمان بکات .

جیولوجیە تەکان دەزانن کە لەتوانای زاناکان نەدەبوو زۆر شت بدۆزنەوە ئەگەر پشکنینەکانیان بەرەمەکی بوایە . بۆ ئەوەی پشکنینی جیولوجی سەرکەوتن بەدەست بێنێ پێویستە یاساکانی پێك هاتنی پەلکی زەوی دیراسە بکرێن و پشت بەو یاسایانە ببەسترێت لە پراکتیك . لەو کاتە پشت بەڕێکەوت نابەستین وە زۆر سەرکەوتن بە دەست دێنین بۆ دۆزینەوەی شتە بەنرخەکانی ژێر زەوی .

دیاردە ڕێکەوتەکان لەوانەیە ڕووبدەن وە لەوانەیە ڕوونەدەن،بەلام ئایا دەتوانین دیراسەیان بکەین ؟ ئەو یاسایانە چین کە دیاردە ڕێکەوتەکان مل کەچیان دەبن ؟ بۆ ئەوەی وەلامی ئەم دووپرسیارە بدەینەوە لە سەرەتا تاقی کردنەوەیەکی بچووك دەکەین . کاتێ پارچەیەك پارە فڕێ دەدەین لەسەر ڕوودەکەوێ یان لەسەر لایەکی تر .

پێشەکی ئێمە نازانین لەسەرکامە ڕوو دەکەوێت . ئەگەر پارچە پارەکە پێنج هەزار جار فڕێ بدەین ، دەبینین نزیکەی ٢٥٠٠ جار لە سەر ڕوودەکەویت و نزیکەی ٢٥٠٠ جاریش لەسەر ڕووەکەی تر دەکەوێت بەم شێوەیە دەردەکەوێ کەلەم بوارە یاسا هەیە بۆ دیاردە ڕێکەوتەکان.

با نموونەیەکی تر وەربگرین : لە خیزانێك ئەوەی کە لەدایك دەبێ کور دەبێ یان کچ . وادیارە ئەم مەسەلەیە مل کەچی هیچ یاسایەك نەبێ . لەهەندێ خێزان تەنها کور لەدایك دەبێ ، وەلە هەندێکی تر تەنها کچ . بەلام سەرنجدانی خێزانێکی زۆر یاسایەکی بۆ ئەوە

دەرخستووە ! لە دایك بوونی کور وکچ مل کەچی ئـــــەم رێـــژەیەی خوارەوەیە :

١٠٥ کور لەدایك دەبی بەرامبەر ١٠٠ کچ

ئەم ڕاستیانە نیشانەی چین ؟

ئەمانە نیشانەی ئەوەن کە سیستەم و ڕێژەی دیاردە ڕێکەوتەکـــــان سەرنج نادرێن لەوکاتەی ڕووداوەکان کەمن ، بەلام کە زۆربن سەرنـــج دەدرێن ، بەم ڕێ،ڕەوانە دەوترێ ڕێڕەوی سەرژمێرێ (السنن الاحصائية) واتە ڕێ،ڕەوی پۆلێکی تەواوی دیاردە ڕێکەوتەکان .

ئەمە ئەوە دەگەیەنی کە ئێمە دەتوانین دیراسەی دیاردە ریکەوتەکان بکەین و یاسا بوونیان بدوزینەوە . فیزیای هاوچەرخ بە دیراسەکردنی بزووتنەوەی ئەلەکترۆنەکان و تەنوکەکانی تر لە ئەتوم ، بــە تەواوی ئەوەی دوزیەوە کە بزووتنەوەی ئەو تەنوکانەی بەچاونادیترین مل کەچی ڕێ،ڕەوی سەرژمێرین .

بەم جورە دەبینین کە زانستی هاوچەرخ نەك هەر دیراسەی دیاردە زەرووری یەکان دەکات بەلکو ، دیراسەی دیاردە ریکەوتەکانیــــــش دەکات . دیراسەکردنی دیاردە ریکەوتەکان گرنگی زانستی هەیە .

ئەو ریکەوتانە زۆرن کە چاکەیان بۆ مرۆڤ هەیە ، بەلام ریکەوتی واش هەیە ئازارو ئەشکەنجە لەگەل خوی دینی وەك : ئەم بایانەی کـە لە بیابانەوە هەل دەکەن ، ووشکایی و لافاو نەگبەتی تر لە سروشت بەلام زانست لەسەر بناغەی دیراسەکردنی زەروورەتی ڕێ ڕەوەکانیان هەول دەدات سنوور بۆ کارەکانیان دابنێت . چوون دەتوانرێت ســنوور بۆ کاری ئەم شتە دابنرێت، کە بەتەواوی پشت بە مرۆڤ نابەستێ لـە راستیدا زال بوون بەسەر ڕێکەوتەکان کارێکە بەدی هێنانی دوورە بـە بەردەوامی . بەلام زال بوون بەسەر کارە ناپەسندەکانی ڕێـــکەوت ئەرکێکی زەرووری یەو لە توانادا هەیە . بۆ نموونە تا ئێستا ناکرێ

بەسەر ئەوگۆڕانانەی ( کەژ ) دا زاڵ بین کە دەبنە هۆی لەناوبردنی کشت و کاڵ • سنووردانان بۆ ڕێکەوتە ناپەسندەکان کارێکە کە لەتوانادایە بکرێ لەم ڕوانگەوە کە ئەم کارە بەندە بە ئەو بار و دۆخانەی کە تیایەتی • بۆیە زەرووری یە باروودۆخی وابهێنرێتە کایەوە کە لە توانای داهەبێت کارە زیان بەخشەکانی ڕێکەوت کەم بکەونەوە یان لایان بەرن بەتەواوی •

بە تایبەتی ئەمە بۆ ئابووری کشت و کاڵ گرنگە کە بەندە بە گۆڕانەکانی کەژ ( طقس ) زیاتر لەوەی بەندبێت، بە پیشەسازی •پەین کردنی کێڵگە وە بەکارهێنانی ڕێبازی کشت و کاڵی • ئەمانە هەموویان کشت، و کاڵ لە ڕێکەوتی زیان بەخش دەپارێزن •

بەم جۆرە مرۆڤ دەستەو ئەژنو ناوەستی بەرامبەر ڕێکەوتە زیان بەخشە ناپەسندەکان وە دەتوانێ ئیفلیجیان بکات یان سنوورێکیان بۆ دابنێ •

هەروەها مەسەلەی سەربەستی بەندە بە گوتەی زەرووڕەت •

## ( زەرووڕەت و سەربەستی )

مێژوو دەی سەلمێنی کە سەرکەوتنی سۆشیالیزم بەسەر سەرمایەداری زەرووڕەتێکی مێژوویی یە • وەلەم بارەی ئێستا زەرووڕەتێکی مێژوویی یە کە هەردوو سیستەمی سۆشیالیست و سەرمایەداری بە ئاشتی لەگەڵ یەکتر بژین •

ئایا هەوڵ و تەقەلادان هیچ سوودی هەیە تا ئەوشتە بێتەکایەوە کە زەروورەیەکی مێژوویی یە ؟

بەدرێژایی چەندان سەدە گفتوگۆ لەسەر ئەم مەسەلەیە بەردەوام بوو لەنێوان ئەوانەی باوەڕیان بە قەزاو قەدەر هەبوو لەگەڵ ئەوانەی باوەڕیان بە ئیرادە هەبوو ( القدريين) و ( الارادیین ) • ئەوانەی باوەڕ-

هەواڵنامەی کتێب

یان بە ئیرادە هەیە دەڵێن ئیرادەی مرۆڤ ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە گەشە کردنی جیهان. ئەوانە پێیان دەوترێ ( ئیرادی ) یەکان . ئەوانە گرنگی نادەن بە بارە بابەتی یەکان ، یاسا بابەتی یەکان ، زەرووره- تی مێژوویی . وەوا لە سەربەستی گەیشتوون کە بریتی یە لە بەند نەکردنی ئیرادەی مرۆڤ . بەلام ئەم رایە هەلەیە . بی هیچ شتێك لە جیهان روونادات و کاری خوی ناکات . بویە ناکری ئیرادەی مروڤ پشت بە هیچ نەبەستی و بەکەیفی خوی کاربکات .

پێچەوانەی ئەمە ڕای ئەوانەیە کە باوەڕیان بە قەزاو قەدەر هەیە ( قەدەری یەکان ) ئەمانە باوەڕیان بە قەدەری حەتمی هەیە ، باوەڕیان لەسەر ئەوە بنیات دەکەن کە هەموو شتێك لە جیهان لە پێشەکی قەرار دراوە . وە مروڤ لە توانای دانی یە هیچ شتێك بگوڕێ . لەوەوە ووشەی ( قەدەری ) هاتووە .

قەدەری یەکان وا حوکم بەسەر خەڵکی دەدەن کە بەست و خاوی بژین . ئەگەر خەڵك بەبەردەوامی بەقسەی قەدەری یەکان بکەن دەبێ دەستە ئەژنۆ لە ماڵەوە دابنیشن. ئەوە دەبێتە هوی پەیدابوونی هەست بە قەزاو قەدەر بۆیە ئەم بیردوزە وا لە جەماوەری چەوساوە دەکات کە باوەڕیان بە هێزی خۆیان نەمێنێ بۆ گۆڕینی ڕژێمی کونە پەرەستە چەوسێنەرەکان .

ئەگەر سەیری ئەم نموونەیەی خوارەوە بکەین بۆمان دەردەکەوێ تاچ رادەیەك هەلوێستی قەدەر زیان بە دیاردەکانی جیهان دەبەخشێ. هەندێ کەس لە ڕۆژئاوا حەزدەکەن حەتمی یەتی شەرو پێش برکێی پەر چەك کردن بسەلمێنن . ئەوانە دەڵێن بەرامبەر ئەمە مرۆڤ ناتوانێ هیچ بکات. بەلام لە ڕاستیدا ئەم کارە پێچەوانەیە .خەباتی یەکێتی سۆڤیەت و وولاتە سۆشیالیستەکانی تر و وولاتە تازە پێگەیشتوە سەربەخۆکان دەتوانێ هەلگیرسانەوەی شەرێکی تازەی جیهان بەدوور

بخاتەوە ٠

بۆیە هەردوو بۆچوونی قەدەری و ئیرادی چەوتن ٠ ئەوانە مەسەلەکە بەشێوەیەکی میتافیزی چارەسەر دەکەن ؛ دان بەیەکێ لەم دووانەدەنێن. سەربەستی یان زەرووورەت ٠ یان هەموو شتێك بە حوکمی جموجۆلـــی ئازادی مرۆڤ دێتە دی،ئەو کاتە ناشێ زەرووورەت هەبێ ٠ یان هەمووشت بەحوکمی زەرووورەت دێتەدی ، ئەوکاتە ناشێ سەربەستی هەبێ ٠ سەر ـ بەستی لەگەل زەرووورەت رێك ناکەوێ ٠ ئەمە ئەو بناغەیە کە ئەم رایەی لەسەر بنیات دەکرێ ٠

کەواتە چارەی راستەقینە چی یە بۆ مەسەلەکە ؟ لە ژیانی رۆژانــە ووشەی ( سەربەستی ) ئەوە دەگەیەنێ کە شتێکە کوێت و بەند تەنگی پێ هەل ناچنێ ٠ بۆیەوا بیردەکرێتەوە کە زەرووورەت نەفی سەربەستی دەـ کات : کە زەرووورەت هەبێ بەندو کوتیش دەبن ٠ ئەمە ئەوە دەگەیەنێ ک ناشێ سەربەستی ٠ بەم جۆرە مەسەلەی سەربەستی واتە چارەسەرکردنی ئەم نموونەی خوارەوە : دەشێ مرۆڤ سەربەست بێت لە کاتێکا مـــل کەچی یاساکانی زەرووورەتی سروشت بێت ؟

٠ بابەم نموونەیە دەست پێ بکەین :

چوونە ئاسمانی گێتی بەندە بە بازدانی یاسای راکیشانی ٠ جیهان کەوەك ئەوە وایە مرۆڤ بەزەوی بەند بکات ٠ بەلام ئایا دەکرێ ئـەمـە ئەنجام بدرێ بە پشت گوێ خستنی ئەم یاسایە ؟

بۆ ئەوەی کەشتی ئاسمانی لە زەوی دەربچێ و بچێتە مەدار (المدار) دەبێ بە خێرایی یەك بروا کە هێزی چەقی پالدەری ( القوة المرکزیـة الطاردة ) زیدەتربێت لە هێزی راکیشانی زەوی ( ئەمە لە کاتێك رووـ دەدات کە خێرایی یەکەی زیاتر بێت لە (٨) کیلومەتر لە چـــرکـنە) ٠ ویرای یاسای راکیشانی گشتی/زاناکان توانیان کەشتی یەك رەوانـــە بکەن بۆ ئاسمانی گێتی ( الفضاء الکونی ) لە سەر بناغەی دیراسەکر-

دنی کاری ئەو یاسایە بە قووڵی .

کاتێ زاناکانی سۆڤیەت ڕاکێتێکیان ناردە مانگ ، ئەمە لەسەر بنچینەی یاسای ڕاکێشانی گشتی بوو . ڕاکێتەکە خێرایی یەکی دیاری کراوی هەبوو کە بە هۆیەوە توانی لە ڕاکێشانی زەوی دەربچێ پاشان بەهۆی هێزی ڕاکێشانی مانگ لەسەر مانگ نیشتنەوە . ئەم نموونەیە هەڵەی ئەو کەسانە ئاشکرا دەکات کە دەڵێن ئێمە سەربەستی لەدەست دەدەین ئەگەر مل کەچ بین بۆ یاساکانی زەروورەت ـ وە بەدوای ڕێگە دەگەڕێن بۆ ڕاکردن لەم یاسایانە ، بۆ ڕاکردن ( لەم زەروورەتەی تەنگی بە سەربەستی هەڵ دەچنێ ) . ئەم خەڵکانە وا لەسەربەستی دەگەن کە ئازاد بوونە لە یاسا . بەلام ئەمە ڕاست نی یە .

کەواتە سەربەستی ڕاستەقینە خۆی لە کوێ دەنوێنێ ـ لەو شوێنەی کە ( دان بەهیچ یاسایەك دانانرێ ، یان لەو شوینەی ئەم یاسایانە دەزانرێن و سوودیان لێ وەردەگیرێ ؟ وەلام ئاشکرایە . لەو شوێنەی کە ئەم یاسایانە دەناسرێن و سوودیان لێ وەردەگیرێ . لینین بەم شێوەی خوارەوە ئەم بیرۆکەی دەربڕیوە : زەروورەت کوێرە ئەگەر نەناسرێ ، بەلام ئەگەر ناسرا ، و ئەگەر یاسا ناسرا ، وەئەگەر کاری یاسامان بۆ بەرژەوەندی یەکانی خۆمان خستەگەڕ ، ئەوا ئێمە دەبینە خاوەنی سروشت . ئەنگلس لە پەرتووکی ( دژی دوهرینگ ) دەڵێ : سەربەخۆیی تەنها بە خەیاڵ لە یاساکانی سروشت خۆی نانوێنێ ، بەڵکو لە زانینی ئەم یاسایانەو توانای ئەم زانینە خۆی دەنوێنێ بۆ مل کەچ پێ کردنی یاساکانی سروشت بەبەرنامە بۆ کارکردن لە پێناوی ( ئامانجی دیارکراو ) .

ئەم قسانە بۆ دیاردەکانی سروشت و ژیانی کۆمەلایەتی ڕاستن وەکو یەك ، پێش پەیدابوونی مارکسیزم / یاساکانی گەشەکردنی کۆمەلایەتی نەزانرابوون . وەخەڵکی هەر بەندی زەروورەتی مێژ-

وویی بوون . پاشان مارکسیزم ئەم یاسایانەی دۆزی یەوە . ئەوە یەکەم هەنگاو بوو تا چەوساوەکان ، هەڵگری ئەم یاسایانەببنە دروست کەری ئازاد بۆ دوا ڕۆژی خۆیان بۆ ئەوەی ژیانی خۆیان لەسەر شێوەیەکی تازە بینا بکەن بە پێی زەروورەتی مێژوویی .

سەربەستی مرۆڤ لە زانینی یاساکانی سروشت و کۆمەڵ خۆی دەنوێنێ ، وە هەروەها بەکارهێنانی بە ژیری لە جم و جۆڵی ڕۆژانە . وەنا شێ سەربەستی مرۆڤ لە سنووری زەروورەت تێ پەڕێ .

فەیلەسووفە بورژوا هاوچەرخەکان دەڵێن مرۆڤ ئازادە لەو کاتەی دەتوانێ هەر چارەیەك بدۆزێتەوە بۆ جم و جۆڵی خۆی . بێ ڕەچاوکردنی هیچ شتێك . لە ڕاستیدا ئەم جۆرە سەربەستی یە لە ئارادانی یە . ئەمە بەئاشکرا لەم گفتوگۆیەی نێوان پەروانەی با و میلەموگناتیسەکەی قیبلەنامە بۆمان دەردەکەوێ . پەروانەی با بە فیزەوە دەڵێ :

- من ئازادم بۆیە بەکەیفی خۆم بە هەموو لایەکدا دەخولێمەوە ، ئەمڕۆ بە جۆرێك وە بەیانی بەجۆرێکی تر . بەڵام تۆ هەرچونی بت خولێننەوە تەنها روو لەیەك لادەکەیت.

میلی موگناتیسەکە وەڵامی دایەوە :

تۆچی سەربەستی یەکت هەیە ؟ تۆ بە ئارەزووی خۆت ئەم لا و ئەو لا ناکەیت . باکان گەمەت پێ دەکەن لەبەر هەندێ تۆ دەخولێیتەوە . تەمەنی ئازادی تۆ کورتە ــ لە بایەکەوە تا بایەکی ترە . بەڵام پشت بە گۆڕانەکانی کەشی نابەستم وە هەمیشە پارێزگاری ئەوە دەکەم کە روو هەر لە یەك لابکەم . وەبە هۆی ئەم رووکردنەم هەموو شوێن خەڵك ڕێگە دەدۆزنەوە .

ئەگەر بە قووڵی بیر لەوەی سەرەوە بکەینەوە ، زەحمەت نابێ کە تێ بگەین نابێ وا لە سەربەستی بگەین کە بریتی یە لە هەڵ بژاردنی هەر چارەیەك بۆ جموجوڵی بێ ڕەچاو کردنی هیچ شتێك .

هەندی کەس لە وو لاتە سەرمایەدارەکان لەوباوەڕەدان کە بەسەربە-
ستی یەکی تەواو ڕێگەی بیرکردنەوەی خۆیان هەلبژاردووە ، وەئارەزوو
هەلس و کەوتیان لە ئەنجامی سەربەستی کەسایەتی خۆیانە . بـــەلام
لە ڕاستیدا ئەوانە بەندی ئەو بارانەن کە تیایا دەژین . بەندی ئـــەو
ئارەزوو و غەریزانەن کە لەخاوەنێتی تایبەتی هەلّ دەقولێـــێ . ئـــەو
خاوەنێتی تایبەتی یە بە دەوری خۆی پەروەردەی هەموو شێوەی ژیانە .
لێرە هیچ سێبەرێکی ( سەربەستی کەسایەتی ) نی یە بەو مانایەی زانا
بورژواکان مەبەستیانە . لێرە هەموو شتێك مل کەچی زەروورەتە . وە
ئەم زەروورەتە لە بارەکانی سەرمایەداری بە شێوەی هێزی کۆمەلایەتی
دەردەکەوێ کە دەکرێ لەگەلّ ڕەشەبا بەراورد بکرێ .

بەلام لە بارەکانی سۆشیالیزم سەربەستی بەندە بە زانینی زەروو-
ڕەت . لێرە سەربەستی شتێکی ترە یاساکانی وەك هێزی کۆمەلایەتی
کوێرْ کاری خۆیان ناکەن . لەبەر جم و جۆلی خەلك بەندە بەیاساکانی
گەشەکردنی کومەلایەتی .

دوژمنانی مارکسیزم دەلێن: لەبەر ئەوەی مارکسیزم سەیری گەشە-
کردنی جیهان دەکات وەك ئەنجامی کاری ئەو یاسا بابەتی‌یـــانـــەی
سەربەخۆن لە ئیرادە و هۆشی مرۆڤ ، بۆیە چار نی یە هەر بـــەرەو
قەدەرێ دەڕوا ، بەرەو دانی نان بە جم و جۆلی سەربەستی بە کاریگەری
خەلك ، بەمە دەیانەوێ بلێن کە مارکسی یەکان وا لە گەشەکردنـــی
جیهان دەگەن وەك پرۆسەیەکی قەدەرێ کە لە پێشەکی قەرار دراوە .

ڕەخنەگران لە مارکسیزم دەلێن : گەر هاتنی سۆشیالیزم کارێکی
حەتمی یە ، بۆچی خەبات بۆ ئەم مەسەلەیە دەکرێ ؟ تەنها چاوەنوار-
ی هاتنی بەسەرا چی پێویست دەکات پارتەکان لە پێناوی ڕۆژگیران ؟
ڕەخنەگرانی مارکسیزم بەم شێوەیە قسەدەکەن .

مارکسیزم لینینزم هیچ پەیوەندی بەو مەفهومە وەریوە نی یە . داز

بە زەرووڕەتی سەرکەوتنی سۆشیالیزم دەنێ ، بەلاّم نەك بەو مەبەستەی کە ئەم سەرکەوتنە سەربەخۆ دێتە دی .

مەسەلەکە ئەوەیە کە زەرووڕەتی دیاردە سروشتیەکان لە ناوەڕۆکەوە جیایە لەگەل زەرووڕەتی دیاردە کۆمەلایەتی یەکان. زەرووڕەتی گەشە کردنی کۆمەلاّیەتی دێتەدی بەشێوەیەکی جیالە دوای یەکتر هاتنی شەو و ڕۆژ یان لە هاتنی بەهار و هاوین . ئەم دیاردە سروشتی یانە بێ بەشداری مرۆڤ ڕوو دەدەن .

بەلاّم لە کۆمەلّ هەموو شتێك بەرهەمی کاری دەستی مرۆڤە . بەرهەمی جموجۆلی بەرهەم هێنانی شۆڕشگێڕانەیە. بەلاّم ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە زەرووڕەتی کۆمەلایەتی یاساکانی گەشەکردنی کۆمەلایەتی دەستکردی خەلکن ؟

نەخێر نە ، زەرووڕەتی کۆمەلاّیەتی بابەتی یە بەقەدەر زەرووڕەتی لە سروشت . بەلاّم جیاوازی یەکی ناوەڕۆکی هەیە لە نێوانیان ، هەروەك لە پێشەوە سەرنجمان دا . لە سروشت جموجۆلی خەلك بەندە بە زەرووڕەت . بەلاّم ژیانی کۆمەلاّیەتی ، جموجۆلی خەلك دەکەوێتە سنووری ئەو بارو دۆخانەی کە بەبێ ئەوان زەرووڕەت نایەتەدی. ئەگەر خەلك بە ورەی بەرز بەبەردەوامی کاریان نەکرد بۆ گەیشتن بە ئامانجی دیاری کراویان . ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە کۆششیان لەو کاتە ئەوە نی یە کە بیان گەیەنێتە ئامانج .

ئایا دەکرێ هەلگیرسانی شەڕ بەدووربخرێتەوە بێ خەباتی فراوانی جەماوەری گەل ؟ نەخێر نە، ئەگەر هێزی ئاشتی سست بێت وەبەکارێك هەلّ نەسێ ، ئەوکاتە هێزی ڕەشی شەڕ جموجۆلی خۆی زیاد دەکات ،بە ئاشتی بەیەکەوە ژیان دەکەوێتە مەترسی بۆیە ئیرادەو کاری گەلان ئەوە قەرار دەدەن کە خەلك بە ئاشتی بژین لە سەر زەوی یان مرۆڤایەتی تووشی کارەساتی شەڕێکی جیهانی تازە بکرێت .

دان نانێ بەوە کەشەڕ قەزاو قەدەرە و کاریکی حەتمی یەو هــەر دەبێ رووبدات ، ئەوە لەوانمیە جموجولی گەلان لاواز بکات لە خەباتیان بۆ ئاشتی ، بەلام دەرك کردن بەوە کە شەڕ قەزاو قەدەر نی یە ئەمەیە پێچەوانەوە پۆلەکانی ئاشتی فراوان دەکات و دەبێتە هــۆی پەرەسەندنی خەبات لە پێناوی ئاشتی .

بەم جۆرە زەروورەتی مێژوویی هەلوێستی بە جموجۆلی رووداوەکان نەفی ناکات ، بەلکو بە پێچەوانەوە دەی چەسپێنی . مارکسیزم گرنگی زۆر بە جموجۆلی کاریگەری ئازادی خەلك دەدات . ئەم جموجۆلە پێی دەوترێ هۆی زاتی ، واتە ئەو هێزانەی پشت بە زاتەکـــان دەبەستن وە هەروەها بەخەلك و زانیاری و جم و جۆل و توانایان بــۆ رێك خستنی کارەکان .

دەوری هۆی زاتی ، دەوری جموجۆلی سەربەستی بە کاریگەر کــە گەل پێی هەلدەستی لە ماوەی بنیات کردنی سوشیالیزم وە کومۆنیزم بە شیوەیەکی رەچاوکراو بەرزدەبێتەوە . بەلام ئەم جموجۆلەی خەلـك بەندە بە بارە بابەتی یەکان .

فەیلەسوف و زاناکۆمەلایەتی یەکانی بورژوا مەفهومی سەربەستیان شێواندووە ، ئەوانە هەموو مەسەلەکە دەکەن بە ( مەسەلەی سەربەستی نموونەیی گیان ) . ئەوانە دەلێن : ـ بەندەیەکی بە کوت وزنجیر بە ، بەلام ئەگەر لەو باوەرەدابوویت کە ئەو بارە تەنگی بە گیانــت هەلناچنێ ، واتە تۆ ئازادیت .

ئەوان دەلێن لە کۆمەلگای بورژوا هەموو کەس ئازادە . کەس بــە خورتی کاربە کرێکار ناکات وە سەرمایەدار حەوجەنی یە کار پێشکەش بە کرێکار بکات . کرێکار دەتوانی بچێتە لای ، خۆی سەر پشکە وە خاوەن بیرەکانی ئیمپریالیزم لە وولاتە سەرمایەدارەکان ووشەی ( جیهانی ئازاد ) یان داهێناوە بەلام .با سەیر بکەین ئایا ئــەوەی

ئەوان پێی دەڵێن ئازاد ئازادە ؟

بۆ ئەوەی مرۆڤ سەربەست بێت دەبێ ئاغای بارە کۆمەلایەتی یەکان بێت . ئایا لە کۆمەڵگای سەرمایەداری دەتوانرێ ئەمانە بێتەدی لە کاتێکا ئەم کۆمەلگایە لەسەر پایەی زولم و چەوسانەوە وەستاوە ؟

مێژوو روونی دەکاتەوە کە ئازادی خەیاڵەو هەڵخەڵەتاندنی گەلە لە کومەلگایەك کە تییا مرۆڤ بچەوسینرێتەوە و زولمی نەتەوایەتی و ئیمپریالیستی تیا بێت . سەربەستی بۆ کرێکاران نی یە ئەگەر خاوەنێتی تایبەتی ئامێرەکانی بەرهەم هێنان هەبێت کە ئەنجامەکەی چەوساندنەوەی مرۆڤە لە لایەن مرۆڤ . لەبەر ئەوەی لەو بارانەدا ئازادی گەل لەسەر بناغەیەکی بابەتی و ریالیست نەوەستاوە . لێرە ئازادی تەنها گرنگی یە کی شێوەیی هەیە وە ئازادای تەنها بۆ چەوسێنەرەکانە .

ئەو ئازادی یەی لە سەر بناغەیەکی بابەتی نەبێ ، ئازادی تەنها وەك بیر ، ئەوە وەك گولێکی بێ رەنگ و گل وایە . هەرچەندە لەو پەری جوانی بێت ئەوا بەپەلە هەڵ دەوەرێت و ووشك دەبێت . هەروەك لینین فێرمان دەکات کرێت ئازادی یەکی ریالیست و راستەوخۆ هەبێت لە کومەڵێك کەلەسەر دەسەلاتی پارە وەستابێت ، وە جەماوەری چەوساوە بە هەژاری و پەژارەیی بژین و دەوڵەمەندیش ژیانی مشەخۆری و تەمەلی بەرنەسەر .

رەنجدەران ئازادی رامیاری و کۆمەلایەتی بەدەست ناهێنن تا دەسەلات نەگرنە دەست و کۆمەلگایەکی تازە بینا نەکەن ، کۆمەلگایەکی بێ چەوسێنەرو بێ زاڵم .

مرۆڤ هەست بەخۆی ناکات کە ئازادە ئەگەر بناغەی مەتریالیستی نەبێت بۆ هێنانە دی ئامانج و هەولەکانی : وە هەر کۆمەلگای سۆشیالیزمە کە ئەو بناغەیە دەدات بە خەڵکانی کارگەر . بۆ ئەمە

( ئەنگلس ) بە تایبەت دەڵێ : سۆشیالیزم بازدانێکە لە زەروورەتەوە بۆ سەر بەستی . . تەنها لە بارەکانی سۆشیالیزم ،خە. ڵك دەتوانن ڕێگای گەشەکردنی کۆمەلایەتی خۆیان دیاربکەن .

تاقی کردنەوەی مێژوویی بۆ بنیاد نانی سۆشیالیزم لە یەکیەتی سۆڤیت و وولاتانی تر ئەم بۆ چوونەکانئەنگلس دەسەلمێنی . لەژێر سایەی سۆشیالیزم مرۆڤ ڕزگار دەبن لە مەترسی لە کیس چوونی کار و بێ متمانەیی بە دوارۆژ ، و هەروەها ڕزگاری دەبێ لە چەوسانەوەی نەتەوایەتی . ئەمە لەوولاتە سوشیالیستەکان . ڕووی داوە . بەلام پێش کەوتنی مرۆڤایەتی بەرەو ڕزگار بوون لەم سنوورە ناوەستێ . بیناکردنی کۆمەلگای کۆمۆنیزم دەبێتە بالاترین پلەی ڕزگاربوونی مرۆڤایەتی لە هێزە بەرمڵلاکانی سروشت . وە هەموو بارەکان دێنە - کایەوە لە پێناو کارکردنی بەرزو ئازاد ، لە پێناو گەشەکردنی هەموو تواناکانی مرۆڤ . بەمە دوا کوسپ بازدەدرێ لە ڕێگای مرۆ- ڤایەتی بۆ سەربەستی ڕاستەقینە.

( شێوەو ناوەڕۆك )

هەر شت و دیاردەیەك ڕەوشتی چۆنایەتی دیاری کراوی هەیە ، وە نیشانە کاکلەیی یەکان کە بە تێکڕایی ناوەڕۆکی ئەم شتە پێك دێنێ . بۆ نموونە ناوەڕۆکی ئەم پەرتووکە بریتی یە لە باس کردنی ئەو ڕوودا وو خەڵك و بیروباوەڕانەی کە تیایەتی . بەلام شێوە ، ئەو زمان و شێوە هونەری وە سفانەیە کە دانەر بەکاری هێناون بۆ دەربڕین لە ناوەڕۆك بە تەواوترین ڕێگا .

بەم جۆرە دەبینین کە ناوەڕۆك دەبێ بەشێوەیەك خۆی بنوێنێ . بێ شێوەی ڕاستەو خۆ ناوەڕۆك بوونی نی یە و ناشێ ببێ . بەم جۆرە هەر دیاردەو شتێك نەك تەنها ناوەڕۆکی هەیە بەڵکو شێوەشی هەیە . شێوە ڕێکخەرو پێك هێنەری ناوەڕۆکەو بوونی ناوەڕۆك شیاودەکات .

لەمە بۆمان دەردەکەوێ کە شێوەو ناوەرۆک بەیەککگرتوویی لەگەڵ یەکتری هەن • ئەوان لە هەر دیاردەو شتێک بە هەمیشەیی وبەپتەویی بەیەکتر بەندن • لێرە ئەو پرسیارە دێتە پێش ئەو ڕۆڵە چی یە کە هەر یەکێ لەم گوتانە دەی بینێ؟ لەم یەککگرتنە کامەیان ڕێ نیشان دەرو سنووردیارکەرە ؟

زەحمەت نی یە قەناعەت هێنان بەوە کە شێوەی شت یان دیاردە بەندە بەناوەڕۆکی •

لەم نموونەی خوارەوە ئەوەمان باش بۆ رون دەبێتەوە :-

شێوەکانی هەرەوەزی جووتیاران هەروا بەخۆڕایی دیارناکرێن• بەڵکو ڕادەی گەشەکردنی بەرهەمی کشت و کاڵ دیاریان دەکەن • لەبەر ئەوە لە زۆر وو لاتە ڕزگار بووەکان شێوەی تایبەتی هەرەوەزی جووتیاران دروست دەبێت:- یەکیەتی یەکانی هاوکاری کردنی هاوگوڕ ، هەرەوەزی زەخیرەدانان و سەرف کردن ... هتد • ئەمە ئەوە دەگەیینێکە ناوەرۆک شێوەی لەبار دیاردەکات •

پاشکوێەتی شێوە بۆ ناوەڕوک ئەوە ناگەیینێ کە ناوەروکیکی دیاکراو تەنها دەتوانێ تاکە شێوەیێک بە ژیان ببەخشێ • لەبەرڕۆشنایی چەند نموونەیێک لە ژیانی کۆمەلایەتی ئەوەمان بەباشی بۆ روون دەبێتەوە وەکە چۆن شێوە لە ناوەڕۆکیکی هەمیشە بەندبە چەند بارێکی مێژوویی پەیدادەبێت • بۆیە ناکرێ تەنها یەک تاکە شێوەی دیارکراوو وەستاو هەبێت •

شوڕشە نیشتمانی یەکان لە کۆلونیەکانلە ناوەڕۆکی کودەتا یەکی کۆمەلایەتی ، بەشێوەی جیا جیا دێتەدی • لەوانەیە هەندێ شێوەی کۆن بۆ حوکم کردن بەکار بهێنرێن ئەویش بۆ ڕازەی گەل و دارشتنی ناوەروکی تازەیە •

بەلام ئەگەر شێوە مل کەچی ناوەڕۆک بێت ، ئەمە ئەوە ناگەیینێ

که شێوە هیچ ڕۆڵ نابینێ . نەخێر نابێ لە گرنگی شێوە کەم بکرێتەوە
وێڕای پاشکۆیەتی شێوە بۆ ناوەڕۆک. شێوە کاردەکاتە سەر ناوەڕۆک بە
جۆرێکی کاریگەر . با سەرنج بدەینە ئەم نموونەی خوارەوە :-

ماموستایێک دەرس دەڵێتەوە ، بابەتی ڕووداوەکان سەرنج ڕاکێشە.
رن بەلام شێوەی باسکردنیان زیندوو نی یە و ئەوەنی یە زەوقی لـــێ
وەربگیرێ . ماموستا بەشێوەیەکی لاواز و وشك بابەتەکان باس دەکات
. . ئایا بەم جۆرە شێوەکار دەکاتە سەر ناوەڕۆك ؟ بەڵـــێ
بێ سێ و دوو کار دەکاتە سەر ناوەڕۆک. گوێگران بە زەحمەت لــــە
ناوەڕۆکەکە دەگەن . ماموستایەکی تر باسی هەمان ڕووداوەکان دەکات
بەلام بەشێوەیەکی زیندوو ، بەزەوق و ڕەونەق . لە هەردوو بارەکـــە
ئەنجامەکان زۆر لەیەکتر جیان. لە باری دووەم گوێگرەکان هەموو مەبەست
نی گەیشتن ، وە ماموستا گەیشتە ئامانج .

بەم جۆرە نەك ناوەڕۆك كاردەكاتە سەر شێوە بەڵکو بە پێچەوانەوە
شێوەش کار دەکاتە سەر ناوەڕۆک هەروەها لەوانەیە ئەم کارتێ کردنە
بە جۆرێ دوو لایەنی بێت ، ئەگەر شێوە وەك ناوەڕۆك بوو ئەوە یارمە.
تی گەشەکردنی دەدات . بەلام ئەگەر شێوە وەك ناوەڕۆك نەبوو ئـــەوە
دەبێتە کۆسپ لەبەر دەم گەشەکردنی . بەلام هەمیشە ڕۆڵی شـــێوە
کاریگەرە ، کاردەکاتە سەر ناوەڕۆک ، یارمەتی گەشەکردنی دەدات یان
کۆسپ دەخاتە بەردەمی . لەو نموونانەی باسمان کرد دەرکەوت کـــە
ناکرێ لە جم و جۆڵی ڕۆژانە ڕۆڵی سەرەکی تەنها بدرێ بە ناوەڕۆک ،
دەوری شێوە پشت گوێ بخرێ . هەروەها دەبێ کاری بە پێچەوانـــەی
شێوە ڕەچاو بکەین . بو نموونە نابێ موحازەرەکە تەنها لـــە ڕووی
ناوەروکەوە باش بێت بەڵکو دەبێ لە ڕووی شێوەش بەرەونەق بـــێت
ئەمە ئەوە دەگەیینێ کە شێوە هاندەرو یارمەتی دەری ناوەروکە بـــۆ
گەشەکردن .

بەڵام چۆن دەزانرێ کە شێوە چۆن دەبێتە کۆسپ بۆ ناوەڕۆک ؟

زانینی ئەوە زەحمەت نی یە ئەگەر ئەوەمان لەبەر چاوبێت کە هەموو شتێك لەباری گەشەکردن دایە • بۆیە قەت ناوەڕۆك لەیەك ئاستدا ناوەستێ ؛ بەڵکو گەشەدەکات هەروەها شێوەش گەشەدەکات بەڵام زیاتر وەستاو تر و جوڵەی کەمترە • وەلەناوەڕۆکی خۆی دووزگەکەوی شێوە و ناوەڕۆك دژ بە یەکترن • کاتێ ئەم دژایەتی یە گەشە دەکات و دەبێتە ناکۆکی نێوان شێوەو ناوەڕۆك ، ئەم ناکۆکی یە ئەوە دەخوازێ کە سنوورێکی بۆ دابنرێ •

داهێنانێکی تازە لەسەرەتا لە شێوەیەکی کۆن لە دایك دەبێ • بۆ نموونە یەکەم ئۆتومبێل ڕوونوسی کت و متی عارەبانە بوو • بەڵام ئەو کاتەش دێت کە شێوەکۆنەکە دەبێتە کۆسپ لە ڕێگای گەشەکردنی چونایەتی یە تازەکان بۆ ئۆتومبێل ، کۆسپ بۆ ناوەڕۆکی تازەی شێوە کۆنەکەی ئۆتومبێل کۆسپی دەخستە بەردەم خێرایی بزووتنەوەی ئۆتومبێل تا شێوەی ئاسایی وەرگرت •

وە لەژیانی کۆمەڵایەتی ، ڕووبە ڕووی زەروورەتی چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکیانە دەبینەوە کە لەنێوان شێوەو ناوەڕۆك پەیدادەبن • بۆ نموونە شێوەی حوکم کردن لەرێگەی سەرەك هۆزو خێزانە گەورەکان لە هەندێ لە وڵاتە سەربەخۆکان ، تووشی ناکۆکی بووە لەگەڵ ئەرکەکانی دروست کردنی ژیانی تازە ئەمە پێویستی بەوەکرد کە شێوەیەکی تر جێگەی ئەم شێوە حوکم کردنە بگرێتەوە : شێوە تازەکەش بریتی بوو لە نوێنەرانی دەولەت و پارتی وە تا ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانی ناوچەکان •

کەواتە بە چ ڕێگەییەك ناخۆشیەکانی نێوان شێوەو ناوەڕۆك چارەسەر دەکرێن ؟

لە زۆر لە بوارەکان ئەمانە بەرێگەی جیا جیا چارەسەر دەکرێن :

ڕێگەی ئاشتی یان ڕێگەی ناخۆشی ٠ بە پێی بارو شوێن ٠

لە کۆمەڵی سۆسیالیزم ، ئەو وولاتانەی ڕێگەی گەشەکردنی ناسەرمایەداریان گرتوتە بەر ، لەوانە ئەم ناکۆکیانە بەرێگەی گۆڕینی لەسەرخۆی شێوەکۆنەکان چارەسەر دەکرێن بەدەست پێش کەوری پارت و دەولەت ٠

ئەوانەی دەری شێوە زل دەکەن و ناوەڕۆک نابینن لە پشتەوەی شێوە ئەوانە زیانێکی گەورە بەمەسەلەکە دەگەیێنن ٠ بەمانە دەوترێ ( الشكليين) ٠ بۆ نموونە هەندێ نگارکێش تابلۆ دەکێشن کە هیچ ناوەڕۆکێکی تیا نی یە ٠ پەروێیك بە شێواوی ماك ماك ڕەنگ دەکەن و تابلۆکە ئامادە دەبێ ٠ ئەمە ئەو پەری شێوەیی یە لە هونەر ٠ ئەم شێوەیی یەی ئەو پەری هونەریێ دەوترێ هونەری قوت( التجريبدي ) ، هونەری بێ ناوەڕۆك ، بەلام هونەری ڕاستەقینە ئەوە دەخوازێ کە شێوەی بەرزی هونەر بگونجێ لەگەل ناوەڕۆکێکی قوول بە تەواوی ٠

شێوەیی ( الشكليه) تەنها لە هونەر دەرناکەوێ ، بەلکو لە هەلوێست لە کار و لە خەلکیش دەردەکەوێ ٠( شێوەیی ) زیان بە هەموو شوێنێك دەگەیێنی/ یەکێکی شێوەیی مرۆڤی زیندوو پێ ویستیەکانی نابینی ٠ مرۆڤی شێوەیی لە بواری جم و جۆلی ڕۆژانە وەك ئەو بیروکراتیە یە کەمەسەلەیێك زیندوو دەکاتەوەو دەکوژێ ٠ لەبەر ئەم هۆیە یە کە خەبات دژی شێوەیی زەرووری یە ٠

بەم جۆرە باسی ئەم یاساو گۆتە بن چینەیی یانەمان کرد لە مەتریالیزمی دیالەکتیك ٠ بەلام ئەوەی پەیوەندی بە هەردوو گۆتەی جەوهەر و دیاردەوە هەیە واباشترە لەگەل (بیردۆزی زانست) باس بکرێت لێرە ئەم پرسیارە خۆی دەخاتە ڕوو : ئەو ڕێگەیە چی یە کەبە هۆیەوە زانست ئەو پەیوەندی یاسانەو جەوهەرە دەزانێ ؟ لەبەشی داهاتوو ئەم مەسەلەیە باس دەکەین ٠

## بەشـــــی پێنجەم

## ( جەوهەر و دیاردە )

زانست و جم و جوڵی ڕۆژانە بۆمان دەردەخەن ، کە شت و مەتریا-
لەکانی جیهان دوو لایانیان هەیە : لایەکی ناوەوە کە لەئێمە شارد-
راوەیە وە لایەکی دەرەوە کە هەستی پێ دەکەین . کاتێ بە ئۆرگانەکانی
هەستمان هەست بەشت دەکەین ، لەسەرەتا تەنها دەرك بــــە شێوەی
دەرەوە دەکەین .واتە ئەوەی لەسەرەتا لەپێشمان بیت بریتی یە لـــــە
جیهانی دیاردەکان .

بەلام زانیاری و جم و جوڵی مرۆڤ بەتێکرایی ناتوانن مەسەلەکە
بکەن بە دەرك پێکردن و باس کردنی هەندێ لە دیاردەو ڕووداوو بەسە-
رهاتەکان ، بەڵکو هەول دەدەن باسە جەوهەری یە وەستاوەکانی دیارد-
ەکان و پاشکۆیەتی هۆیەتی پەیوەندی ناوەوەیان بدۆزنەوە . باسەکانی
سروشت کت و مت وەك دیاردەکان نین .

دۆزینەوەی گەشەکردنی یاسایی پرۆسەکان ، واتە زانینی سروشتی
ناوەوەیان ، واتە چوونە ناو ئەو شتەی دیاردە جیاکان بەیەکەوە دەبە-
ستێتەوە ، بۆ ناو پێك هێنەری شتی بنچینەیی سەرەکی تیایان.

لە کۆمەلی سەرمایەداری ئەم دیاردانە دەبینرێن : ناخۆشی وگیرو
گرفت ، بێ کاری ، ئازاردانی کرێکارو مان گرتن و خۆپیشـــاندان
دژی زولمی مۆنۆپۆلەکان . ولەپشت ئەم دیاردانە جەوهەری سەرمایە-
داری خۆی دەنوێنێ ، ئەویش ئەوەیە کە سەرمایەداری ڕژێمی چەوسانە
وەو زولم لێ کردنە .

بەم شێوەیە دەبینین کە جەوهەر دەربرینی پەیوەندی نـــــاوەوە ی
جیهانی بابەتی یە ، وە بناغەی هەمەجۆری دیاردەکانە . بەلام دیار-
دەکان ڕوی جەوهەرن، شێوەی دەرەوەن کە نیشانی دەدەن .

بویه جەوهەر شتیك نی یه لەپیش دیاردەكان هەبیت و سەربەخویه لەوان : جەوهەر و دیاردە لایەنە جیاكانی هەمان واقع رەنگ دەدەنەوە : جەوهەر رەنگدانەوەی لایەنە ناوكی و بنچینەیی یەكانە ، بەلام دیار. دەكان رەنگدانەوەی لایەنە دەرەكی و راستەوخوكانن •

نابی والە یەكەتی جەوهەرو دیاردە بگەین كە راستەوخو وەك یە‌ـ كترن • ئەگەر هەموو شت لەسەر رووی دیاردەكان بوایا ، ئاوا دوزینە وەی یاسای گەشەكردنی سروشت و كومەل بەیەك جاری راستەوخو پەی پی دەبردرا • بەلام مەسەلەكە وانی یە : زانینی جەوهەر پیویستی بە كاری زور ئالوزاوی زانایان هەیە • دوزینەوەی جەوهەر پیویستی بە دیراسەیەكی زانستی هەیە لەسەر بناغەی جم وجولی روژانە •

بو نموونە وامان بو دیارە كە روژ لە دەوری زەوی دەخولیتەوەو زەوی بی جولە دیارە • بەلام ئەم بۆچوونە بە پێچەوانەی ئەوجەوهەرەیە كە زانیاری و تاقی كردنەوە دۆزیویەتەوە • لە راستی دا زەوی لەدەوری رۆژ دەخولێتەوە •

بەلام لەژیانی كۆمەلایەتی ، هێزە كونەپەرستەكان كە بەرەو لەناوچوون دەرون ، بە ئانقەست جەوهەر دەشێوێنن لە زۆربواردا •

بۆنموونە ئیمپریالیستەكان ئامادەیی خۆیان نیشان دەدەن بۆ وولاتانی رزگاربوو لە زولمی ئیمپریالیزم بەلام لەژێر پەردەی یارمە‌ـ تی دان هەوڵ دەدەن ئەو وولاتانەی كەلەرووی ئابووری یەوە لاوازن بیاز خەنە ژێر ركێفی خۆیان بەنیازی ژیاندنەوەی ئیمپریالیزم بە شێوەیە‌ـ كی تر • لێرە ژێرانە جەوهەری ئیمپریالیزم دەشێوێندری : خۆی بە دۆست نیشان دەدات بۆ وولاتانی گەشە نەكردوو •

ئیدالیستەكان جەوهەر و دیاردە لە یەكتر جیادەكەنەوە • باشترین نموونە بۆ ئەمە ( عەمانوئیل كانت )٥٠ ریالیزمی بەشكردووە بۆ جیهانی دیاردەو جیهانی جەوهەر • بەرای ( كانت ) قەت ناكرێ

جیهانی جەوهەرەکان یان وەك ئەو ناوی ناوە جیهانی شتەکان بە خو-
دی خۆی بناسرێت. وەبە پێچەوانەی ئەمە مەتریالیزمی دیالەکتیـــك
توانای زانینی جەوهەری شتەکان دەسەلمێنێ ،زانینی یاساکانـــی
گەشەکردنی جیهان.

هێزی زانستەکان چەندە بەرزە . ئەو مرۆڤەی پشت بەوهێزە ببە-
ستێ قەت ناروخێ . ئەگەر توانای زانینی ئەوەمان نەبوایە کە چـــی
لە جیهان ڕوودەدات ، نەمان دەتوانی تیایا بژین و کاربکەین .ئەگەر
زانست نەبوایە قەت مرۆڤ نەی دەتوانی مانگی دەست کردو ڕاکێتـــی
ئاسمانی و وزەی ئەتۆم بێنێتە دەست .

وێڕای ئەمەش خەڵکانی واهەن دەڵێن مرۆڤ لە توانای دانی یە بـــۆ
چونێکی دروستی بۆ جیهان هەبێ ، جیهان بناسێ .

هەر لەکۆنەوە خەڵك دەڵێن زانست ڕوناکی یە. بەلام هەموویـــان
ئەم ڕووناکی یەیان خۆش ناوێت. ئەمە مەسەلەیێکی ڕونە ڕۆشن کرد-
نی جیهان بەبیری بەرزی مرۆڤایەتی واتە بینینی زور شت لە جیهان
و زانینی زور شت دەربارەی وەکارکردنی زۆر تیایە .

ئائەمەیە کە هێزی تاریکی چەوسێنەری گەلان لێی دەترسن، هـــەر
یەکەیان بە پێی خۆی ، ئەویش لەبەر ئەوەیە کە مرۆڤی ئازاد لە بەندا-
یەتی کۆمەلایەتی و رامیاری و هەموو جۆرە بەندایەتی یەکی تردەبێتە
گەورەی خۆی و لەبەر ڕۆشنایی زانستەکان ژیانی خۆی دروست دەکات.
ڕێکەوت نی یە کە ئەو گەلانەی لە ئیمپریالیزم رزگاریان بووە، کـــە
ئینگلیزو فەرەنسی و ئەمریکاییەکانیان دەرکرد، دوای ئەوەیە کـــە ر
دەستیان کرد بە قەلاچوکردنی نەخوێندەواری و روویان کردە زانیاریەکان.
گەرچی هەندێ خەڵك هەن باوەر بە زانیاریەکانی ئێمە ناهێنن. ئەم
خەڵکانە کێن ؟

هەندێ لە فەیلەسوفەکان دەڵێن ناکرێ جیهان بناسرێ .بەمانـــە

ووتراوه (اللاادريين) واته ئەوانەی کە نازانن، ئەمانە لایەنگرانی (نازانستی) (اللامعرفه) (agonsticisme)*

ئەو بەڵگانە چین کە خەڵکانی ڕێبازی (نازانم) (اللاادريين) باسیان دەکەن تا بۆچوونەکانی خۆیانی پێ بسەلمێنن ؟ وە ئایا هیچ بنچینەیان هەیە ؟

ئاشکرایە کە تەنها بەهۆی ئۆرگانەکانی هەست دەرك بە جیهان دەکرێ : بینین ، بیستن ، دەست بەرکەوتن ٠٠٠٠٠ هتد ٠

بەلام وەك خەڵکانی مەزەبی (نازانم) دەڵێن ئەمانە شایەنی باوەڕ پێکردن نین ٠چەندەها جار ئۆرگانەکانی هەست هەڵیان خەڵەتاندوین کەوچکی چا لەناو پیالەی پڕ ئاو شکاوو خوار بۆ ئێمە دیاردەبێ ٠وخانو لە دوورەوە لە قەوارەی خۆی بچووکتر دیاردەبێ لەبەر ئەوە نابێ باوەڕ بە ئۆرگانەکانی هەست بکرێت ٠ ئەمە ئەو ئەنجامەیەکە (اللاادري) یەکان بەدەستیان هێناوە ٠ ئایا لەراستی دا مەسەلەکەوایە ؟

ئەگەر باوەڕ بەقسەی لایەنگرانی (نازانم) بکەین وابیردەکەینەوە کە مرۆڤ بەهیچ کارێك هەڵناسی جگە لە ڕویشتن و بە هیلاکی سەیرکردنی دەوروبەری بەلام لە جەوهەردا مەسەلەکە وانیە ٠ مرۆڤ لە جیهان

---

* لینین (ماتریالیزم و ڕێبازی ڕەخنەی تاقی کردنەوە) لەباسی ئەم بۆچوونە دەڵێ (agonsis) ووشەیەکی یونانی یە : A واتە نە٠٠ (gonsis) زانین دیرایەت ، مەعرفەت ٠ خەڵکانی ئەم مەزەبە دەڵێن نازانین کە واقیعێکی بابەتی هەیە و هەستەکانمان وێنەدەگرێ و ڕەنگی دەداتەوە ، وە دەڵێن ئێمە ئاشکرای دەکەین کە زانینی ئەمە لە توانادا نی یە (ف ـ لینین) دانراوەکانی چاپی ڕووسی جزمی ١٤ لاپەرە ١١٥ ٠

تەنها سەیرکەر نی یە بەڵکو دروست کەرە. لەکاتی کارکردن . لە
کاتی ڕاهێنانی مرۆڤ هەموو شتێکی دەست دەکەوێ کە پێویستە و
زەروورێ بێ بۆ دیقەت دانی [illegible] ئۆرگانەکانی هەست پەنجەیان
بۆ درێژ دەکەن و گەیشتنی بە جەوهەری مەسەلەکە و گەیشتنی بە قووڵا.
یی دیاردە باس کراوەکان . وەلەو نموونەی باسمان کرد تەنها
دەرهێنانی کەوچکەکە لەناو ئاوەکە دەیسەلمێنێ کە کەوچکەکە هیچی
بەسەر نەهاتووە . جیهان

بەم شێوەیە دەبینین کە ئەوەی مەسەلەی زانینی چارەسەر دەکات
تەنها ڕاهێنانە ، جم و جۆڵی ڕۆژانەیە ، ژیانە . لەکاتی کارکردن
جم و جۆڵی بەرهەم هێنانی مرۆڤ دەگاتە جەوهەری جیهانی دەوروبەری
و دەیناسێ.

بەڵام چۆن خەڵك زانیاری دەربارەی جیهانی دەوروبەریان دەست
دەکەوێت .

## ( پلەکانی زانین ـ درجات المعرفه )

بیهێننە بەرچاوتان ئێمە نێرراوین بۆ دیراسەکردنی هەرەوەزێك،
لە کوێوە دەست بەم دیراسەیە دەکەین ؟ سروشتی یە لە تۆمارکردنەوەی ڕوو-
داوەکان دەست پێ دەکەین : ژمارەی کرێکارەکان چەند [illegible] لەهەرەوەزەکە
؟ وە چۆن ڕێگەکانی کشت و کاڵ بەکار دەهێنێ ؟ . [illegible] چی یە
کە بەدەستیان هێناوە ؟ وەچۆن کارەکەرێك خراوە ؟ ، تەنها پاش
ئەمانە دەگەینە ئەنجامێکی دیاری کراو دەربارەی ژیان و کاری
هەرەوەزەکە .

وەبۆ هەر مەسەلەیێك وا دەکەین : هەر یەکێك هەوڵ بدات بۆ دۆزی-
ینەوەی زانینی یا ساکانی سروشت لەسەرەتاوە ڕووداوەکان کۆدەکاتەوە
گەیشتن بەم ئامانجە یان بەهۆی ئاقی کردنەوەیان نیشان دانی سادەیە
بەڵام هەمیشە بەهۆی ئۆرگانەکانی هەست دەبێت : ئەمە پلەی یەکەمی

زانستە ـ زانستی هەست ( المعرفە الحسیە ) یان پێی دەوترێ تیروانینی زیندوو .

کاتێ ژمارەیەکی زۆرتر لە ڕووداوەکان کۆدەکرێنەوە مێشـــکمان شی یان دەکاتەوە و لەگەڵ یەکتر بەراوردیان دەکات وەدەیان هێنێتـــە بەرامبەر یەکتر وە دەگاتە ئەنجامێکی دیاری کراو . ئەمە پێی دەوترێ پلەی دووەم لە زانست : زانستی عەقڵ( المعرفە العقلیە)یان زانستی مەنتیق ( المعرفە المنطقیە ) . بەلام هەردوو پلەی یەکەم و دووەمـی زانست لەسەر بناغەی جم و جوڵی ڕۆژانە دێنە کایەوە . ئێمە ڕووداوەکان شی دەکەینەوە لە ئاستی تاقی کردنەوە، جم و جوڵی ڕۆژانـە، لە ژیان ، لە ڕاهێنان بە پێچەوانەوە پێویستی مان بەو ئەنجامانەیـە کەلەو ڕووداوانە دەردەهێنرێن . ئەمە زەرووریە بۆ ئێمە بۆ ئـــەوەی بتوانین ئەو هەروبژە باشتر بکەین کە دیراسەمان کردبوو ئەوەی داهاتی کشت و کاڵ زیاتر بکەین .

بەم شێوەیە پرۆسەی ( زانست ) لە زانستی هەست و زانســـــتی مەنتیق پێك دێت کە دروست کراون لە سەر بناغەی ڕاهێنان ، جـم و جوڵی ڕۆژانە .( لینین ) دەڵێ : لە تیروانینی زیندووەوە بۆ بیرکردنەوەی موجەرەد ( ڕووت ) وە لەوەوە بۆ ڕاهێنان ، ئەمەیە ڕێبـــازی دیالەکتیك بۆ زانینی ( ڕاستی ) ، بۆ زانینی ریالیزمی بابەتی .

مێژووی زانیاری ئەم ڕووداوەی خوارەوە دەزانێ : جارێکیان نەخۆشێکیان گواستەوەبۆ نەخۆشخانە کە هەموو ئۆرگانە بنچینەیی یەکانی هەست پێ کردنی ئیفلیج بوبوو: بۆن کردن ، بیستن ، بینین ، تام کـردن تەنها هەست لە پێستی دەستێکی بوو . ئەمە تەنها ڕێگە بوو کەبەهۆ بەوە زانیاریەکان دەربارەی جیهان دەگەیشتە نەخۆشەکە . بەلام هـەر چەندە ئەم زانیاریانە کەم بوون زۆربەی کاتەکان نەخۆشەکە لەباری بـێ هۆشی بوو . ئەم بەسەر هاتە نیشانەی چی یە ؟

ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ئۆرگانەکانی هەست وەکو ڕێکەن کە بە هۆی ئەوانەوە زانیاری دەربارەی جیهانی دەوروبەرمان دەگاتە مێشکمان • کارکردنی جیهانی دەرەوە لەسەر ئەم ئۆرگانانە هەستەکان دەبزوێنێ • ئێمە تەنها لەڕێگەی هەست پێ کردن زانیاری دەربارەی جیهانی دەرەوە پەیدا دەکەین •

لەکاتی لەکارکەوتنی تەنها یەکێك لەئۆرگانەکانی هەست ، مرۆڤ دەتوانێ بەنیوەچلی بەهۆی ئۆرگانەکانی تری هەست کاری ئەم ئۆرگانە لەکارکەوتووە ئەنجام بدات •بەڵام ئەگەر ئادەمیزاد لە هەموو ئۆرگانەکانی هەست کردن بێ بەش بێت ، ئەوکاتە بۆی ناکرێ دیراسەی واقع ( ریالیزم )بکات • دەتوانین بەسادەیی بڵێین : ئەوکاتە هیچ دەربارەی جیهان نازانێ • هەست پێ کردن لە ئەنجامی کارکردنی دەوروبەرمانە لەسەر ئۆرگانەکانی هەستمان • هەرلەبەر ئەوەیە کە زانیاری راست و دروستمان دەداتێ دەربارەی جیهانی دەوروبەرمان•

بەڵام بەڵگە چی یە کە هەست کردن بە هەستەکان زانیاری دروستمان دەداتێ دەربارەی جیهان ؟ ئەوەی ئەمە دەسەلمێنێ پێش هەموو شتێك ، راهێنان و جم وجوڵی رۆژانەمانە • ئەگەر سەرجەمی هەست پێکردنەکان زانیاری دروستیان نەبەخشیبایە ، مرۆڤ نەی دەتوانی سوود لە جیهانی دەوروبەری وەربگرێ • لەم بارەدا ئەوشتانەی هەستەکانمان پیان دەڵێن سوودبەخش لەوانەیە زیان بەخش بن بۆلەش • وە بە پێچەوانەوە •

بۆ نموونە ئەگەر مرۆڤ سەیری شتێك بکات ، ئەوا وەك خۆی چۆنە ئاوا دەیبینێ •ئەگەر شتەکە بزێوبێت ، لەسەر ( الشبكية-Retina )ی چاو وێنەی شتێکی بزێو دروست دەبێ • وە ئەگەر شتەکە وەستاوبێت، وێنەی شتێکی وەستاو دروست دەبێت • لەم بارەدا چاو دەبێتە رووناس و رەنگدانەوەی رووداوەکانی جیهان • بەم جۆرە هەموو ئۆرگانەکا-

هەواڵنامەی کتێب

نی هەست کاردەکەن لەمە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە ( اللا ادری)یەکان بەهەڵە چوون کە دەڵێن ئۆرگانەکانی هەست شایەدی جێی باوەر نین.

بەلام کەواتە چی دەکرێ لەگەڵ هەڵخەڵەتانی هەستەکان( خداع الحواس ) کەبێ گومان هەندێ جار روودەدات ؟

لێرە مەسەلەکە بەم شێوەیە : ئەگەر ئێمە تەنها بەهۆی ئۆرگانە-کانی هەست جیهانمان بناسیبایە ،ئەوە تەنها دەرەوەی شتەکانمان دەناسی . بەهەر شێوەیەك بێت هەندێ جار ئەم لایەنە هەڵخەڵەتێنەر دەبێت . بەهۆی ئۆرگانەهەست ئێمە دەڵێین خۆر هەڵدێت و ئاوادەبێت بەلام ئەمە هەڵ خەڵەتێنەرە ، لەسەر هەمان بنچینەدا دەزانین کە ئاو لە پەرداخێك وەك فرمێسك روونە . بەلام لە راستیدا هەزاران زیندە-وەری تیایە وەك ( microb ) . بەهۆی بیرکردنەوە ئێمە لەو شتانە وورد دەبینەوە و لێیان دەکۆڵینەوە کە ئۆرگانەکان هەستی پێ دەکەن مرۆڤ بەهۆی بیرکردنەوە زیاتر لە ئۆرگانەکانی هەست دەروات . ئەمە ئەوە دەگەیێنی کە بیری مرۆڤ هەرچەندە متمانە بە ئۆرگانەکانی هەست دەکات و سوودیان لێ وەردەگرێت ، زیاتر دەچێتە ناو ئەو بارانەی کە ئۆرگانەکانی هەست پەی پێ دەبەن .

سەرنجی ئەم نموونەیە بدەن: فرۆکەوانێکی سۆڤیێتی بە فرۆکەکەی لە زۆر ناوچەکانی یەکێتی سۆڤیەت گەشتی کرد ، هەستی کرد کە جوولەی میلی قیبلە نامە موگناتیسەکەی لەسەر یەکێ لەناوچەکان ئاسایی نەبوو . هەموو جارێ کە فرۆکەکەی دەگەیشتە سەر ئەو ناوچەیە میلە موگناتسەکە لەسەر هێڵی باکور - باشوور لای دەدا .

لەبەر رۆشنایی ئەم راستیانە زاناکان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە لەوانەیە لە قوولایی زەوی ئەم ناوچەیە ( کان ) ی زۆر ئاسن هەبێت کە دەبێتە هوی گۆڕینی نیشانەکانی قیبلە نوماکە . پشکنینی جیولۆجی ئەم راستیەی سەلماند بەم جۆرە کانی زۆری ئاسن لەم ناوچەیە دۆزرا .

یەوە ـ

ئەگەر ئەم دەست کەوتانەی ئۆرگانەکانی هەست لە ئارادانەبونایە کەسی نەیدەتوانی دەرك بەوە بکات کە کەنزێکی بەهادار لەم ناوچەیە خۆی شاردوتەوە ٠هەرچەندە ئەم رووداوە لە ئەنجامی هەست پێ کردنی ئۆرگانەکانی هەست بوو ، بەلام تەنها بەهەستەکان نەبوو ٠ هەستەکان دەبینن و دەبیستن ٠٠٠٠ هتد٠ بەلام زاناکان (کان) ی ئاسنیان نەبینی بەلکو رەوشتی نائاسایی میلی قیبلە نامەکەیان بینی ،واتە رووی دەرەوەی دیاردەکان٠ بەلام (کان) ی ئاسن لە قولایی زەوی خۆی شاردبووەوە ٠

بۆ گەیشتن بە ئەنجامی ئەم رووداوانە بیری مرۆڤ پێویستی بە کارێکی زۆر ئالۆزاو هەبوو٠ بەم شێوەیە بەهۆی بیرکردنەوە ، مرۆڤ دەتوانی ئەنجامیك بەدەست بێنی لە پەیوەندیەکانی ناوەوە ، لەمیاسا. کانی گەشەکردنی دیاردەکان ٠ ئەگەر هەست پێگردنەکان راستەوخۆ مرۆڤ دەبەستنەوە بەو شتانەی کە هەن ، بیرکردنەوە بەشێوەیێکی ناراستەوخۆ رەنگدانەوەی جیهانی دەرەوەیە ئەمە ئەوە دەکەیێنی کە گەیشتنە ئەنجامەکانی بیرلەسەر بناغەی دەست کەوتە ناراستەوخۆ۔ کان دادەرژێن٠ بۆ نموونە ، بۆ ئەوەی بزانرێ ئایا مرۆڤ دەتوانێ بە گەشتێکی ئاسمانی بروات بێ ئەوەی ژیانی خۆی لەدەست بدات، لەسەرەتادا تاقی کردنەوە لەسەر گیاندارکرا :ـ سەگ لەناو راکێت و کەشتی ئاسمانی دانرا ٠ لە ئەنجامی ئەم دەست کەوتانە زاناکان تێگەیشتن کە مرۆڤ دەتوانێ بەکەشتی بروا بۆ ئاسمانی دەرەوە٠ قارەمانیتی یەکەمین گەشتیوانەکان ئەو راستی یەی سەلماند٠

بێ بوونی دیاردەو رووداوەکان هیچ ئەنجام بەدەست ناهێنرێ٠ رووداوەکان ئەو هەوایەن کە زاناکان هەلی دەمژن٠ چۆن ئەنجام لە رووداودا دادەرژرێ ؟

ئەمە لەسایەی ڕەوشتی بەگشتی کردن ( التعمیم ) دادەڕژرێ. ئەم ڕەوشتە لەوە خۆی دەنوێنێ کە بیرکردنەوە لەهەر یەکێك ڕەوشتە سەرەکی یە ، ناوەڕۆکی یەکان کۆدەکاتەوە ، تێ گەیشتن و بیرە گشتیەکان دروست دەکات و ئەنجامی وادا دەڕێژێ کە گرنگی گشتی هەیە بۆ بەشێکی تەواو لە دیاردەکان .

هەستەکان ڕووداو و شتە پێویستەکان دەدەن بەهۆش . لەسەربناغەی ئەوان هۆش تەعمیم و ئەنجامەکان دادەڕێژێ ئەوە پێی دەوترێ پلەی هۆش لە زانست . بێ بوونی هەستەکان مێشك هیچ کارێکی نی یە ؛ وە هەروەها هۆشیش بێ کار دەبێ ، وەبێ ئەوکارە ڕێکەی کە مێشك پێی هەڵدەستێ ، زانستی هەست ( المعرفە الحسیە ) بوونی نی یە. بەم جۆرە زانستی هەست و زانستی هۆش دوو قۆناغی یەك پڕۆسەی لە یەکتر نەترازای زانست پێك دێنن کەلەسەر بناغەی ڕاهێنان و جم و جۆڵی ڕۆژانە تەواو دەبێ . وەناکرێ لەیەکتر جیا بکرێنەوە. بەلام لە مێژووی فەلسەفە زۆر هەولی لەم بابەتە دراوە . هەندێ لە فەیلەسووفەکان دەڵێن مرۆڤ تەنیا بەهۆی هۆش جیهان دەناسێ ، بۆیە بەمانە دەوترێ عەقلانیەکان . وە هەندێکیتر پێچەوانەی ئەوە دەڵێن. وا هەڵدەبەستن کە جیهان تەنیا بەهۆی هەستەکان دەناسرێ بەمانە دەوترێ ( الحسیون ) .

ناتەواوی عەقلانیەکان لەوە خۆ دەنوێنێ کە ئەوان دەستکەوتەکانی هەستەکان و تاقی کردنەوەی خەڵك پشت گوێ دەخەن و بەلاوەی دەنێن. لە ڕاستیدا ژیری ( عقل ) زانیاری تازە نادا بەدەستەوە ئەگەر بە تاقی کردنەوەی خەڵك پشت گیری لێ نەکرێ و بەو بۆ چوونانەدەولەمەند نەکرێ کە لەسەر بناغەی زانستی هەست بەدەست هاتوون.

بەلام هەرکەسێك وەك ( الحسیین - ئەوانەی پێڕەوی هەست پێکردن دەکەن ) بەهەڵە دادەچێ ئەگەر وابزانێ کە تاقی کردنەوەی کەسایەتی-

یان دەرك پێ کردنی ڕاستەوخۆی ریالیزم بەهۆی ئۆرگانەکانی هەست - پێ کردن ، ئەگەر وابزانی تەنها ئەمانە دەتوانن زانیاریان دەربارەی جیهانی دەوروبەر بدەنێ[٢] .

دەبینین کە ناکرێ گرنگی تەنها بدرێ بەیەکێ لە دووپلەکەی زانست و ڕۆڵی پلەکەی تریشی پشت گوێ بخرێ لە پرۆسەی زانست . لە پرۆسەی زانست هەردووجۆری زانست : زانستی ژیری و زانستی هەست ، ئەمانە هەردووکیان هەمان رادەی گرنگیان هەیە . هیچ یەکیان بێ ئەویتر بوونی نی یە . لەوە دەگەینە ئەو ئەنجامە گرنگە کە دەڵێ : بیردۆزو ڕاهێنان یەك دەگرن وەلە یەکیەتی دان .

( ڕۆڵی ڕاهێنان لە زانست - دور التطبیق فی المعرفه )

زانستی هەست و زانستی ژیری لە بواری ڕاهێنان و جم و جۆڵی ڕۆژانە تەواو دەبن . ئەگەر خەڵك بە هیچ کارێك هەڵنەستابوونایە . قەت نەدەکرا هیچ زانستیان هەبوایا ، نەك هەر ئەوە بەڵکو نەیان دەتوانی مان و ژیانی خۆیان مسۆگەر بکەن . ئەوکاتەی ئادەمیزاد لە جیهانی گیان جیابووە ، هیچ زانستێکی تیوری نەبوو دەربارەی گەشە-کردنی سروشت ، بەڵام هەوڵی زۆریان دەدا بۆ گەران بەدوای خۆراك و جێگای حەوانەوەیان بۆ خۆیان دروست دەکرد و فێری جل دروست کردن دەبوون . وەلە تاقی کردنەوەی ڕۆژانە ئادەمیزاد فێری هەموو ئەو شتانە بوو کە پێویستی پێیان بوو .

ئەمە تاقی کردنەوەی ڕۆژانە دەی سەلمێنێ . مرۆڤ لەدایك دەبێ بێ ئەوەی هیچ زانستێکی هەبێ بە پێی ڕادەی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ دیاردەکانی دەوروبەری زانست وەردەگرێ ، لەکاتی ڕاهێنان، لە کاتی جم و جۆڵی ڕۆژانە . کاتی مندال خۆی هیلاك دەکا بەدەست درێژکردن بۆ ئاگر ، تاکو ئاگرەکە بگرێ . تا ئەوکاتە رەوشتەکانی

ئاگر نازانێ ، بەلام بە زوویی لە تاقی کردنەوەی خۆی شارەزای رەو-
شتی ئاگر دەبێ ، واز لە هەول دان دێنێ بۆ نزیك بوونەوە لە ئاگـر ،
زانستێکی دیاری کراو وەردەگرێ .

بەلام ئەوە ئەوە ناگەیێنێ کە تەنها تاقی کردنەوەی کەسایەتـی
دێتە کوڕی راهێنان بۆ ئەو کەسە . لەجم و جۆلمان تەنها سوود لـە
تاقی کردنەوەی خۆمان وەرناگرین بەلکو سوود لەتاقی کردنەوەی خە-
لکانی تریش وەردەگرین ، واتە لە تاقی کردنەوەی کومەلایەتی مروڤا.
یەتی و بەتێکرایی . راهێنانی کۆمەلایەتی بریتی یە لەسەر جەمـی
جم و جۆلی خەلك کە بەهۆیەوە کاردەکەنە سەر جیهانی مەتریالیست
و دەی گۆڕن ، لەوە مەبەستمان جم و جۆلی بەرهەم هێنانە ، خەباتـی
چینایەتی ، بزووتنەوەی رزگاری خوازی نیشتمانی ، بنیات نانـی
سۆسیالیزم ، تاقی کردنەوەی زانستی ... هتد .

هەموو زانستەکان لە رابردوو ، ئێستا و داهاتوو لە کۆتایی دادەست
کەوتی راهێنانی کۆمەلایەتی مرۆڤایەتین. ئەمە لە دەست کەوتەکانی
مێژووی زانیاری روون دەبێتەوە .

بۆ نموونە چۆن ئەندازیاری پەیدا بووە ؟ لە زۆر کۆنەوە خەلـك
زەوی دەکێلن و خانوو دروست دەکەن ، بەبەردەوامی رووبەڕووی ئـەوە
دەبنەوە کە پێویستیان بە ئەندازە گرتنی پارچە زەوی جیا جیا هەیـە
لە باری شێوەو رووبەر . لە دووایی بۆیان دەرکەوت کە هەندێ ڕێگـەی
گشتی هەن دەگونجێن بۆ پێوان و ئەندازە گرتنی هەر پارچە زەوییێـك
ئەگەر شێوەیێکی دیاری کراوی هەبێت : ئەگەر رووەکەی سێ گوشەبێت
یان چوار گوشە بێت ... هتد . بەم جۆرە هەر زانیارییێك پەیدادەبێت
و دەبێت بە ( تەعمیم ) بۆ راهێنان .

بەم جۆرە زانستی زانیاری و تیوری لە راهێنانی پراکتیك پەیـدا
دەبن کە بناغەی زانستە . راهێنان، جم و جۆلی رۆژانە ، نەك هـەر

بناغەی زانستی بەڵکو هەروەها هێزی بزوێنەری زانستی ، بۆ نموونە ئەگەر ژیان گرنگی دۆزینەوەی باشترین ڕێگەی دانا بۆ کشت و کاڵ ، ئەو گرنگیەی کە ڕاهێنان دای ناوە دەبێتە بزوێنەرێکی گەورە بۆ گەشە پێدانی زانیاری کشت و کاڵ .

لینین فێرمان دەکات کە دەبێ دیدی ژیان ، دیدی ڕاهێنانی جم و جۆڵی ڕۆژانە دیدی یەکەمین و بنچینەیی بێت بۆ بیرۆزی زانست ( نظریة المعرفه )

بەلام ، ئایا ئەمە لە گرنگی بیردۆز و زانیاری کەم ناکاتەوە لە جم وجۆلی بەرهەم هێنان یان شۆڕشگێڕی ؟

( ریڤیژنیستەکان - لادەرەکان ) ، دوژمنانی مارکسیزم هەوڵ دەدەن کە بیسەلمێنن مارکسیستە لینینیستەکان دان نانێن بە ڕۆڵی بیردۆزەوە هەر لەگرنگی یەکەمین ڕاهێنان دەدوێن بۆ زانست : ئەوان مارکسیتەکان بەگیانی تەسکی پراکتیك تاوان باردەکەن ... پشت گوێ خستنی بیردۆز . بەلام ئەمە هەمووی شتێکی ... بە تێکرایی پارتە مارکسیستە - لینینستەکان گرنگی بە بیردۆزو تیۆری دەدەن . لینین وافێرمان دەکات کە بیردۆز ڕێگای پراکتیك و ڕاهێنان دەکاتەوە .

بۆیە دان نان تەنها بەگرنگی ڕاهێنان یان تەنها بەبیردۆز کارێکی نامۆیە بۆ مەتریالیزمی دیالەکتیك .

یەك گرتنێکی دیالەکتیکانە هەیە لە نێوان بیردۆزو پراکتیك وە ناکرێ لە یەکتر جیا بکرێنەوە . بیردۆز لە ڕاهێنان پەیدا دەبێ وەلە هەمان کات لە ڕاژەی ڕاهێنان دایە بەلام بێ بوونی بیردۆزێکی شۆڕشگێڕانە ناکرێ ڕاهێنانێکی شۆڕشگێڕانە بێتەکایەوە هەروەها بێ ڕاهێنان بیردۆز مردووە ، بەندەکانی بیردۆز وەك بارێکی مردوو دەبن بەلام بیردۆزێکی زانستیانە ناکرێ سەرکردایەتی لێ هاتوو بکرێت



هەواڵنامەی کتێب

بۆ دەزگا ، بۆ هەرەوەز ، وەبۆ هەمووو ولات بە تێکڕایی .

لەمە دەردەکەوێ کە ناکرێ پسپۆرێکی لێ هاتوو شارەزا لە بیردۆزەکان هەبێت ئەگەر خەریکی خوێندنەکەی بێ بێ جم و جۆلی پراکتیك ، بێ بەرهەم هێنان . ئەو کاتەی پسپۆری دووا ڕۆژ هەولی زۆر دەدات لەبەرهەم هێنان وە دەبێتە خاوەنی تاقی کردنەوەو ڕەوشتی دیاری کراو ، تەنها لەوکاتە زانیاریە تیوری یەکان ڕەگی بێ هێزیان دەبێت ، ئەمە ژیان دەی سەلمێنێ .

بەم جۆرە یەکگرتنی پتەوی بیردۆزو پراکتیك ( ڕاهێنان ) ئەنجامێکی زور گرنگە لە بیردۆزی زانستی مارکسیزم هەلێنجراوە . خەلك بەرە بەرە لاپەڕە دوای لاپەڕە پەرتووکی سروشت دەخوێننەوەو شارەزای دەبن .

بۆ نموونە بۆ چەندەها سەدە لایەکەی تری مانگ بە نەزانراوی مایە . بەلکوو فەیلەسووفی وا هەبوون کە بەزەقی دەیان ووت مرۆڤ ناتوانێ نهێنی یەکانی دیوەکەی تری مانگ بدۆزێتەوە . بەلام دەرکەوت بەهیچ شێوەیێك وانەبوو . سۆڤێتییەکان دەزگایەکی خۆرسکی ئاسمانیان دروست کرد کە لەدەوری مانگ سوورایەوە ووێنەی دیوە نادیارەکەی مانگی گرت لە زەوی یەوە . ئەم دەسکەوتەی زانیاری بەدەستی هێنا بەر پەچ دانەوێیێکی تری (اللا ادری) یەکان بوو . لەمەودوا کێ بە (اللا ادری ) یەکان باوەڕدەکات کە دەلێن : شتێك هەیە بەناوی سنوور بۆ زانست ، لە کاتێکا مرۆڤ جەرگی ئاسمانی دری و زانیاری یەکانی خۆی فراوان تر کرد دەربارەی جیهان .

مرۆڤایەتی کۆسپ بەدوای کوسپ بەجێ دێلێ لە زانینی بۆ سروشت . گەشبینی ڕەوشتی قوولی فەلسەفەی مارکسیزم - لینیزم بەوەوەبەندە ، هەروەها ڕەوشتە زیندووە چەسپاوەکەی و باوەڕی قوولی بە ژیری مرۆڤ .

لەمانە هەموو وا دەردەکەوێ کە زانستی مرۆڤایەتی لە نازانستە.
وە گەشە دەکات ، بۆ ( زانست ) ، لە زانستی نا کاملەوە بۆ زانستی تەواو تر بە هەمیشەیی و زیادەتر •
ئێمە کاتێ جیهان دەناسین کە ڕاستی دەربارەی جیهان دەزانین و زانستە ڕاستەکان دەزانین •

( ڕاستی چی یە ؟ )

لە ژیانی ڕۆژانە بۆمان ئاشکرایە کە ئێمە (زانستی ڕاست ) بەو زانستە دەڵێین کە خەیاڵ نەی هۆناوەتەوە ، بەڵکو ئەوەی کەلەگەڵ ژیان دەگونجێ • ڕاستی بە پێچەوانەی هەڵەو چەوتی یە • قسەکانمان درۆن ئەگەر بۆ سەلماندنی ئەو کارانە بوون کە لەراستیدا لە ئارادا-نین و لە ژیانی ڕاستەقینەدا نین • لە سەر ئەم بنچینەیە بۆچوونی مەتریالیستانە بۆ ( ڕاستی ) دادەڕژێ •
بەم جۆرە ، لەبەر ئەوەی زانستەکانی مرۆڤایەتی ڕاست نابن ئەگەر کت و مت وەك واقیع نەبن ، بۆیە بەندنین بە مەیل و زەوقی خەڵك • گرنگترین بیرۆکە ( فکرة ) دەربارەی ڕاستی بەمەوە بەندە • فەلسەفەی مارکسیزم بۆ یەکەم جار ئەم بیرۆکەی خستە ئاراوەو شی کردەوە •
لینین لە پەرتووکی (مەتریالیزم و مەزهەبی رەخنەی تاقی کردنە-وە )(ڕاستی بابەتی)بەو بۆچونانەی مرۆڤایەتی دەڵێ کە بە زات و مروڤایەتی بەند نین •
دەبێ چوێن لەوە بگەین ؟ ئایا ڕاستی بریتی یە لە خودی سروشت لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی بابەتی هەیەو سەربەخۆ یە لە مرۆڤ و مرۆ-ڤایەتی ؟
نەخێر ، تێگەیشتنی ( ڕاستی ) بەم شێوەیە هەڵەیە ، ئەوەی کە هەیە ناشێ نەڕاستی بێ و نەدرۆ ، بەڵکو تەنها هەیە • ئەوەی کەڕاستە یان

درۆ زانست و بیرو رای خەلکە دەربارەی ئەو شتەی کەهەیە ، بەلام ریالیزم وانی یە ۰

لەوانەیە پرسیارێکی تر بێتە بەردەم ، ئەگەر ڕاستی بریتی یە لە زانستەکانی خەلك ، کەواتە بۆچی دەلیین بەند نی یە بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی ؟ ئایا خەلك بەهۆی کارو باسە زانیاری یەکانیان نابنە خاوەنی زانیاریە زانستی یەکان ؟ هەندێ کەس بەم شێوەی خوارەوە حوکم دەدەن : مادام ( ڕاستی ) نی یە بێ مرۆڤ ، ڕاستی بابەتیش بوونی نی یە ، ڕاستی هەمیشە زاتی یە و بەندە بە مرۆڤ ۰ بەلام حوکم دان ڕاست نی یە ۰

بێ مرۆڤ ( ڕاستی ) بوونی نی یە ۰ بەلام ئەوەی ناوەرۆکەکەی پێك دێنێ بەند نی یە بە مرۆڤ ۰ ئارەزووی خەلك ڕاستی قسەکانیان دیاری ناکات ۰ بەلکو لەیەك چوونیان لەگەل ریالیزمی بابەتی دیاریان دەکات ، لەبەر ئەو هۆیە لینین دەلێ : ڕاستی بابەتی بەند نی یە بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی واتە بەند نی یە بە زەوقی خەلك ۰ مرۆڤ ڕاستی پەیدا ناکات بەلکودەبێتە ڕەنگ دانەوەی ڕاستی شان بەشان لەگەل ئەوەی کە ریالیزمی بابەتی هەیە ، لەوە دەردەکەوێ کە گرنگە لە ژیان و جم و جۆلی ڕۆژانەمان پشت بەو قسەو حوکم دانانە ببەستین کە لەگەل ڕیالیزم دەگونجێن ۰ بەلام چی ئەوە بۆ خەلك مسۆگەر دەکات کە زانستەکەیان ڕاستیێ و لەگەل ریالیزم دەگونجێن ؟ واتە چی پێوانە یە ( معیار ) ە بۆ دروستی زانستەکان ؟

هەندێ لە فەیلەسووفە بورژواکان دەلێن : بیرۆکە دەبێتە ڕاستی ئەگەر سوودبەخش بێت بۆ خەلك ۰ ئەم فەیلەسووفانە بەخۆیان دەلێن ( الذرائعیون ) ، لایەن گرانی مەزهەبی پراکتیك ، ( پراگماتیزم ) ۰ بە یونانی ووشەی ( pragma ) واتە کار ، کردار ۰ پێوانەی ڕاستی کە پەنجەی بۆ دریژ دەکەن شتێکی بابەتی نی یە بەلکو ( ذاتی ) یە ۰

ئاشكرایە بیردۆز یان بیرۆكەی درۆ هەن كە ئەوانەیە زۆر سوودبەخش بێ بۆ مرۆڤێك یان بۆ چینێك . بۆ نموونە لەبیرە ئاشكرا پووچەڵەكان بیری نامەی شارستانیەتی كۆلۆنیالیستەكانە . ئەوە سوود بەخشە بۆ چەوسێنەرانی گەل ، بەڵام ئەوە درۆیە .

بەڵام ئایا بیردۆزە ڕاستەكان سوود بەخش نین ؟

ئایا بەندەكانی فیزیاو ماتماتیك لە ڕاژەی ئامانجەكانی ئێمەنین؟ بێگومان ئەمانە سوود بەخشن بۆ خەڵك . بەڵام ئەم بیردۆزانە ڕاستی نین لەبەر ئەوەی سوود بەخشن . بەڵكو بە پێچەوانەوە ئەوانە سوود بەخشن بۆ خەڵك لەبەر ئەوەی ڕاستین . و بەدروستی ڕەنگدانەوەی جیهانی ریالیزمن .

فەیلەسووفی تر دەڵێن ڕاستی ئەوەیە كە هەموو خەڵك یان زۆربەی خەڵك یەك ڕایان دەربارەی ببێ . ئەوشتە بە پێوانەی ڕاستی دەژمێردرێ . بەڵام ئەم پێوانەیە ... یە ( ذاتی ) یە . جیاوازی یەكی زۆری نی یە ئەگەر ڕاستی بە پێی ئارەزووی هەندێ خەڵك یان زۆربەی خەڵك دابنرێ . هەندێ بارودۆخ هەن نەك هەر خەڵك هەڵەی تیاناكەن بەڵكو زۆر خەڵك هەڵەی تیادەكەن .

كەواتە كوا ئەو پێوانە بابەتی یە لە كوێ یە ؟

ئەم پێوانەیە ڕاهێنانی كۆمەڵایەتی یە . جم و جۆڵی خەڵك تەنها ڕێگەیە بۆ تاقیكردنەوەی درۆ و ڕاستی ڕاو بیردۆزەكان .

ئەگەر ڕاهێنان ئەو زانیاریانەی سەلماند كە لە ئەنجامی دیرامەكردنی ڕیالیزمن ، ئەمە ئەوە دەگەیێنێ كە ڕاكێتی سۆڤێتی بۆ مانگ بەووردی دیراسەكرابوو هەتا لە باری خولەو چەرخەكەوە . كە ڕاكێتەكە لە كاتی دیاری كراو لە شوێنی دیاری كراو نیشتەوە . ئەمە بەڵگەبوو بۆ دروستی پێوانەكانی زاناكانی سوڤیێت . بەڵام ئەو بیردۆزانەی كە بەرگەی تاقیكردنەوە ناگرن لە ژیان ، لە ڕاهێنان ، بە

پێچەوانە ئەمانە درۆن . بۆ نموونە ئەو بیردۆزانەی هەول دەدەن هەتا سەریی سەرمایەداری بسەلمێنن ئەوانە بەرگەی تاقیکردنەوەی ژیان و ڕاهێنان ناگرن . ڕاهێنان لای زۆر لە میللەتان ئەم بیردۆزانەی بە درو خستوتەوە .

بۆچی ڕاستی زانستەکانمان بەهوێ ڕاهینان تاقی دەکەینەوە ؟

بۆ تێگەیشتنی ئەمە دەبێ ئەوەی خوارەوە ڕەچاوبکەین . بۆ خۆتێ هەل قورتاندنێکی نارەوا ئێمە ڕیالیزم ناناسین کەبێ سوودە . بیری داهێنەرو زانا نرخی نابێ ئەگەر لەژیان نەبەکاربهێنرێ . بەلام ئایا دەتوانرێ هەر بیرێك بهێنرێتە دی ؟

نەخێر تەنها بیری ( ڕاست ) ی . ناشێ بیرە درۆکان مەشق بکرێن لەبەر ئەوەی، لەگەل ڕیالیزم ناگونجێن . هەر لەبەر ئەم هۆیە یە ئێمە ڕاستی زانستەکانمان بەڕاهێنان تاقی دەکەینەوە .

بەم شێوەیە ئەوەی ڕاهینان دەیسەلمێنێ لەگەل ڕیالیزم دەگونجێ و هەر بەحوکمی ئەم لە پراکتیك دەهێنرێتەدی .

بۆ نموونە لەکاتی هەلسەنگاندنی جم وجۆلی بەرهەم هێنان و ئابووری و رامیاری ، پێویستە پەنابەرینە بەر یەك پێوانە : ئەنجامە پراکتیکەکانی ئەم جم وجۆلە چین ؟ لەم بارانە ژیان بەرزترین دادپرسە . ئەگەر ریالیزم بۆ چوونو پێوانەکانی ئێمەی بە پووچەل دەرخست دەبێ ئەو ئازایەتیەمان تیابێ کەوازیان لێ بێنین ، وەپێویستە بە قوول کردنی زانیاری یەکانمان وایان لێبکەین لەگەل تاقی کردنەوە و ڕاهێنان بگونجێن . بەلام کە ئێمە ئامادە نەبین ڕوداوەکانی ژیان ڕەچاوبکەین ، هەمیشە تووشی باری ناخۆش دەبین .

بەمە ڕوونمان کردەوە کە ڕاهێنان و پراکتیك پێوانەی ڕاستین وە سەرچاوەو ئامانجی زانستن.

وە ئێستا پێویستە ئەو مەسەلەیە ڕوون بکەینەوە کە چۆن ڕاستی

بابەتی ( الحقیقە الموضوعیە ) دەزانین ؟ ئایا بەیەك جارەكی یان بە تێكرایی دەی زانین یان بەش بەش ؟

بەتێكرایی زانیاری ناتوانی كۆتایی بە پرۆسەی زانستی بێنێ ، مێژووی زانیاری روونی دەكاتەوە كەهیچ راستی یەكی زانیاری بەیەك جار نەدۆزراوەتەوە ، بەرەبەرە ، هەنگاو دوای هەنگاو . هۆی ئەمە چی یە ؟

هەر مرۆڤێك بەهۆی ئەو شتانەی كە لەكۆمەڵ دەستی دەكەوێ دیراسەی واقیع دەكات .

زەمانێ هەبووە كە تەنانەت تەرازووی سادەو تەرمومەتریان نەبوو ، جگە لە میكروسكۆپ و تەلیسكوپ ... هتد . ئەمە سنووری بۆ توانای زانینی جیهان دانابوو ، بەلام ئێستا زانیاری بە ئامێری یەكجار ئالۆزاو چەكدار بووە . بەلام ئایا گومان لەوە دەكرێ كە دەسگاكان لە دووا رۆژ ووردتر و بەدیقەت تر دەبن ؟ وە خەلك لە ئێستا زیاتر دەربارەی سروشت دەزانن ؟

بەلام لەبەر ئەوەی زانستەكان تەواو وكامل نین ، و هەموویان رێژەیین . ئایا راستی موطلق هەیە ؟ واتە راستی كامل و تەواو كە دەربارەی هەموو شتێك بێت ؟

هەندی لە فەیلەسووفەكان بەم شێوەی خوارەوە وەلامی ئەم پرسیارە دەدەنەوە : راستی موطلق لە ئارادانی یە ، ئەوانەی هەن تەنیا راستی رێژەیین لە زانستەكانمان هەموو شتێك تێدەپەرێ و دەروا . هیچ شتێك هەمیشەیی نی یە . لەبەر ئەوە بەم فەیلەسووفانە دەوترێ ( رێژەیی ) - یەكان ، ( النسبیین ) .

هەندی فەیلەسوفی تر بەشێوەیێكی جیالەوانەحوكم دەدەن: ئەوانە دەلێن ئەو راستی یانەی كە پیرو كەفت دەبن و پێویستیان بە چاك كردنەوە و دیراسەی زیاد هەیە ، ئەمانە قەت راستی نین. ئێمە تەنها

باسی راستی یە کامڵ و موتڵەقان دەکەین ٠ ئەو ئەو فەیلەسووفانەی بەم شێوە حوکم دەدەن پێ یان دەوترێ ( دۆگماتی یەکان ) ،واتە ئەوانە ی بیروراکانیان وەك بەرد رەقە ٠ لای ئەوان راستی یەکان وەك عەقیدە و حوکم وان کە قەت ناگۆڕێن ومیەك جار حوکم دراون ٠

ئەوان دەڵێن : قەت ناشێ گومان لەوەبکرێ کە ئەنجامی ٢×٢=٤ ، وەتا سەر هەر چواردەبێ ،وەکۆی گۆشەکانی سێ گۆشە هەمیشە لە رابردوو ، وەلە ئایندەش هەردەکاتە دووگۆشەی وەستاو ٠وە پاریس لە فەرەنسایە ٠ ئەوانە راستی ئەبەدین ، واتە راستی یە موتڵەقەکان٠

بەلام ئایا راستی وا هەن ؟

بەڵێ ئەم راستی یانە هەن ٠ لەو زانیاریانە کەتایبەتن بە سروشتی مردوو ، بۆ نموونە لەماتماتیك ، زانیاری ئەستێرەناسی و میکانیك.
لەراستیدا ئەم جۆرە راستی یانە لێرە دەبینین ، وەك ٢×٢= ٤٠بەلام تەنانەت لەو زانیاریانەی پێ یان دەوترێ زانیاری یە ووردەکان،هەموو حوکمەکان بەو پلەیە ئەبەدی نین وەك دوگماتیەکان بیری لێ دەکەنەوە لە زانیاری ئەستێرەناسی و فیزیا و کیمیا ، سەدان (Hypothesis) ، (الفرضیە ) هەن کە گەشەکردنی ئایندەی زانیاری بەدرۆیان دەخاتەوە٠

بەلام ئایا راستی زانیاری ئەبەدی نی یە ؟

واتە ئەو زانیاری یە کە ناکرێ لەداهاتوو بەدرۆ بخرێتەوە٠مەتریا-لیزمی دیالەکتیك دان بەبوونی ئەم جۆرە راستی یە دەنێ ٠ بەلام بۆ تێگەیشتنی ئەمە پێش هەمووشتێك دەبێ قسەی ( لینین ) بێنینەوە یاد کە دەڵێ : راستی پرۆسەیە ٠ ناکرێ والەراستی بگەین کەبەتێکرایی تەواوکەری هەموو سروشتە و هەموو شتێك دەگرێتەوە٠ پرۆسەی دەرك کردن بەراستی مطلەق کاری چرکەیێك نی یە ، بەڵکو رێگایێکە بۆ زانست ، ئالوز ومێژوویی یە ، بێ کۆتایی یە ، مرۆڤایەتی ناتوانێ تەواوی بکات و ئەنجامی بدات ٠

پرۆسەی دەرك كردن بەراستی یە مطلەقەكان بەرێگەی كۆكردنەوەی راستی یە رێژەیی یەكان دەبێ ، بەرەبەرە كۆدەبێتەوە ، مرۆڤ لە زانستی سروشت نزیك دەبێتەوە ، زانینی دیاردەو یاساكانی • هەرو-ها گشت لەبەشەكانی پێك دێت ، راستی مطلەقیش لە راستی یە رێژەیی یەكان پێك دێت لە پرۆسەیێكی بێ كۆتایی لە گەشەكردنی زانست •

ئەم جۆرە تێگەیشتنەی راستی مطلق - كە ئەنجامی راستی یە رێژەیی یەكانە لە پرۆسەی گەشەكردنی دا — ئاراستەكراوە دژی هاوێر كردنی میتافیزیانە لە نێوان راستی مطلق و راستی رێژەیی • كاتێ ئێمە دەرك بەراستی یە رێژەیی كان دەكەین لە زانستمان دا ،لەهەمان كات دا ووردە شتی بە نرخی راستی مطلق مان بەدەست دەكەوێ •

بە لایەنی كەمی باسەیری ئەم نموونەیە بكەین • پێش زیاتر لە دوو هەزار سال خەلك وایان دەزانی كە گشت تەنەكان لە تەنۆكەی ووردپێك هاتوون كە لەت نابن - ئەتوم • بەلام ئێستا زانیاری سەلماندوویەتی كە راستە تەنەكان لە ئەتوم پیك دێن بەلام ئەم ئەتۆمانەش لەت دەبن • ئەمە ئەوە دەگەیێنی كە بۆچوونی پێشینان راستی یەكی رێژەیی بووە • بەلام ئەم راستی یە هەندێ راستی موطلەقی تیابوو ئەویش ئەوەیە كە راستە ئەتۆمەكان هەن بەلام ئەم ئەتۆمانە لەتەنۆكەی بچووكتر پێك دێن ، بەلام ئەمە ئەوەناگەیێنی كە زانیاری توانای نامینێ لەم بارەدا • پێك هاتنی ئەتوم زۆر قولتر دیراسە دەكرێ • وەبێ گومان بیردۆزی ئەتۆمیش گەشەدەكات • لێرە بۆمان دەردەكەوێ كە هەر راستی یەكی رێژەیی هەندێ راستی موتلەقی تیایە •

بەم جۆرە راستی موتلەق بەیەك جار شارەزانابین ، بەلكو بەرە بەرە ، بەهۆی زانینی راستی یە رێژەیی یەكان • بەلام سەرجەمی راستی یە رێژەیی یەكان لە گەشەكردنی دا ، زانستێكی قوولی

موتلەقی تەواومان دەداتی دەربارەی تێگرای سروشت یان دەربارەی لایەك لە ریالیزمی بابەتی .

مەتریالیزمی دیالەکتیك فێرمان دەکات کە راستی هەمیشە هەست پی دەکری .

راستی هەست پی کراو ئەوەیە کەبەدروستی جەوهەری هەندی دیاردە و ئەو بارانەی کە تیایە گەشەدەکات رەنگ دەداتەوە . بەپێچەوانەی ئەمە راستی موجەرەد گرنگی نادات بەبارە هەست پێکراوەکە و ئەو بارانەی دیاردەکان تیایا گەشەدەکەن . عەقائیدی یە دینداریەکان بەم شێوەیە بیردەکەنەوە . بۆ نموونە ناکری بەشێوەیێکی موجەرەد وەلامی ئەو پرسیارەی خوارەوە بدەینەوە : خەبات دەبی چۆن بکری لە پێناوی ئاشتی و دیموکراسی ؟ ناشی وەلامی دروستمان بۆ ئەم پرسیارە دەست بکەوی ئەگەر ئەوبارانە روون نەکرێنەوە کە خەباتەکەی تیا دەکری . لە ولاتانی رزگاربوو لە زولمی سەرمایەداری بارەکانی خەبات لەو ولاتانەی تائێستا بەردەوامن لە خەبات بۆ رزگار بوون ... هتد .

بۆیە مارکسیزم هەمیشە پێویست دەکات ئەو بارو دۆخانە رەچاو بکرێن کە جم و جۆلی ئێمەی تیایە . لێرە جەوهەری هەلوێستی مێژوویی لە دیاردەکانی ریالیزم دەردەکەوی .

ئەمانەن پێویستیەکانی بیردوزی زانست لە مەتریالیزمی دیالەکتیك .

## کۆتایی

لە چەرخی مێژوویی ئێستا کە تیایا گواستنەوەی سەرمایەداری بۆ سوشیالیزم روودەدات ، بەرادەیێکی بەرز گەلانی جیهان بەرەو مەزەبی مارکسیزم ـ لینینزم دەرۆن .

هەواڵنامەی کتێب

زۆر لە گەلانی جیهان کۆمەڵگای سۆشیالیزم بنیاد دەنێن کە کاری بەرزو راستەقینە و پێویستە. ئەمە نەك هەر بەرەو سەرکەوتنە بەرزەکە دەروا بەڵکو هەروەها تووشی ناخۆشی یەکانی گەشەکردنی رۆژانەش دەبێت . ئەم بارودۆخانە پێویستیان بە زانستی قووڵی زانیاری هاوچەرخیان هەیە . بەلام ئەمە تەواو نی یە بۆ بیناکردنی قەلای رۆشنی کۆمۆنیزم . کردارو دەست کەوتە بەرزەکان پێویستیان بەبەرزترین ورە هەیە ، ووزەی تێکرای گەل . هەروەها بێ باوەرکردن بەرەوشتە بەرزەکانی سۆشیالیزم ، ئاشێ ئەوکارە بەرزانە بەدەست بێنن کەلە پرۆسەی بیناکردنی سۆشیالیزم وەدەست دەهێنرێن . ئەم باوەرە ناوخۆیی یە ، ئەم ئامادەیی یە بۆ رەخساندنی هەموو هێزێك بۆ چاکەی گەل و سۆشیالیزم ، ئەمە بریتی یە لە پەروەردەی فەلسەفەی مارکسیزم ـ لینینزم ـ مەتریالیزمی دیالەکتیك .

مەتریالیزمی دیالەکتیك ، دیدی زانستانە بۆ جیهان ، باوەری پتەو پەروەردە دەکات بە هەمیشە سەرکەوتنی سۆشیالیزم لە هەموو جیهان . ئەم باوەرە بێ گرنگی نی یە ، بێ سوود نی یە . ئەم باوەرە هەلقولاوی زانینی یاسا گشتی یەکانی گەشەکردنی کۆمەلایەتی یە

ئەمرۆ بلاوبوونەوەی فەلسەفەی مارکسیزم ـ لینینزم روودە لە بارێکی پر لە ململانەی سەخت دژی فەلسەفەی بورژوای هاوچەرخ .

فەلسەفەی مارکسیزم ـ لینینزم حەتمیەتی لەناوچوونی ئیمپریالیزم دەسەلمێنێ ، ئەم سیستەمە کۆنە بۆگەنە ، سوورە لەسەر سەرکەوتنی سیستەمی کۆمەلایەتی تازە لەسەر زەوی . ئەمەوا لەبورژوا دەکات کە بین بەیەك بەرە بۆ بەرگری کردن لەسیستەمە کۆنەکان وەدژی بیرە پیشکەوتنخوازەکان بجەنگن .

رەگەکانی فەلسەفەی مارکسیزم قوول بوونەتەوە لە ژیان وریالیزم و راهێنان .قیبلەنامەو رابەرن لە ژیانی رۆژانە وجموجۆلی رۆژانە

که مارکسیزم ـ لینینزم دۆزیویەتی یەوە وە بەپێی یاسا زەقەکانـــــی مێژوو ، ئەمڕۆ ژیانی تازەی گەلانی وو لاتە سۆشیالیستەکان شوێنـی سەرمایەداری گۆڕبەگوڕیان گرتووە ؛ وە و لاتانی ڕزگار بوو لەدەسە- لاتی ڕامیاری ، ئابووری و فەرهەنگی ئیمپریالیزم دەستیان کـر دووە بە بیناکردنی ژیانی تازە .

تـەواو

١٩٨٧/٧/٤

Uppsala

هەواڵنامەی کتێب

## سوپاس

١- زۆر سوپاسی کاک موەفەق دەرگەڵەیی دەکەم کە تەواوی ئەم کتێبەی بە خەتە خۆشەکەی بۆ پاکنووس کردم ٠

٢- زۆرسوپاسی ( بنکەی هەنگاو بۆ بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری کوردی ) دەکەم کە ئەرکی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمەی گرتە ئەستۆی خۆی ٠

دکتۆر مەجید

هەواڵنامەی کتێب